# كرۆنۆلۆژیای رووداوەكانی ساڵی 2004

هاوڕێ باخەوان
30-12-2004

ئەم دۆكومێنتەبەشێوەیەكی ئۆتۆماتیكی لەبەرنامەی هاوڕێنامەوە درووستكراوە
هاوڕێنامە بۆ مێژووی كوردستان و كورد
ڤێرشنی: 1.2.1
بۆ بینینی رووداوی زۆرتر سەردانی وێبی باخەوان بكە
http://www.bakhawan.com
hawreh@bakhawan.com

2004 زۆربوونی رێژەی كرێكاری عەرەب لەشارەكانی باشووری كوردستاندا، بەتایبەتی لەشاری سلێمانیدا.

2004 بەهۆی تیرۆری عەرەبەكان بەرامبەر كورد، رێژەی دانیشتووانی كورد لەناوچەعەرەبییەكانی ئێراقدا بەرەو كەمی رۆیشت و خەڵكێكی زۆری ئەو كوردانەگەڕاونەتەوەناوچەكوردنشینەكان.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004 تا ئەم ساڵ: نزیكەی 7850 سكاڵا لەلای دادگای مافی مرۆڤ لەئەورووپا لەدژی داگیركەری تورك تۆماركراوە.
سەرچاوەی 1, تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

2004 تا كۆتایی ئەم ساڵ: ژمارەی سەربازانی سوپای داگیركەری ئێرانی دەگاتە11 ملیۆن سەرباز.
سەرچاوەی 1, تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

2004 لەموسڵ فرۆشتنی ڕۆژنامەكانی خەبات و تەئەخی و ئیتیحاد قەدەغەیەو تیرۆریستەعەرەبەكان لێناگەڕێن هیچ كتێبخانەیەك ئەم ڕۆژنامانەبفرۆشێت.
سەرچاوەی 1, هاوڕێنامەهاوڕێنامە

2004 ئەمساڵ داگیركەری تورك بایی 1.5 ملیار دۆلار شتومەكی بۆ ئێراق ناردووە.
سەرچاوەی 1, تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

2004-01-00 دەستەڵاتدارانی كووەیت و سعوودیەئالای كوردستانیان لەحاجییەكوردەكان سەند و نەیانهێشت حاجیی كورد بەئالای كوردستانەوەحەج بكەن.

2004-01-00 نەتەوەیەكگرتووەكان ڕایگەیاند كەلەگەڵ توركیادا لەسەر ئەوەرێككەوتووەكە13 هەزار پەناهاندەی كوردی باكوور لەئێراقەوەبگەرێنێتەوەتوركیا.
سەرچاوەی 1, تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

2004-01-00 دەرچوونی ژمارەسفری گۆڤاری كۆڕی تێكۆشان.

2004-01-00 ئەم مانگە: قەیرانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئێران بەوەی کەئەندامەچاکخوازەکان وەك هەڵوێستێك لەدژی مەلاکان خۆیان هەڵنابژێرن و زۆرینەی چاودێرەکانیش وا ڕادەگەیەنن کەکورد بەشداریی ئەم هەڵبژاردنەنەکات.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-01-00 تورکیا، سووریا، ئێران، سعوودیەو قەتەر ناڕەزایی خۆیانیان بۆ سیستمی فیدراڵیی نەتەوەیی بۆ باشووری کوردستان و ئێراق دەربڕی و پێیان وایەئەم ئێراقی پێ بەشبەش دەبێت.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-01-00 لەم هەفتەیەدا هەر 5 نوێنەرەکەی کورد لەئەنجوومەنی حوکمی ئێراق، ئامادەی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن نەبوون وەك پرۆتستۆیەك بۆ ئەو ئەندامانەی دژی فیدراڵین بۆ کوردستان و ئێراق.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-01-01 چەند چەکدارێکی عەرەب و بەرەی تورکمانی لەگەڕەکی ئەلواستیی کەرکوك لەرێگەی بەغدا کۆنترۆڵێکیان دانابوو بۆ گرتن و تالانکردنی خەڵکی کورد، لەئەنجامدا ئامریکییەکان هێرشیان کردنەسەر و چەند کەسێکیان لێگرتن.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-01-02 هەردوو ئیمامی شیعەکانی باشووری ئێراق، موقتەدا سەدر و شێخ سەدرەددین قەپانچی لەوتاری ڕۆژی هەینیی ئەمرۆدا ڕایانگەیاند کەدژی کوردستانی فیدراڵن.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-01-06 چوونی سەرۆکی د.س بەشار ئەسەد بۆ تورکیا، شایانی باسەئەمەیەکەم جارەلەمێژوودا سەرۆکێکی سووری بچێت بۆ تورکیا. مەبەستی ئەم سەردانەوەستانەوەی هەردوولایانەلەدژی دامەزرانی دەوڵەتی کوردی لەباشووری کوردستاندا.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-01-06 کۆبوونەوەی پارتی و یەکێتی لەشارۆچکەی دوکان، کۆبوونەوەکەلەسەر لەمەودوا یەکهەڵوێستیی ئەو دوو لایەنەبوو لەکێشەگرنگ و چارەنووسسازەکاندا. بەتایبەتی مەسەلەی فیدراڵی و کەرکوك.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-01-08 کۆبونەوەی سەرکردایەتیی پارتی و یەکێتی لەپیرمام لەگەل پارت و هێزەئێراقییەکاندا و بریاری سیستەمی فیدراڵیی نەتەوەیی و جوگرافی بۆ کوردستان درا.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-01-10 ئامریکا ڕایگەیاند کەسەددام حسێن دیلی جەنگە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-01-14 عەبدولعەزیز حەکیم لەسەردانێکیدا بۆ تورکیا ڕایگەیاند کەکورد یاری بەئاگر دەکات بەوەی داوای فیدراڵی دەکات.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-01-15 بەرهەم ئەحمەد ساڵح لەئەنقەرەڕایگەیاند کەکەرکوك شارێکی کوردستانییە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-01-15 موعەممەر قەززافی نوێنەرێکی خۆیی ناردەکوردستان، ئەم نوێنەرەسەردانی شاری هەڵەبجەی کرد و ڕایگەیاند کەلیبیا یەکێك لەشەقامەکانی شاری تەڕابلوس ناودەنێت هەڵەبجە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-01-15 شیعەکانی بەسرەخۆپیشاندانێکیان سازکرد، یەکێك لەدروشمەکانیان دژایەتیکردنی فیدراڵی بوو بۆ کوردستان.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-01-16 ئلکەر باشبوگ کەکەسی دووەمی لەشکری تورکەڕایگەیاند کەدروستبوونی کوردستانی فیدراڵ لەسەر بنچینەی نەتەوەیی، دەبێتەهۆی دروستکردنی گۆمی خوێن لەناوچەکەدا.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-01-20 خۆپیشاندانی شیعەکانی بەغدا، بەسرە، نەجەف و کەربلا و هەندێك شوێنی تر. ئەم خۆپیشاندانەزۆرتر لەدژی کورد و خواستی کورد بوو بۆ فیدراڵی.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-01-21 نزیکەی 5 هەزار ئافرەتی کورد لەسلێمانی لەدژی بڕیاری 137ی ئەنجوومەنی دەسەڵاتی عێراق خۆپیشاندانیان سازدا. بەپێی ئەم بڕیارەیاسای کاروباری کۆمەڵایەتی لەسەر شەریعەتی ئیسلام دادەڕێژرێت.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-01-22 سەردانی شاندێکی باڵای فدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی جیهان بەسەرۆکایەتیی سکرتێری فیدراسیۆن بۆ هەولێر.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-01-22 مەسعود بارزانی ڕایگەیاند کەئەو مافانەی ئامریکییەکان دەیانەوێت پێمان بدەن لەوەکەمترەکەساڵی 1974 لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا لەسەری ڕێککەوتبووین.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-01-24 هەفتەی ڕیفراندۆم لەباشووری کوردستان.

2004-01-27 نێچیرڤان بارانی ڕایگەیاند ئەگەر تورك نەچێتەدەرەوەلەباشووری کوردستان ئەوا بەهێز دەیانکەینەدەرەوەو نووسینگەکانیشیان دادەخەین.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-02-00 کۆتایی ئەم مانگە: ڕوودانی لێکدابڕانێك لەناو ڕیزەکانی کۆنگرەی گەل "پکك"دا، عوسمان ئوجەلان و 13 ئەندامی سەرکردایەتیی تر خۆیاندایەدەست ئامریکاییەکانەوە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-02-00 ئەم مانگە: داخستنی بارەگاکانی کۆمەڵی ئیسلامی و بزووتنەوەی ئیسلامی لەهەولێر.

2004-02-00 کۆتایی ئەم مانگە: لەکۆنفرانسێکی ژناندا لەشاری کەرکوك بەهۆی ئەوەی عەرەبەکان نەیانهێشت ئافرەتی کورد بەکوردی بدوێت و دروشمی خۆی هەڵبواسێت، ئافرەتەکوردەکان ڕاپەڕین و لەکۆنفرانسەکەهاتنەدەرەوە.

2004-02-00 ئازادکردنی حەسەن ساڵح و مەروان عوسمان لەلایەن د.س.

2004-02-00 کۆتایی ئەم مانگە: بەهۆی جەختی ئەندامەکوردەکانی ئەنجوومەنی حوکم بۆ فیدراڵی، پشێوییەکی زۆر کەوتەنێو کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی دەستەڵاتی ئێراقییەوە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-02-00 ئەم مانگە: بەیارمەتیی ئامریکییەکان تۆڕی ئنتەرنێت چووەناوچەکانی شارەزوور و هەڵەبجەو هەورامان.
سەرچاوەی 1, تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی ینك Kurd Sat

2004-02-00 ئەم مانگە: کوژرانی 3 ئەندامی پارتی لەشاری موسڵ لەلایەن چەند نەناسراوێکەوەو فڕێدانی لاشەکانیان لەچەند شوێنێکی جیاوازدا.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-02-00 هاتنی کەشێکی سەرما و بەفربارین لەباشووری کوردستان، کەبەهۆیەوەرێژەیەکی زۆری بەفر باری و ڕێگاکان گیران، کەشناسان دەڵێن کەلە20 ساڵی دوواییدا تاوەکو ئێستا ئەوەندەبەفر نەباریوە.

2004-02-00 سەرەتای ئەم مانگە: بەبۆنەی هەردوو کارەتیرۆریستییەکەی شاری هەولێرەوە، پرسەیەکی زۆر لەزۆربەی شارەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان و زۆرینەی شارەگەورەکانی هەندەران دانرا.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-02-01 کاتژمێر نزیکەی 11ی سەرلەبەیانی: دوو هێرشی تیرۆریستیی خۆکوژی بۆ سەر لکی دووی پارتی و مەڵبەندی سێی یەکێتی لەهەولێر، ئەم هێرشانەبووەهۆی کوژرانی سامی عەبدولرەحمان و دوو کوڕی، شەوکەت شێخ یەزدین، ئەکرەم مەنتك، مەهدی خۆشناو و کوڕەکانی، سەعد عەبدوڵڵا، مەحموود هالۆ و هیجران بارزانی لەلای پارتی و شاخەوان عەباس، خەسرەو شێرە، محەمەد بەحرکە، بەهرۆز قەشقەو دیدەوان لەلای یەکێتی و زۆری دیکە. سەرجەمی کوژراوەکان نزیکەی 100 کەس زۆرترەو بریندارەکانیش نزیکەی 200 کەسن. ئەم ڕووداوەرێکەوتی یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربانی کرد و خەڵکانێکی زۆر لەو بارەگایانەبۆ جەژنەپیرۆزەلەبارەگای حیزبەکان کۆببوونەوە. ڕووداوەکەبووەهۆی تێکدانی بارودۆخی کوردستان و ترسی خستەدڵی جەماوەری کوردەوە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-02-01 بەهۆی دوو کارەتیرۆریستییەکەی هەولێرەوە، پەرلەمانی کوردستان پرسەیەکی سێ ڕۆژەی ڕاگەیاند لەکوردستاندا.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-02-01 زۆرتر لە 100 پەرڵەمانتاری چاکسازی ئێرانی، خۆیان لەپەرڵەمان کەنارگیرکرد.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-02-03 تورکمانەکان و شیعەکانی سەربەسەدر لەشاری کەرکوکدا خۆپیشاندانێکیان کرد و دروشمی بڕوخێ کورد و بڕوخێ فیدراڵیيان بەرزکردەوە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-02-04 ڕێکخراوی ئەنسار ئەلسوننەلێپرسراویی خۆیی بەرامبەر هەردوو کارەتیرۆریستییەکەی ڕۆژی 2004-02-01ی شاری هەولێر ڕاگەیاند.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-02-05 پەرڵەمانی کوردستان بەزۆرینەی دەنگ بڕیاری 137ی گۆڕینی یاسای بارەکەسییەکانی لەلایەن ئەنجوومەنی دەستەڵاتی ئێراقییەوەڕەتکردەوە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-02-09 لەکۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی دەستەڵاتی ئێراقی، جەلال تاڵەبانی ڕایگەیاند کەکەرکورك کوردستانەو سنووری کوردستان لەزنجیرەچیای حەمرینەوەدەستپێدەکات. شایانی باسەنێوبراو قسەکانی خۆیی بەچەندین بەڵگەنامەپشتڕاستکرد.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-02-11 وەزیری ناوخۆی ئێراق نوری ئەلبەدران ڕایگەیاند کەبەدڵنیاییەوەبۆمان دەرکەوتووەکەیەکێك لەو دوو تیرۆریستەی لە 01-02دا لەهەولێر خۆیان تەقاندەوەخەڵکی یەمەنە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-02-11 حوسنی موبارەکی سەرۆکی میسر سەردانی تورکیای کرد و لەگەڵ تورکەکاندا بەهاوبەشی ڕایانگەیاند کەدژی فیدراڵین بۆ کورد لەباشووری کوردستاندا.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-02-12 بەهۆی بڕیارێکی ئیداریی فەرەنساوە، پەخشی تەلەفزیۆنی مەد ڕاوەستا.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-02-14 خۆپیشاندانی زۆرتر لە 10 هەزار کەس لەشاری سلێمانی بۆ سەربەخۆیی کوردستان.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-02-21 بەسەرپەرشتیی کۆمیتەی باڵای ڕیفراندۆم لەچەندین پایتەختی وڵاتانی ئەوروپا خۆپیشاندان سازکرا.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-02-22 لیژنەی باڵای ڕیفراندۆم نزیکەی ملیۆن و نیوێك ئیمزای ئەوانەی برد بۆ ئەنجوومەنی دەستەڵات لەبەغدا کەداوای ڕیفراندۆم دەکەن بۆ مافی چارەنووسی باشووری کوردستان.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-02-23 لەشاری کەرکوك ئوتومبیلێك لەلایەن تیرۆریستێکی خۆکوژەوەتەقێنرایەوەو بووەهۆی کوژرانی 7 پۆلیس و بریندارکردنی دەیانی تر.

سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-02-23 لەناو پەرلەمانی ئێراندا هەردوو بەرەی چاکسازان و پارێزگاران بووبەشەڕەدەستیان، لەسەر هەڵوێستی دوواکەوتووانەی پارێزگاران.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-02-28 لەناوچەی حەیدەرییەی نزیك نەجەف، گۆڕێکی بەکۆمەڵ دۆزرایەوەکەهەموویان جلی کوردییان لەبەردایە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-02-28 سەردار دۆسکی لەشاری ئەمسفۆرتی هۆڵندا لەکۆنفرانسی پارتی سۆسیالیستی هۆڵندا وەك ئەندام هەڵبژێردرا بۆ ناو لیستی پەرلەمانی ئەوروپا.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-02-29 بەهۆی ئەو پشێوییانەی ئەم ڕۆژانەی ناو شاری کەرکوکەوە، هاتووچۆی شەوانەقەدەغەکرا.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-02-29 ئەنجوومەنی حوکم دانی بەرژێمی فیدراڵیدانا بۆ ئێراق.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-02-29 گیرانی بارەگای بەرەی تورکمانی لەشاری کەرکوك لەلایەن کوردەوە، شایانی باسەهەرچی ئالآی ئێراق و بەرەی تورکمانی هەبوو سووتێنرا.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-02-29 کۆچی دوایی خەلیل دۆسکی، نێوبراو ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی و وەزیری گواستنەوەو گەیاندن بوو لەئیدارەی سلێمانیدا.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-03-00 سووتاندنی کۆگای کوردستان لەشاری کەرکوك لەلایەن چەند نەناسراوێکەوە، تەنها لەبەرئەوەی ناوی کوردستان بوو.

2004-03-00 دانانی بەردی بناغەی 2 پاڵێوگای نەوت لەهەردوو ناوچەی سلێمانی و هەولێر.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-03-00 دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ لەڕاشدییەی بەغدا کەتەرمی زۆرتر لە400 کوردی تێدایە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-03-00 کۆچی دوایی هونەرمەندی شانۆیی سمکۆ عەزیز لەشاری سلێمانی.

2004-03-00 دروستبوونی گرژییەکی دیپلۆماسی لەنێوان ئەڵمانیا و داگیرکەری ئێرانیدا بەهۆی دروستکردنی تابلۆیەك بۆ شەهیدانی میکۆنۆس بەرامبەر ڕێستورانتی میکۆنۆس لەبەرلین. ئەم تابلۆیەوا بڕیار بوو لەڕۆژی نەورۆزدا پەردەلەسەر ئەو تابلۆیەلابرێت، بەڵام بۆ ڕۆژی 20-04 دواخرا.

سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-03-00 ژمارەیەك لەئەندامەعەرەب و تورکمانەکانی ئەنجومەنی شارەوانیی کەرکوك دەستیان لەکار کێشایەوە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-03-00 باشتربوونی پەیوەندییەکانی نێوان ینك و کۆمەڵەی ئیسلامی و حکومەتی سلێمانی 75 ملیۆن دیناری وەك مووچەی مانگانەدایەکۆمەڵی ئیسلامی.
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی کوردی: هاووڵاتی - 2004-04-07. لاپەڕە: 1

2004-03-00 کۆتایی ئەم مانگە: کۆمپانیای ئێریکسۆنی جیهانی بۆ کاروباری گەیاندن و مۆبایڵ کۆنتراکتێکی هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیای کۆڕەك بەست بۆ پێشکەوتنی مۆبایڵ لەکوردستاندا بەنرخی 90 ملیۆن دۆلار. شایانی باسەئەمەیەکەم جارەکۆمپانیایەکی گەورەی جیهانی کۆنتراکتی هاوبەش لەگەڵ کۆمپانیایەکی کوردستانیدا ببەستێت.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-03-01 یەکەم ڕۆژی پەخشی تەلەفزیۆنی ڕۆژ، ئەم تەلەفزیۆنەهەمان تەلەفزیۆنی میدیایەبەناو ڕەنگێکی ترەوە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-03-05 ئەمرۆ دەبووایەئیمزا لەسەر دەستووری ئێڕاق بکرایەلەلایەن ئەنجوومەنی دەستەڵاتەوە، بەڵام لەبەر ناکۆکیی نێوان کورد و شیعەئیمزاکردنەکەدواخرا.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-03-08 لەبارۆخێکی نادیاردا سەدان کوردی یەزیدی لەئۆردوگای خانەك لەنزیك دهۆك ژاراوییبوون و هەندێکیان مردن و ژمارەیەکی زۆریشیان ژیانیان لەمەترسیدایە. هەواڵەکان واڕادەگەیەنن کەئەم ژاراوییبوونەبەهۆی ئاوی خواردنەوەوەبووە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی پارتی http://www.kdp.info

2004-03-08 ئەنجومەنی دەستەلات لەئێراق، ئیمزای دەستوری کاتیی ئێڕاقی کرد.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-03-08 د.ت نارەزایی خۆیی بەرامبەر دەستووری کاتیی ئێڕاق دەربڕی.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-03-08 بەبۆنەی ئیمزاکردنی دەستووری کاتیی ئێڕاقەوە، زۆرینەی شارەکانی کوردستانی بندەستی داگیرکەری ئێران کەوتنەئاهەنگگێڕان.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-03-08 بەبۆنەی ئیمزاکردنی دەستووری کاتیی ئێڕاقەوە، لەشاری کەرکوك کوردەکان خۆپیشاندانێکیان سازکرد و لەئەنجامدا بووەهۆی کوژرانی ژنێکی عەرەب و دوو تورکمان و برینداربوونی زۆرتر لە20 کەس.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-03-08 لەکۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی شاری کەرکوکدا عەرەبەکانی ناو ئەنجومەن ڕازینەبوون بەپێدانی کۆبۆنی خۆراك بۆ ئاوارەکوردەکانی کەرکوك.

2004-03-09 بەبۆنەی ئیمزاکردنی دەستووری کاتیی ئێراقەوە، لەزۆربەی شارەکانی خۆرهەلآت خۆپیشاندان ڕوویدا و پێکدادان لەنێوان جەماوەر و پاسداراندا ڕوویدا و دەیان کەسیش گیران.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-03-10 داخستنی تەلەفزیۆنی یەکگرووی ئیسلامی لەدهۆك.

2004-03-12 بەهۆی یارییەکی تۆپی پێوەلەشاری قامیشلی، عەرەبەکانی دێرلزور کەهاندەری یانەی فتووەی عەرەبی بوون، هاتنەشاری قامیشلی و پێش ئەوەی یاریی نێوان فتووەو قامیشلی دەست پێبکات، عەرەبەکانی سەربەیانەی فتووەوێنەی سەددام حسێنیان بەرزکردەوەو جنێو و قسەی ناشرینیان بەکورد و سەرکردەکانی باشووری کوردستاندا. لەئەنجامدا بووەهۆی پێکدادانی کورد و عەرەب لەشاری قامیشلی و 4 منداڵی کورد کوژران و دەیانیش برینداربوون و بەهۆیەوەپشێوی تەواوی ناوچەکانی کوردستانی بندەستی سووریای گرتەوەو بووەهۆی ئەوەی کەبۆ ڕۆژی سبەینێ ڕاپەڕینی گشتیی جەماوەری لەکوردستانی بندەستی داگیرکەی سووریا دروست ببێت.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-03-13 د.س لەشاری دیمەشق گەڕەکەکوردەکانی ئابلۆوقدا، تاوەکو بەر بەهەر ڕاپەڕینێك بگرێت.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-03-13 بەزۆری د.س، هەندێك لەپارتەکوردییەکانی خۆرئاوا بەیانیان بۆ هێمنکردنەوەی جەماوەر دەرکرد.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-03-13 بەهۆی ناشتنی تەرمی ئەو منداڵانەی کەدوێنێ لەلایەن عەرەبەوەلەقامیشلی کوژران، جەماوەری شاری قامیشلی هاتەسەر شەقامەکان بۆ بەشداریکردن لەناشتنی تەرمەکاندا، لەئەنجامدا پیاوانی د.س تەقەیان لەخەڵکەکەکرد و بووەهۆی ئەوەی کەجەماوەری شاری قامیشلی بتەقنەوەبەڕووی هێزەکانی داگیرکەردا، لەئەنجامدا زۆربەی شاریان کۆنترۆڵکرد و وێنەو پەیکەرەکانی دیکتاتۆر ئەسەدیان شکاند و ئاڵای کوردستانیان بەرزکردەوە، شانبەشانی قامیشلی زۆربەی شارەکانی دێرك، درباسیە، توربासپی، سەری کەهنیێ، ئەفرین و حەڵەب خۆپیشاندان ڕاپەڕینیان لەدژی داگیرکەر سازکرد و زۆربەی فەرمانگەدەوڵەتییەکانیان سووتاند و دوژمن بەهێزێکی زۆرەوەهێرشی کردەسەر جەماوەری بێچەکی کورد و دەیان کەس کوژران و سەدانیش بریندار.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-03-13 سەرلەئێوارە: دەیان کورد باڵوێزخانەی داگیرکەی سووریای لەبرۆکسلی پایتەختی بەلژیك گرت و ئاڵای سووریایان سووتاند و ئاڵای کوردستانیان لەسەر باڵوێزخانەبەرزکردەوە، شایانی باسەتەواوی میدیا جیهانییەکانی باسی ئەم ڕووداوەیان کرد و بووەهۆی پاڵپشتێکی گرنگ بۆ ڕاپەڕینەکەی خۆرئاوای کوردستان. پاشان کوردەکان باڵوێزخانەکەیان دایەوەدەست پۆلیسی بەلژیکی و 30 کەس گیران.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-03-13 ئەنجوومەنی حوکم لەئێراقدا بەیانێکی لەسەر کارەساتی هەڵەبجەدەرکرد، شایانی باسەئەمەیەکەمجارەلەئێراق و بەشێوەیەکی فەرمی بەیانێکی لەو جۆرەلەسەر کارەساتی هەڵەبجەدەربکرێت.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-03-14 تیرۆرکردنی موعتەسەم عەبدولقادر لەموسڵ لەلایەن ئەنسارولسوننەوە، نێوبراو کارمەندی دەزگای تەندروستی بوو لەکوردستان.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-03-14 د.س بەهۆی بەکارهێنانی هێزی سەربازیی زۆرەوەتوانی ڕاپەرینی کورد سەرکوت بکات و حوکمی عورفیی لەناوچەکوردەکاندا بڵاوکردەوە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-03-14 د.س بۆ کپکردنەوەی ڕاپەرینی کورد دەستی کردووەبەڕەشبگیریی کورد لەتەمەنی 15 ساڵ بەرەوژوورەوە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-03-14 لەزۆربەی شارەگەورەکانی ئەوروپا خۆپیشاندان لەدژی د.س و پشتگیریی ڕاپەرینی خۆرئاوا سازدرا.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-03-14 ژمارەیەك لەپارتەکانی کوردستانی بندەستی سووریا نامەیەکیان ئاڕاستەی کوفی ئەنانی سکرتێری نەتەوەیەکگرتووەکان کرد وەك ناڕەزاییەك لەدژی ڕەفتارەدڕندانەکانی داگیرکەری سووری.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-03-14 پارتی بەیانێکی لەدژی بەکارهێنانی هێز بۆ کپکردنەوەی ڕاپەرینی خۆرئاوای کوردستان دەرکرد.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-03-15 حکومەتی باشووری کوردستان بەبۆنەی نەورۆزەوەبڕیاریدا هەموو ساڵێك ڕۆژانی 21، 22، ی23ی مارت ببێتەپشوو و جەژنی نەتەوەییی کورد.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-03-15 خوێندکارانی هەردوو زانکۆی سلێمانی و هەولێر خۆپیشاندانی گەورەیان لەدژی د.س سووری لەهەردوو شاری سلێمانی و هەولێر سازدا.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-03-15 بۆ پاڵپشتی ڕاپەرینی کوردستانی بندەستی سووریا، کۆمەڵێك کورد لەژنێف کۆنسوڵخانەی د.س یان بۆ ماوەی دوو کاژێر گرت.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-03-15 کوژرانی عەرەبێکی ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانیی کەرکوك.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-03-15 تالانکردنی ماڵ و دوکانی کورد لەلایەن عەرەبەسوورییەکانەوەبەردەوامە.

سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-03-16 کۆچی دوایی د. فەرەیدوون هادی.

2004-03-16 ئامریکا یاداشتێکی دایەد.س سەبارەت بەڕووداوەکانی ئەم ڕۆژانەی ڕاپەڕینی کوردستانی بندەستی سووریا.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-03-16 ئاسایشی زاخۆ ڕێگای لەیەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان گرت کەبارەگا لەزاخۆ بکاتەوەو هەندێك لەئەندامانیشی دەستگیرکردن.
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی کوردی: هاوڵاتی 2004-03-31.

2004-03-16 د.س نرخی خواردەمەنیی لەکوردستانی بندەستی سووریادا بەرزکردەوە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-03-16 ڕاپەڕینی خۆرهەڵاتی کوردستان شارەکانی ئەفرین و حەڵەبیشی گرتەوەو د.س بەتوندی بەرەنگاری کۆبوونەوەی جەماوەری کورد بووەتەوەو دەیان کوژراو و بریندار هەن.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-03-16 بەپێی هەواڵەکان، لەڕۆژانی ڕابردووەوەتاوەکو ئەمڕۆ د.س زۆرتر لە5 هەزار کوردی گرتووە.

2004-03-16 بەبۆنەیساڵڕۆژی هەڵەبجەوەپۆڵ بریمەری حاکمی مەدەنیی ئامریکا لەئێراق سەردانی هەڵەبجەی کرد و بەشداریی ئەو ساڵڕۆژەی کرد.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-03-18 تا 03-20: بەستنی دیالۆگی عەرەبی - کوردی لەهەولێر.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-03-18 وەزیری ناوخۆی د.س ڕایگەیاند کەشتێك نییەلەسووریا پێی بگووترێت کوردستانی سووریا.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-03-19 کۆچی دوایی هونەرمەند فوئاد حەمەومین ئاغا بەنەخۆشییەکی سەخت لەشاری دۆردرێختی هۆڵندا.

2004-03-20 ئازادکردنی سەدان زیندانیی کورد لەلایەن د.س، ئەوانەلەڕۆژانی ڕابردوودا لەڕاپەڕینەکەدا گیرابوون.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-03-21 بەهۆی کۆبوونەوەی زۆری خەڵکی و ئاهەنگەکانی نەورۆزەوەهەردوو حکومەتی سلێمانی و هەولێر خۆئامادەکارییەکی زۆریان ئەنجامدا بۆ بەرپێگیریی هەر کارێکی تیرۆریستی.

2004-03-21 بەهۆی ڕاپەڕینەکەی خۆرئاوای کوردستانەوە، ئاهەنگی نەورۆز لەخۆرئاوای وڵات نەگێڕدرا.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-03-26 ئامریکا ڕایگەیاند: بڕیاری گەمارۆی ئابووری لەسەر د.س دوادەخەین.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-03-26 بەستنی کۆنگرەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانیی ئێراقی لەهەولێر، ئەم کۆنگرەیە2 ڕۆژ دەخایەنێت.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-03-27 بەستنی کۆنگرەی نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێر لەشاری هەولێر.

2004-03-28 خێزانێکی کورد لەکەرکوك کەپێکهاتبوون لە8 کەس چەند ڕۆژێك لەمەوبەر تیرۆرکران و ئەمڕۆ تەرمەکانیان لەنزیك پردی سێیەمی شاری کەرکوکدا دۆزرایەوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-03-28 کۆچی دوایی هونەرمەند سەروەت ئەنوەر سەوز لەشاری سلێمانی بەڕووداوی ئوتومبیل.
سەرچاوەی 1, تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی ینك Kurd Sat

2004-03-28 لەشاری موسڵ هەوڵی تیرۆرکردنی نەسرین بەرواریی وەزیری ئیشغالی گشتیی ئێراق درا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو و ئەم هەوڵەبووەهۆی کوژران و بریندارکردنی چەند کەسێك لەیاوەرانی خاتوو نەسرین. نێوبراو یەکەم وەزیری ئافرەتەلەحکومەتی گواستنەوەدا.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-03-29 کشانەوەی ئەندامەتورکمانەکانی ئەنجومەنی شاری کەرکوك.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-03-30 تەقینەوەی بۆمبێك لەماڵی پەناهاندەیەکی کورد لەکەمپی ئاڵتاشی ڕوومادی و بووەهۆی کوژرانی 3 کەس (شۆڕش حەیدەری، هێرش حەیدەی و بورهان حەیدەری) و بریندار بوونی یەکێك بەناوی عومەر بابایی و ڕووخانی 3 ماڵ.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-04-00 هێرشی گرتن و ئازاردانی کورد لەلایەن د.س هەر بەردەوامە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-04-00 هەندێك لەسەرچاوەکانی میدیای عەرەبی باس لەوەدەکەن کەپێشمەرگەی کورد بەشدارەلەکپکردنەوەی ئەو پشێوییانەی لەفەلوجەو ناوچەکانی تری ئێراقدا ڕوودەدەن.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-04-00 وەزارەتی ئیشغالی ئێراقی دەستیکرد بەپلانی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان لەسەر بودجەی ئێراق.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-04-00 پەرلەمانی ئەوروپا ڕێکخراوی کۆنگرەی گەل (پکك)ی خستەلیستی ڕێکخراوەتیرۆریستەکانەوە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-04-00 12 پارتی ئێراقی لەبەیانێکی هاوبەشدا داوای قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی ئەنفالیان بۆ گەلی کورد کرد.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-04-00 بەبۆنەی هێمنیی باری ناوخۆی باشووری کوردستانەوەو بەشدارینەکردنی کورد لەکارەپشێوییەکانی دژ بەئامریکا، زۆربەی سەرچاوەعەرەبییەکان باس لەوەدەکەن کەکورد هاوپەیمانی ئامریکایەو هەندێك سەرچاوەی شیعی کورد و ڕابەرانی بەترسنۆك ناودەبەن.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-04-00 سەرەتای ئەم مانگە: تێکچوونی باری ناوخۆیی ئێراق بەهۆی یاخیبوونی شیعەکانی هەواداری موقتەدا سەدرەوە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-04-00 بەهۆی ڕووداوەکانی شارەدێی فەلوجەوەدەیان ماڵباتی کورد لەترسی تیرۆری عەرەب فەلوجەیان بەجێهێشت.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-04-01 گیرانی مەحمود عەلی محەمەد، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتیی دیموکراتی کورد لەسووریا لەلایەن د.س لەشاری قامیشلی.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-04-01 دەرچوونی ژمارەی تاقیکردنەوەی ڕۆژنامەی ئاسۆ لەسلێمانی.

2004-04-01 مەسعود بارزانی بووەسەرۆکی کاتیی ئێراق لەم مانگەدا، شایانی باسەئەمەدووەم جارەکورد ببێتەسەرۆکی ئێراق.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-04-01 پەرلەمانی ئەوروپا لەبڕیارێکیدا داوای لەتورکیا کرد دەستوورێکی نوێ دابنێت و تێیدا ڕێز لەمافەکانی تاك و کەمەنەتەوەکان بگرێت.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-04-02 وەزارەتی بەرگریی کۆریای باشوور بڕیاریدا 3 هەزار سەرباز بنێرێت بۆ ناوچەکانی هەولێر و سلێمانی بەمەبەستی یاریمەتیدانی ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-04-03 کاتژمێر 22:10 هێرشێکی تیرۆریستی بۆسەر گەڕەکەکوردەکانی شاری کەرکوك. لەم هێرشەدا نزیکەی 11 موشەکی کاتووشا نرا بەگەڕەکەکوردەکانەوەو بووەهۆی گەیاندنی زیانی ماڵی بەچەند خانووبەرەیەك.

سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-04-04 هێرشێکی تیرۆریستیی خۆکوژی لەکەرکوك و بووەهۆی برینداربوونی 2 سەربازی ئامریکی و چەند هاووڵاتییەك.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-04-05 پێکدادانی هەردوو یانەی دهۆك و زاخۆ و بووەهۆی کوژرانی 2 کەس و برینداربوونی دەیانی تر.
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی کوردی: هاووڵاتی - 2004-04-07. لاپەڕە: 1

2004-04-06 کۆبوونەوەی هێزەکانی ئامریکا لەگەڵ ینك و پارتی لەموسڵ بۆ پاراستنی ئاسایشی شاری موسڵ.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-04-06 ئەمنستی ئنتەرناسیۆناڵ ناڕەزایی خۆیی بەرامبەر باری خراپی زیندانەکوردییەکان دەربڕی لەزیندانەکانی داگیرکەری سووریدا.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-04-07 تیرۆرکردنی بەڕێوەبەری لکی هەولێری مانگی سووری ئێراقی عومەر مەنتك و سازان ئیسماعیلی هاوسەری لەکاتی گەڕانەوەیاندا لەموسڵەوەبۆ هەولێر.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-04-07 خوێندکارنی زانکۆی کوردستان لەسنەبۆ ماوەی 6 کاژێر کوردکوژییەکەی کوردستانی بندەستی داگیرکەری سووریایان پڕۆتسۆکرد.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی کوردستان نێت http://www.kurdistannet.org

2004-04-08 کۆچی دوایی نووسەر و چالاك لەمافەکانی مرۆڤ مستەفا قەراخی لەئامریکا.

2004-04-08 تا 10-04: کۆنگرەی چوارەمی پارتی کۆمۆنیستی کوردستان لەسلێمانی بەسترا. لەم کۆنگرەیەدا 27 ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردران کەزۆربەیان گەنجن و 2 ئەندامیان ئافرەتن و کەماڵ شاکیریش بەسکرتێری پارت هەڵبژێردرا.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-04-10 دەرچوونی ژمارە 1ی بڵاوکراوەی ساڵانەی ئازادیی قەرەچووغ لەلایەن YNDKەوە.

2004-04-10 حکوومەتی سلێمانی بودجەی ساڵی 2004 ڕاگەیاند کەبریتییەلە 259.163.594 دۆلار. ئەم بڕەدراوەبەزۆری بۆ کاروباری خزمەتگوزاریی شاری سلێمانی و ناوچەکانی دەوروبەری بەکاردەهێنرێت.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-04-10 لیژنەی عەرەبیی مافی مرۆڤ لەپاریس ناڕەزاییی خۆیی بەرامبەر کردەوەی داگیرکەری سووری بەرامبەر کورد دەربڕی و ئەوەشی ڕاگەیاند کە 2 کورد لەژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لەدەستداوەو بارودۆخی گیراوەکانی ئەم دووایییەگەلێك خراپە.

سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-04-11 کوژرانی 4 تیرۆریست لەشاری کەرکوك.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-04-13 کچێکی 17 ساڵی کورد بەناوی سیهام قەیرانی کەخەڵکی شێخانەلەشاری دێلفتی هۆڵندا بەتاوانی شەرەف تیرۆر کرا.

2004-04-14 و ڕۆژانی دوایی: گیرانی 17 تیرۆریستی ئەنسارولئیسلام لەسلێمانی لەلایەن ئاسایيشی یەکێتییەوە.

2004-04-16 هێزەکانی ئامریکا هەڵیانکووتایەسەر بارەگای یەکێتی لەشاری کوت، بەتاوانی ئەوەی باڵەخانەیەکی حکوومەتیان داگیرکردووە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-04-17 تا 04-18: بەستنی کۆنگرەی 4ەمی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لەهۆتێل ئاشووری هاوینەهەواری دوکان. ئەم کۆنگرەیەلەژێر دروشمی گێڕانەوەی کەرکوك و ناوچەئازادکراوەکانی تر بوو بۆ سنووری هەرێمی کوردستان.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-04-18 بەهۆی خۆپیشاندان و مانگرتنی کوردەوە، هەفتەی ڕۆشنبیریی داگیرکەری سووری لەشاری درسدنی ئەڵمانیا نەبەسترا.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-04-21 پەرڵەمانی کەنەدا بەزۆرینەی دەنگ دژی قەتلوعامی ئەرمەنەکان لەساڵی 1915 بەدواوەلەلایەن

تورکەوەبڕیارێکی نارەزایی دەرکرد، ئەم بڕیارەبووەهۆی قەیرانێکی دیپلۆماسی لەنێوان کەنەدا و

تورکدا.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-04-22 ڤیستیڤاڵی بەدرخان لەشاری سلێمانی.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-04-23 دەرچوونی بەیانی کۆتایی کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب لەدیمەشق، لەم بەیانەدا عەرەبەکان دژایەتیی وەرگرتنی یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیان کرد بۆ ناو یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی جیهانی.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-04-25 لەشاری هیرنەی ئەڵمانیا کۆنفرانسێکی کوردی بندەستی داگیرکەری سووریا بەسترا و لەم کۆنفرانسەدا حکومەتی خۆرهەڵاتی کوردستان لەدەرەوەی وڵات دامەزرا.

سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-04-25 بەستنی کۆنفرانسێك بۆ ئەنفال لەشاری لاهایی هۆڵندا لەلایەن کۆمەڵێك ڕێکخراوی کوردییەوە.

2004-04-26 هەڵبژاردنی ئالآیەکی نوێ بۆ ئێراق، ئەم ئالآیەهێڵێکی زەردی تێدایەکەهێمایەبۆ کورد.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-04-26 ڕێکخراوی هابیتاتی سەربەUN لەهۆڵی کۆنگرەکانی بارەگای UN لەنیۆرك، نەسرین بەرواریی وەزیری ئەشغالی ئێراقیی خەلآت کرد.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-04-27 لەموسڵ هەوڵی تیرۆرکردنی هونەرمەند ناسر حەسەن درا، بەلآم تەنها بریندار بوو و لێخوڕی ئۆتومبیلەکەی و کەسێکی دی بریندار بوون. نێوبراو بەڕێوەبەری ئێزگەی تەلەڤزیۆنی کەرکوکە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-04-27 ڕوودانی زنجیرەیەك تەقینەوەلەگەڕەکی مەززەی شاری دیمەشق، شایانی باسەئەم گەڕەکەچەندین باڵوێزخانەی تێدایە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-04-28 مەسعود بارزانی کەلەم مانگەدا سەرۆکی کاتیی ئێراقە، لەگەڵ چەند ئەندامێکی تری ئەنجوومەنی دەستەلآت لەبەغدا کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیی ئەنجامدا، لەکۆنگرەکەدا مەسعود بارزانی جلی کوردیی لەبەردابوو و وەلآمی چەند پرسیارێکیشی بەکوردی دایەوە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-04-30 سەردانی مەسعود بارزانی بۆ چێشتخانەی کوردستان لەنزیك پردێ.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-05-00 هەردوو ینك و پارتی جەختییان لەسەر ئەوەکردەوەکەدەبێت لەئێراقی ئایندەدا یەکێك لەدەستەی سەرۆکایەتی کورد بێت.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-05-00 پیسبوونی ئاوی دەریاچەی دوکان گۆڕینی ڕەنگی ئاوەکەو مردنی هەزاران ماسی و سەرئاوکەوتنیان، پسپۆڕانی ژینگەدەڵێن ئەم دیاردەیەهیچ مەترسییەکی نییەو ئاوەکەش تا ئێستا شیاوەبۆ خواردنەوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-05-00 د.س بەردەوامەلەگرتنی ڕۆڵەکانی کورد لەکوردستان و لەسەرەتای ئەم مانگەدا 17 خوێندکاری کوردی لەزانکۆی حەمات گرت.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-05-00 لەترسی گرتن و ئازاردانی د.س، ژمارەیەك کوردی بندەستی د.س خۆیان گەیاندەشاری موسڵ.

2004-05-01 بەشار ئەسەدی سەرۆکی د.س ڕایگەیاند کەهەر سیستەمێکی فیدراڵی لەسەر بنچینەی نەژادی لەئێراقدا ترسناکە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-05-03 گیرانی فەرهاد هیرانیی سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئەمرۆ لەلایەن ئاساییشی ینك لەسلێمانی بەتاوانی ئەو بابەتانەی لەڕۆژنامەی نێوبراودا لەسەر شەیما بڵاوکراونەتەوە. نێوبراو هەر لەکاتی گیرانییەوەمانی لەخواردن گرت.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی کوردستان نێت http://www.kurdistannet.org

2004-05-06 تیرۆرکردنی هیوا نەجیب بەڕێوەبەری گشتیی کشتوکاڵ لەکەرکوك، لەم ڕووداوەدا شوفێری نێوبراویش کوژرا و خێزانەکەشی بەخەستی بریندرابوو.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-05-06 سەردانی جەلال تاڵەبانی بۆ کۆنگرێسی ئامریکا و کۆبوونەوەی لەگەڵ چەند سیناتۆرێکدا.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-05-06 قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین بەمەبەستی سەرکۆنەکردن و مەحکوم کردنی تاوانی تەسلیم کردنی شەش لەپێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی-ئێران لەلایەن بزووتنەوەی ئیسلامییەوەبەد.ا و لەسێدارەدانیان لەلایەن ئەم ڕژێمەوەیاداشتنامەیکیان بۆ ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و سەرجەم لایەنی پەیوەندیدار نووسی و ئاراستەیان کردن و داوایان کرد تاوانبارانی ئەم کارەبەدرەفتارییەمەحکوم و ڕیسوا بکرێت.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-05-06 بەستنی کۆنگرەی یەکەمی پارتی پارێزگارانی کوردستان لەهەولێر.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-05-10 ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی شاری کەرکوك 2 ئەندامی عەرەب و 2ی تورکمان و یەکێکی کوردی بۆ ئەنجوومەن هەڵبژارد، شایانی باسە 2 ئەندامەعەرەبەکەهاووردەن و کوردەکانیش دەنگیان بۆدابوون.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-05-11 ئامریکا گەمارۆی ئابووریی خستەسەر داگیرکەری سووریا.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-05-11 تەقینەوەی بۆمبێك لەگەڕەکێکی کوردنشینی شاری کەرکوك و بووەهۆی کوژرانی 3 کەس و بریندداربوونی 23ی تر.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-05-13 د.س ڕایگەیاند کەبەنیازەرەگەزنامەی سووری بداتەنزیکە30 تا 40 هەزار کورد.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-05-13 د.س نزیکەی 200 زیندانیی کوردی ئازاد کرد. ئەو زیندانییانەلەڕاپەڕینەکەی مانگی مارتی ئەمساڵدا گیرابوون.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-05-15 دامەزراندنی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان لکی - سوید لەدەرەوەی وڵات.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-05-15 تا 16-05: فیدراسیۆنی کۆمەڵەکوردستانییەکان لەسوید کۆنگرەی 21ەمینی لەستۆکهۆڵم بەست.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-05-15 بەستنی کۆنگرەی گێڕانەوەی شکۆ و دیموکراتی لەهەولێر. لەم کۆنگرەیەدا نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکانیش بەشداربوو.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-05-15 هێزەکانی هاوپەیمانان لەشاری کەرکوك کەژاوەی مستەفا کەمال یاڵچی سکرتێری حیزبی تورکمان ئیلی بەهۆی نەوەستانی لەخاڵی پشکنینی ئامریکییەکان، دایەبەر گوللە. مستەفا کەمال و دوو پاسەوانی هەر لەوێدا دەکوژرێن و نەجمەدین قەساب ئوغلوی ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی ناوبراو، بەسەختی بریندار دەبێت. شایەنی باسەیاڵچی و ئوغلو دوو تورکمانی شۆڤێنیست بوون و هەموو هەوڵ و کۆششیان بۆ تێکدانی بارودۆخی شاری کەرکوك بوو.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-05-17 تیرۆرکردنی عیزەدین سەلیم سەرۆکی کاتیی ئەنجومەنی دەستەڵاتی ئێڕاقی.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-05-22 تیرۆریستەکانی کەرکوك موشەکێکی کاتووشەیان گرتەگەرەکی تەپەی کوردنشین لەشاری کەرکوك، بەڵام تەنها زیانی ماڵیی لێکەوتەوە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-05-22 لەشاری دەنهاخی هۆڵەندەبەبەشداری زیاتر لە5000 هاوڵاتی کوردی چوار پارچەی کوردستان خۆپیشاندان و کۆبوونەوەیەکی جەماوەری گەورەبەرێوەچوو ،تیایدا دروشمی ئازادی بۆ نوریەکەسبیر لەلایەن هەزاران کەسەوەدەوترایەوە. ژمارەیەکی بەرچاو لەدەزگاکانی ڕاگەیاندن بەشدارییان تێیدا کرد ،هەروەها گروپی مانگرتووان لەپێشەوەی خۆپیشاندانەکەوەبەشداربوون، سەرباری بەشداری سەدان دایکی کورد کەهەموو وێنەی نورییەبەسەر سنگیانەوەبوو.لەکۆتاییدا خۆپیشاندانەکەبەوتار خوێندنەوەکۆتایی پێهات .ئەوەی شایانی باسەتا ئێستا لەرێگەی ئیمەیڵیشەوەژمارەیەکی زۆر لەهاوڵاتییان نارەزایی خۆیانیان بۆ وەزارەتی دادی هۆڵەندی ناردووەو پشتگیرییان لەو نامەیەکردووەکەناوەندی هەڵەبجەبۆ بەرپرسانی هۆڵندای ناردووە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی کوردستان نێت http://www.kurdistannet.org

2004-05-23 دەرچوونی ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆبوونەوەکانی لووتکەی عەرەبی لەتونس، لەم کۆبوونەوانەدا جەخت لەسەر ئەوەکرا کەیەکێتی و یەکپارچەییی خاکی ئێڕاق بپارێزرێت.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-05-23 بەستنی کۆنگرەی دووەمی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان لە هەولێر.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-05-24 کوژرانی ئەحمەد نەجمەدینی ئەندامی سەرکردایەتیی بەرەی تورکمانی لەکەرکوك.

سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-05-27 ڕوودانی پشێوییەك لەنێوان یەکێتیی نیشتمانیی تورکمانی و پارتی نیشتمانیی تورکمانیدا لەکەرکوك و بووەهۆی کوژرانی تورکمانێك و گیرانی 2ی تر لەلایەن پۆلیسەوە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-05-28 کۆچی دوایی تێکۆشەر جەلالی ئەمین بەگ.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-05-28 ئەیاد عەلاوی کەکۆنەبەعسییەکەبووەسەرۆك وەزیرانی ئێڕاقی.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-05-29 تیرۆرکردنی سابیر محەمەد سابیری سەرۆکی بەرگریی میللی و تیپەکانی ئاگرکوژێنەوەی شاری کەرکوك لەلایەن چەند نەناسراوێکەوە، لەم ڕووداوەدا خێزان و برا و کوڕی نێوبراویش تیرۆرکران.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-05-31 بۆردوومانکردنی بارەگای مەڵبەندی یەکێتی لەشاری هەولێر بەچەند گوولـلەهاوەنێك لەلایەن چەند نەناسراوێکەوە، ئەم هێرشەهیچ زیانێکی گیانیی لێنەکەوتەوە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-05-31 کۆچی دوایی دارۆی شێخ نوری شێخ ساڵح بەنەخۆشیی شێرپەنجەلەسوید، نێوبراو ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی بوو.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-06-00 لیانساندەرزی بەڕێوەبەری دەستەڵاتی هاوپەیمانان لەهەولێر ڕایگەیاند کەئامریکا پارەی نییە
بنکەیەك لەکوردستان بکاتەوە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-06-00 شارۆچکەی شێخان خرایەوەسەر موسڵ و بەرپرسەکوردەکانی تێدا دەرکران.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-06-00 بۆ بەرگریکردن لەڕووداوی تیرۆریستی لەشاری هەولێر، لەچەند شوێنێکی کەناری شاری هەولێردا هەندێك چاڵ دروستکرا تاوەکو تیرۆریستەکان نەتوانن بەئاسانی هاتووچۆ بکەن.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-06-00 دەستگیرکردنی تۆڕێکی تیرۆریستی لەهەولێر.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-06-00 کۆتایی ئەم مانگە: د.ق یەکەم بڕیاری دژی کورد دەرکرد بەوەی کەڕایگەیاند پکك تیرۆریستە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-06-00 بەهۆی هەڵوێستی دژ بەکوردی CPI لەکەرکوك، گرووپی کوردی لەئەنجومەنی پارێزگای

کەرکوك دەستی بۆ ماوەیەك لەکار کێشایەوە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-06-00 لەناوچەی گوڵپیی هەورامان دەست بەسەر هەزاران پارچەکەرەستەی شوێنەواریی کۆندا گیرا کەهەندێك قاچاخچی دەیانویست ئاودیوی بکەن و بیفرۆشن بەئێران.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-06-00 بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵەی کەئیسرائیل ڕاهێنان بەپێشمەرگەی کوردی دەکەن لەلایەن تورك و هەندێك لەکەناڵەعەرەبییەکانەوە، بەڵام کورد ئەو هەواڵەی بەدرۆخستەوە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-06-01 مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی نامەیەکیان نارد بۆ جۆرج بوش بۆ گلەییکردن لەپۆڵ بریمەر،
چونکەئەمەی کۆتاییان بەوەرازی نەبوو بوو سەرۆك یان سەرۆك وەزیرانی ئێراق کورد بێت.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-06-01 ڕاگەیاندنی پۆستی سەرۆکایەتی و حوکومەتی ئێراقی، کورد لەپۆستی سەرۆکایەتی و حکوکومەتدا بووەیاریدەدەر و لەوەزارەتەکانیشدا چەند دانەیەکی بەرکەوت. ئەم ڕاگەیاندنەبووەهۆی تووڕەیی خەڵکی کورد چونکەئەوەی لەم پۆستانەدا بەکورد دراوەهیچی ئەوتۆی لەوەی سەردەمی داگیرکەری بەعس زۆرتر نییە. لەم پۆستانەدا ڕۆژ نووری شاوەیس بووەیاریدەدەری سەرۆك کۆمار، بەرهەم ئەحمەد ساڵح یاریدەدەری سەرۆك وەزیران، هوشیار زێباری وەزیری دەرەوە، بەختیار ئەمین وەزیری مافی مرۆڤ، نەسرین بەرواری وەزیری ئەشغال، نەرمین عوسمان وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ئافرەتان و سەوسەن شەریفیش بووەوەزیری کشتوکاڵ.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-06-01 تەقینەوەی ئوتومبیلێکی مینکراو لەبەردەم بارەگای یەکێتی لەبەغدا و بووەهۆی کوژرانی 1 کەس و برینداربوونی چەندانی تر.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-06-02 د.س داوای لەپارتەکوردییەکانی خۆرئاوا کرد چالاکییەکانیان ڕابگران تاوەکو لەپاشەڕۆژدا یاساغ بکرێن بەبیانووی ئەوەی ئەم پارتانەمۆڵەتی یاساییان نییە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-06-06 خۆپیشاندانی خوێندکاران لەهەولێر لەبەردەم بارەگای CPAدا لەدژی هەڵوێستی نادیاری ئامریکا بەرامبەر بەکورد و کوردستانیی کەرکوك.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-06-06 بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی برایەتی تاوەکو ئێستا لەباشووری کوردستان 2000 سەربازی تورك و 60 تانکی تورکی تێدایە.
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی کوردی: برایەتی - 2004-06-06

2004-06-08 دەرچوونی بڕیاری 1546ی نەتەوەیەکگرتووەکان لەمەڕ ئێراق و پاشەڕۆژی، شایانی باسەلەم بڕیارەدا هیچ باسی کوردستان نەکرابوو.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-06-09 تەلەڤزیۆنی تورکی تەرەتەدەستی بەوەشانی کوردی کرد.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-06-09 ئازادبوونی لەیلا زانا و چەند هاوڕێیەکی لەزیندانی تورکدا.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-06-13 هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەوروپا، لەم هەڵبژاردنەدا خاتوو فەلەکناس ئۆجەبۆ دووەمجار بووەوەئەندام پەرلەمانی ئەوروپا.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-06-14 تیرۆرکردنی 5 کورد لەشاری سامەڕا، ئەمانەخەڵکی کەرکوك بوون و لەسامەڕا ئوتۆمبیلەکەیان پەکیدەکەوێت و لەلایەن عەرەبەکانەوەتیرۆردەکرێن و پاشان لاشەکانیان دەسووتێنن و فرێیاندەدەنەچاڵێکەوە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-06-15 خوێندکارانی زانکۆی کەرکوك تابلۆ عەرەبییەکەی بەردەمی زانکۆیان تێکشکاند، شایانی باسەئەم تابلۆیەبەکوردی نووسرابوو و پاشان کرایەعەرەبی.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-06-17 سەردانی یاریدەدەری وەزیری بەرگریی ئامریکا ولفۆیتز بۆ لای مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی و داوای یەکگرتوویی ئێراقی لێکردن.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-06-18 کۆبوونەوەی لیژنەی ئامادەکاریی بەرگریکردن لەکەرکوك لەشاری سۆکهۆڵمی پێتەختی سوید.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-06-19 کۆمەڵێك هونەرمەند لەسلێمانی نامەیەکی ناڕەزاییان لەدژی کارەکانی وەزارەتی رۆشنبیریی یەکێتی بڵاوکردەوە، چونکەوەك لەنامەکەیاندا دەریانبڕیوەگەندەڵی هەموو شوێنێکی ئەم وەزارەتەی گرتووەتەوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-06-20 کۆبوونەوەی چەند وەفدێکی باڵای شیعەلەگەڵ مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانیدا.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-06-21 نەوشیروان مستەفا لەوانەیەکدا بۆ پەیمانگای کادیرانی یەکێتی لەقەلاچوالان ڕایگەیاند کەکەرکوك دەبێت لەلایەن کەرکوکییەکان خۆیانەوەڕزگار بکرێت و ئێمەلەسلێمانی شتێکمان بۆ خۆمان پێکەوەناوەو بۆ کەس تێکی نادەین.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-06-22 هاوکات لەگەڵ سەردانی جەلال تاڵەبانی بۆ ئەنکەرە، د.ت ڕایگەیاندەوەکەدژی هەر ئۆتۆنۆمییەکەبۆ کورد و هەڕەشەشی لەکورد کردت تاوەکو دەست نەگرن بەسەر کەرکوکدا.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-06-25 جەلال تاڵەبانی لەتورکیا ڕایگەیاند: کەئەوەی دژی تورك بێت دژی کوردیشە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-06-25 خۆپیشاندانی خەڵکی مەهاباد دژی ڕژێمی داگیرکەری ئێران.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-06-26 تەقینەوەی ئوتومبیلێکی مینکراو لەشاری هەولێر و بووەهۆی کوژرانی یەك هاولاتی بەناوی سەید عەلی و بریندارکردنی 18 هاولاتیی تر کەیەکێکیان مەحمود محەمەدی وەزیری رۆشنیریی حکومەتی هەولێرە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-06-26 بەستنی کۆنگرەی یەکەمی هەرسێ وەزارەتەکانی مافی مرۆڤی ئێراق و هەولێر و سلێمانی لەهاوینەهەواری دوکان.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-06-27 دادگای د.س بڕیاری 1 تا 2 ساڵ زیندانیی بەسەر 7 کوردادا، ئەمانەهاوینی ساڵی ڕابردوو لەبەردەم

بارەگای یونیسێف لەدیمەشق خۆپیشاندانێکیان سازکرد.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-06-27 تورکەکان ناڕەزاییی خۆیانیان بەرامبەر فیدراڵیی کوردستان لەلایەن جۆرج بوش دەربڕی.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-06-28 مەسعود بارزانی ڕایگەیاند کەکورد نابێتەبەشێکی ئێراقێکی نافیدراڵی.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-06-28 ئامریکییەکان دەستەلاتی سیاسییان بەفەرمی دایەوەدەست ئێراق.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-06-29 دادگای ئەوروپا ئەو داوایەی تاوانبار سەددام حسێنی دایەدواوەتاوەکو ئەم تاوانبارەنەدرێتەوەدەست دەستەلاتی ئێراقی.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-06-29 بەرەگایەکی پارتی لەسەر جادەی شەستیی هەولێر هاوەنباران کرا و بووەهۆی برینداربوونی چەند ئەندامێکی پارتی.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-06-29 گیرانی تیمێکی کوردسات لەبەغدا لەلایەن پۆلیسی بەغداوەبەتاوانی ئەوەی وێنەی ناوچەی قەدەغەکراویان گرتووە، ئەو تیمەبۆ ماوەی 24 کاژێر لەزینداندا مانەوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-06-29 لەکوردستان دەستکرا بەکۆکردنەوەی ئیمزا بۆ لەسێدارەدانی تاوانبار سەددام حسێن.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-06-29 هەوڵی تیرۆرکردنی سەرۆکی پۆلیسی ئازادی لەکەرکوك درا بەڵام سەرکەوتوو نەبوو و لەئەنجامدا پۆلیسێك تیرۆرکرا و هەنێکیش بریندار بوون.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-06-29 حازم یوسفیی ئەندامی یەکێتی بووەنوێنەری ئێراق لەجامیعەی عەرەبی، شایانی باسەئەمەیەکەم جارەکورد نوێنەرایەتیی ئێراق بکات لەو ڕێکخراوەدا.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-06-30 کۆبوونەوەی جەلال تاڵەبانی لەگەڵ سەرۆك پەرڵەمانی ئیتالیادا و ئەمەی دواییان پشتگیریی خۆیی بۆ ئێراقی فیدراڵیی یەکگرتوو دەربڕی.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-06-30 ڕێکخراوی مافی مرۆڤ داوای لەد.س کرد کەئەو 7 کوردەی لەم مانگەدا لەلایەن دادگای د.س بڕیاری زیندانیکردنیان درا ئازاد بکرێن.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-06-30 ئامریکا تاوانبار سەددام حسەین و 11 تاوانباری تری دایەوەدەست دادگای ئێراقی.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-06-30 بەبۆنەی گواستنەوەی دەستەڵات بۆ ئێراق، ئەمڕۆ لەکوردستاندا کرایەپشووی فەرمی.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-00 هەندێك سەرچاوەواپڕاگەیاند کەهەندێك لەدانیشتنەکانی دادگاییکردنی تاوانبار سەددام حسێن لەکوردستان دەبێت و دادگاییکردنی تاوانبار عەلی حەسەن مەجیدیش لەهەڵەبجەبەڕێوەدەچێت.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-00 بەپێی هەندێك سەرچاوەنزیکەی 25 هەزار پێشمەرگەڕەوانەی بەغدا کراوەتاوەکو بەرگری لەو شارەبکەن و کاری تیرۆر کەمبکەنەوە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-00 هێزەکانی د.ا لەشاری سنەهێرشیانکردەسەر هەفتەی کلتووریی شاری سلێمانی.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-07-00 عەبدوڵڵا ئوجەلان ڕایگەیاند کەمستەفا کەمال - ئەتاتورك شۆڕشگێڕێکی مەزن بووە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-00 بەهۆی ئەو کارەتیرۆریستییانەی لەئێراقدا ڕوودەدەن، پەیوەندیی نێوان داگیرکەرانی ئێران و ئێراق بەرەو خراپی چوو، چونکەئێراق داگیرکەری ئێران بەوەتاوانبار دەکات کەپاڵپشتی ئەو تیرۆریستانەیە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-00 ژمارەیەك سەرۆك جاشی ناوچەی موسڵ داوایان لەوەزارەتی ناوخۆی ئێراقی کرد کەوەك جاران فەوجی جاشایەتییان بۆ بکرێتەوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-07-00 بەپێی بڕیارێکی ئێراقی شارۆچکەی پردێ گەڕایەوەسەر سنووری کارگێڕیی کەرکوك.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-00 گیرانی فەرسەت مستەفای بەڕێوەبەری ڕادیۆی یەکگرتن لەدهۆك لەلایەن ئاسایشی پارتییەوە. نێوبراو بەبێ ڕەزامەندیی بەڕێوەبەری ئەوقافی دهۆك لەگوندێکی سەربەشارۆچکەی سمێل وتارێکی ئایینیی لەڕۆژی هەینیدا خوێندووەتەوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-07-00 یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بەشداریی هەڵبژاردنەکانی کۆنگرەی نیشتمانیی ئێراقیی نەکرد.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-07-00 پەرەسەندنی پرۆسەی ڕفاندنی منداڵان لەناوچەکانی دەوروبەری کەرکوك.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-07-00 گەڕانەوەی 800 خێزانی ئاوارەی کورد بۆ کەرکوك.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-07-00 وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی ئێراق لەدیمانەیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی ئەلشەرق ئەلئەوسەتی عەرەبی ڕایگەیاند کەکەس بۆی نییەعارەبەکان لەکەرکوك دەربکات و هەموو ئێراقییەك بۆی هەیەلەهەموو شوێنێکی ئێراقدا بژی.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-00 دەستپێکردنی شەڕی نێوان داگیرکەری ئێران و پکك.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-00 ئارێل شارۆنی سەرەك وەزیرانی ئیسرایل ڕایگەیاند کەئیسرایل هیچ یارمەتییەکی سەربازیی کوردەکانی باشووری نەداوە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-00 لەماوەی ئەم مانگەدا لەناوچەکانی هەولێر و گەرمیان نزیکەی 20 کچ و ژنی کورد خۆیان سووتاندووە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-07-00 نەرویج بڕیاری گێڕانەوەی مەلا کرێکار بۆ ئێراق ڕادەگرێت و مافی نیشتەجێبوونی یاساییشی پێدەداتەوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-07-00 شاندێکی باڵوێزخانەکانی هەندێك لەوڵاتانی خۆرئاوای ئەوروپا سەردانی شاری قامیشلۆی کرد، شاندەکەچاویان بەکۆمەڵێك لەکەسایەتی و نیشتمانپەروارانی کورد کەوت و چەوساندنەوەی کوردیان لەلایەن د.س بینی.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-07-00 سووتاندنی گوندەکانی خۆنان، کۆچکا و قەدرەلەناوچەی ورمێ لەلایەن پاسدارانی د.ا.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-07-01 تاوانبار سەددام حسێن ڕاپێچی دادگای لێکۆڵینەوەی ئێراقی کرا، لەلێکۆڵینەوەکەدا بەهەفت تاوانی گەورەی دژبەمرۆڤایەتی تاوانبارکرا کەدووانیان کیمیابارانی هەڵەبجەو ئەنفال و سەرونگومکردنی هەزاران بارزانی بوو. سەددام لەلێکۆڵینەوەکەدا ڕازی نەبوو بەوەی ئیمزای ئەوەبکات کەئەم تاوانانەی ئاراستەکراوە، شایانی باسەهەندێك لەلێکۆڵینەوەکەبەتەلەڤزیۆن بڵاوکرایەوە. هەروەها هەر ئەمرۆ یاریدەدەرێکی سەددام و تاوانبار عەلی کیمیاوییش خرایەبەردەمی هەمانی دادگای لێکۆڵینەوە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-01 جەلال تاڵەبانی لەئیتالیاوەڕایگەیاند کەدژی لەسێدارەدانی سەددام حسێنە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-02 د.ت بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی PMFی لەباشووری کوردستاندا.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-02 جەلال تاڵەبانی لەڕۆما ڕایگەیاند: یان مافی کورد یان نا بۆ یەکێتیی ئێڕاق.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-02 هەوڵی کوژرانی والیی وان درا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو و بووەهۆی کوژران و بریندارбوونی چەند پارێزەرێکی.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-03 تا 07-07: بەستنی کۆنگرەی 13هەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. لەم کۆنگرەیەدا دورشمی خودموختاری گۆڕدرا بۆ فیدراڵی بۆ کوردستانی بندەستی ئێران لەچوارچێوەی داگیرکەری ئێراندا و هەروەها مستەفای هیجری لەشوێنی عەبدوڵڵا حەسەن زادەبووەسکرتێری حدکا.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-07-04 هەوادارانی پکك لەئەستەمبوڵ خۆپیشاندانێکیان سازدا و پۆلیسی د.ت چەند کەسێکی لێگرتن.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-07-04 کردنەوەی کۆنسوڵخانەی ئامریکا لەگەڕەکی ئەرەفەی شاری کەرکوك.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-04 دەستگیرکردنی تۆڕێکی ئەنسارولئیسلام لەکەرکوك.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-04 دەرچوونی 1ەمین ژمارەی ڕۆژنامەی نێوەند.

2004-07-05 ئاسایشی سلێمانی هەوڵی تەقاندنەوەی هۆتێلی سلێمانی پالاسی پووچەڵکردەوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-07-05 جەماوەری شاری هەڵەبجەلەرێپێوانێکی بەرفراواندا داوای لەسێدارەدانی تاوانبار سەددام حسێنیان کرد.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-06 سەرچاوەیەکی کوردی ڕایگەیاند کەپارتی و یەکێتی لەسەر یەکگرتنەوەی هەردوو حکومەتەکەرێککەوتوون و نێچیرڤان بارزانیش بووەتەسەرۆك وەزیران.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-07 لەشاری بۆخومی ئەڵمانیا هەوڵی تیرۆرکردنی سەعید حەسۆ (مامەند باشوور)ی بەرپرسی پارتی چارەسەری لەئەوروپا درا، بەڵام هەوڵەکەسەرکەوتوو نەبوو و نێوبراو بەخەستی بریندااربوو. هەندێك سەرچاوەواڕادەگەیەنن کەئەمەکردەوەی پکك یە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-07-08 بەستنی 4ەمین کۆنفڕانسی یەکێتیی نووسەرانی کورد -لکی دهۆك.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-07-09 پۆلیسی تورکی هەندێك تاوانی نوێی تری دایەپاڵ لەیلا زانا و هاورێکانی.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-10 لەدوو هەوڵی تیرۆریستیدا بۆرییەکی گازی سروشتی لەشاری کەرکوك تەقێندرایەوەو سینەمای سەلاحەدینیش سووتێنرا.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-10 لەسەر بانگهێشتنی جەلال تاڵەبانی شاندێکی د.ت گەییشتەکەرکوك.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-11 تیرۆرکردنی حەیا سەعید ئەحمەد لەشاری کەرکوك، نێوبراو وەرگێڕی تایبەتیی جەلال تاڵەبانی بوو.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-11 یەکەمین سەردانی ئەیاد عەلاویی سەرۆك وەزیرانی ئێراق بۆ کوردستان.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-12 لافاوێکی گەورەشاری سایین قەلای خۆرهەلاتی کوردستانی گرتەوەو بووەهۆی بێسەروشوێنیی کەسێك و زیانی ماڵیی بەخەڵکی ناوچەکە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-07-12 بەستنی کۆنگرەی داخوازینامەی ژنی کورد لەهۆڵی پەرلەمانی کوردستان لەهەولێر.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-12 لەنێوان بەغدا و کەرکوك هەوڵی تیرۆرکردنی وەزیری تەندروستیی هەولێر درا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو و لەئەنجامدا پۆلیسێکی کورد تیرۆرکرا.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-12 کۆبوونەوەی هەردوو لیژنەی ئاسایشی داگیرکەرانی تورك و ئێرانی لەئەنکەرەبۆ تاووتوێکردن و لێدانی گەریلالاکانی پکك لەناو سنووری د.ا.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-12 بەستنی کۆنگرەی برایەتی و دیالۆگی دیموکراتی لەکەرکوك. ئەم کۆنگرەیەبەدەستپێشخەریی پارتەکوردستانییەکان بوو، بەتایبەتی پارتی.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-13 گیرانی 13 تیرۆریستی ئەنسارولئیسلام و بەرپرسێکی گەورەیان لەکەرکوك.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-13 شاندێکی سەرکردایەتیی پارتی لەنزیك تەلەعفەر لەهەولێکی تیرۆریستی ڕزگاریانبوو.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-07-13 بەڕێوەبەری ڕێگاوبانی دەرەوەی هەولێر ڕایگەیاند کەلەماوەی 7 مانگی ڕابردوودا 397 کەس بەڕووداوی ئوتومبیل مردوون و 1890 هاوڵاتیش بریندداربوون.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-07-13 دەستپێکردنی هەفتەی فەرهەنگیی باشووری کوردستان لەشاری سنە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-07-14 لەهێرشێکی ڕۆکێتیدا بۆسەر گەڕەکێکی شاری کەرکوك 4 کەس لەخێزانێکی کورد تیرۆر کران و ئەوانی تریش بریندداربوون، شایانی باسە3 لەتیرۆرکراوان منداڵن و لەکاتێکدا کەلەسەر سەربانی ماڵەکەیان نووستبوون ڕۆکێتباران کران.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-14 تیرۆرکردنی پارێزگاری موسڵ ئوسامەکەشمولە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-14 ڕێپێوانێکی 5 هەزار کەسی لەئەنکەرەبۆ خوێندنی زمانی کوردی.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-15 ئەنجوومەنی گشتیی بەریتانیا کۆبوونەوەیەکی لەسەر ڕەوشی کوردانی بندەستی داگیرکەری ئێران ڕێکخست.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-07-15 لەناوچەی عوزێمی نێوان کەرکوك و بەغدا هەوڵی تیرۆرکردنی هوشیار زێباری درا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو و لەئەنجامدا یەکێك لەدەستەی پارێزەرانی کوژرا و سیانیشیان بریندار بوون.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-18 ئاسایشی سلێمانی باندێکی تیرۆریستیی بەتۆن و نیوێك مادەی تەقینەوەوەدەستگیرکرد.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-19 کۆچی دوایی پێشمەرگەی دێرین خالید ئاژگەیی لەپیرمام، نێوبراو لەساڵی

1959وەپێشمەرگەبووە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-07-19 پۆلیسی تورک پەلاماری خۆپیشاندانێکی هێمنانەی ژنانی دەهەپی لەدیاربەکردا و 45 ژنی کوردی دەستگیرکرد.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-20 سەردانی یەکەمی غازی عەجیل ئەلیاوەری سەرۆکی ئێراق بۆ هەولێر.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-21 سەردانی غازی عەجیل ئەلیاوەری سەرۆکی ئێراق بۆ شاری هەڵەبجە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-21 کۆنگرەی پارێزگای هەولێر بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی بۆ کۆنگرەی نیشتمانیی ئێراق.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-07-22 تەقینەوەی بۆمبێك لەکەرکوك کەبووەهۆی کوژرانی یەك پۆلیس و بریندابوونی چەند پۆلیسێکی دی.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-24 هەڵبژاردنی 34 نوێنەر لەشاری سلێمانی و دەوروبەری بۆ کۆنگرەی نیشتمانیی ئێراقی.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-07-24 خۆپیشاندانێکی گەورەلەسلێمانی بۆ جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان لەئێراق و دروستکردنی دەوڵەتی کوردی و کەرکوکیش بخرێتەسەر ئەو دەوڵەتە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-24 لێپرسراوێکی ئێراقی ڕایگەیاند کەباری تەندروستیی تاوانبار سەددام حسێن زۆر خراپەو لەم ڕۆژانەدا جەڵتەی مێشك لێیداوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-07-24 لەکابینەی حکومەتی هەولێر 5 وەزیری نوێ دیاریکران.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-07-24 پۆلیسی د.ت کوژرانی جەنگاوەرێکی کوردی لەناوچەی هەکاری ڕاگەیاند.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-07-25 گیرانی چەند چەکدارێکی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان لەکەرکوك لەلایەن ئامریکییەکانەوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-07-26 هەندێك ناوەندی عەرەبی ئەوەی بڵاوکردەوەکەجەلال تاڵەبانی بەنهێنی لەم مانگەدا چووەبۆ ئیسرائیل، بەڵام ینك ئەمەی بەدرۆخستەوە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-26 تەقینەوەی ئوتومبیلێکی مینرێژکراو لەدەروازەی شاری دیانا و بووەهۆی کوژرانی ئەو دوو تیرۆریستەی کەنیازیانبوو ئوتومبیلەکەلەناوشار بتەقێننەوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی کوردستان نیوز

2004-07-26 دەستپێکردنی هەنگاوی یەکەمی جێبەجێکردنی پاڵاوگەی نەوتی کۆیە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی کوردستان نیوز

2004-07-27 لەهێرشێکی پکك بۆسەر تورك لەنزیك بنگۆل جەندرمەیەك و جاشێك کوژران و 6ی تریش برینداربوون.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی کوردستان نیوز

2004-07-27 کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای بزووتنەوەی ڕیفراندۆم لەهەولێر، ئامانجی ئەم کۆبوونەوەیەداڕشتنی بەرنامەیەکەتاوەکو ئەم بزووتنەوەیەلەسەر ئاستی سیاسیی کوردستان کاربکات.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی کوردستان نیوز

2004-07-28 بەرێوەبەرانی کۆمیتەی بەرەو ڕیفراندۆم لەئوستراليا کۆمیتەکەیانیان هەڵوەشاندەوە، لەبەیاننامەیەکدا هۆی ئەم هەڵوەشاندنەوەیەیان گەڕاندووەتەوەبۆ دەستتێوەردانی پارتی و یەکێتی لەبزووتنەوەی ڕیفراندۆمدا بۆ مەبەستی تایبەتیی خۆیان.

2004-07-28 بەهۆی گوللەهاوەنێکەوەلەشارۆچکەی دوزخورماتوو، سەربازێکی ئامریکی دەکوژرێت و 8 کەسیش برینداردەبن.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-07-28 هێرشێکی پکك بۆسەر بنکەیەکی پۆلیس لەناو شاری ئامەد، ئەمەیەکەم هێرشەلەناو شاری ئامەددا لەکاتی ئاگربەستەوە، لەم هێرشەدا پۆلیسێك کوژرا و یەکێکیش بریندواربوو.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-28 خۆپیشاندانێکی کلدانییەکان لەشاری هەولێر بۆ داواکردنی مافەکانیان لەچوارچێوەی ئێراقدا، لەخۆپیشاندانەکەچەند سەد کەسێك بەشداریی تێداکرد.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-07-31 دەرچوونی ژمارە 1ی ڕۆژنامەی زەنگی زانکۆ.

2004-08-00 ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەتی عەرەبی ڕاپۆرتێکی لەسەر جموجۆڵی بازرگای لەئیبراهیم خەلیل بڵاوکردەوە، بەپێی ئەو ڕاپۆرتەجموجۆڵی بازرگانی لەئیبراهیم خەلیدا کزبووە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-08-00 ئەنجوومەی شیعەی تورکمان ڕایگەیاند: ئەگەر کەرکوك نەبێتەپایتەختی تورکمانستان، ئەوا نابێت کوردستانیش ببێت.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-08-00 لەماوەی 2 هەفتەدا نزیکەی 40 هەزار فەلەلەترسی تیرۆر ئێراقیان جێهێشت.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-08-00 300 ماڵەکوردی شارۆچکەی ڕەبیعەهەرەشەی ئاوارەبوونیان لەلایەن عەرەبەهاوردەکانەوەلەسەرە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەری پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-08-00 کۆمەڵێك ئەفسەری کورد بەهۆی دژایەتیی شۆڤێنییانەی ئەفسەرەعەرەبەکانەوەسوپای عێراقیان بەجێهێشت.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-08-00 دزرانی قورئانەکەی نگڵ لەلایەن چەند نەناسراوێکەوە، ئەم قورئانەبۆ سێیەم جارەکەدەدزرێت و دەستنووسەو تەمەنی دەگەڕێتەوەبۆ 1000 ساڵ پێش ئێستا و لەگوندی نگڵی نێوان سنەو مەریواندا پارێزرابوو.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-08-00 حکومەتی سلێمانی و کۆمپانیایەکی چینی ڕێکەوتننامەی ڕێگای دوو سایدی دوکان - سلێمانی و دروستکردنی تونێلی هەیبەت سوڵتانیان مۆرکرد.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-08-00 حەسیب ڕۆژبەیانیی یاریدەدەری پارێزگاری کەرکوك ڕایگەیاند کەلەم مانگەدا نزیکەی 5 هەزار خێزانی کورد گەڕاونەتەوەکەرکوك و واچاوەڕوان دەکرێت ئەو ژمارەیەڕوو لەزۆربوون بکات.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەری پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-08-00 عەبدوڵڵا ئوجەلان بەتوندی سەرکۆنەی سەرۆکی شارەوانیی دیاربەکری کرد کەچووەتەپرسەی جەنگاوەرێکی پکك.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەری پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-08-00 دامەزراندنی پارتی وڵاتپارێزی دیموکراتی لەلایەن عوسمان ئۆجەلانەوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەری پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-08-00 کۆتایی ئەم مانگە: تیرۆرکردنی دکتۆر سەعدوڵڵا حسێن حەسەن گەرگەری و دوو هاوڵاتیی کوردی تر بەناوی شەهاب ئەحمەد و محەمەد ڕەسوڵ لەزوممار.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەری پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-08-00 ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی داگیرکەری سووریای بەوەتاوانبار کرد کەڕەفتاری دژبەمرۆییانەی بەرامبەر زیندانییەکوردەکان نواندووە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-08-00 لەژاپۆن 3000 ئیمزا کۆکرایەوەبۆ پاڵپشتی بەپەناهاندەوەرگرتنی ئەو دوو خێزانەکوردەی باکوور کەلەم مانگەدا گەیشتبوونەتۆکیۆ و داوای پەنابەرێتییان کردبوو.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەری پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-08-00 بەرزبوونەوەی دژایەتیی نێوان هەردوو کۆمپانیای مۆبایلی ئاسیاسێڵ و کۆڕەك تێلکۆم،

چاودێرەکان ئەم دژایەتییەبەجەنگی ساردی نێوان پارتی و یەکێتی دادەنێن.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-08-00 کۆتایی ئەم مانگە: چەند قاچاخچییەکی کورد و هەندێك پاسداری داگیرکەری ئێران لەنزیك خانەوەدایان بەیەکدا و لەئەنجامدا سەروانێکی سوپای ئێران کوژرا و کوردێکیش بریندارببوو.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-08-00 گیرانی کاربەدەستێکی میریی د.ا لەناوچەی ئامردەی شاری بانە، بەتاوانی ئەوەی بەگڵۆپی سەوز و سوور و زەرد ئاڵای کوردستانی دروستکردبوو بەبۆنەی پێشوازیکردنی خاتەمییەوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-08-00 11 ئەفسەری پۆلیسی کورد لەگەڵ 29ی تری عەرەبدا بۆ ڕاهێنان چوونەمیسر.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-08-00 بەهۆی ڕوودانی کاری تیرۆریستییەوەکوردەیەزیدییەکان بەئاگاییەکی زۆرەوەجەژنی هاوینیان گێڕا.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-08-00 پارێزگاری موسڵ نارەزایی بەرامبەر دەستێوەردانی کورد بۆ کاروباری شاری موسڵ دەربڕی.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-08-00 سەرچاوەیەکی کوردی بەڕۆژنامەی هاوڵاتیی ڕاگەیاند کەعەرەب دژی ئەوەن پۆستی سەرۆکی پەرلەمان بدرێت بەکەسێکی کورد.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-08-00 ئاسایشی سلێمانی دەستی بەسەر 22 کلیۆ تلیاکدا گرت و بەچاودێریی فەرمانگەی تەندروستیی سلێمانی لەناوبران.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-08-00 بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی گاردیان کۆمپانیای مایکرۆسۆفت لەگەڵ داگیرکەری تورکدا تووشی کێشەبووەلەسەر ئەوەی مایکرۆسۆفت لەبەرنامەکانی ۆردی 95 و 97دا نەخشەیەکی کوردستانی بڵاوکردووەتەوەو کوردستانی وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ پیشانداوەو تورکیا ئەم دوو بەرنامەیەی لەسەر ئەو نەخشەیەقەدەغەکردووە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-08-00 بەهۆی بارودۆخی خراپی شارۆچکەی جەلەولا و دژایەتیی عەرەبەهاوردەکان بۆ کورد، ژمارەیەکی زۆری کورد لەم مانگەدا جەلەولایان جێهێشت.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-08-00 چەند دەوڵەمەندێکی تورکمان چەند خانوویەك لەقەڵای هەولێر دەکڕن.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-08-00 3 کەناڵی تەلەڤزیۆنی تورکی داوای پێشکەشکردنی بەرنامەکانیان بەزمانی کوردی کرد.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-08-00 هیومان رایتس وۆچ راپۆرتێکی 78 لاپەڕەیی لەسەر بەعەرەبکردنی ناوچەکانی باشووری کوردستان بڵاوکردەوە، ئەم راپۆرتەگرنگییەکی تایبەتیی هەیە، چونکەلەلایەن رێکخراوێکی نێودەوڵەتییەوەنووسراوە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

2004-08-00 چین نارەزایی خۆیی بەرامبەر چوونی نێچیرڤان بارزانی دەربری بۆ تایوان.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندنی کوردی

2004-08-00 کۆچی دوایی کەمال شێخ غەریب لەبەریتانیا، نێوبراو لەشۆرشی ئەیلوولدا ئەندامێکی بەرز بوو.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندنی کوردی

2004-08-00 بەپێی راپۆرتێك کەلەرۆژنامەی واشینگتۆن پۆستدا بڵاوکراوەتەوە، نەتەوەیەکگرتووەکان حکومەتی کوردستانی بەتاڵانکەر ناوبردووەو دەستی گرتووەبەسەر کۆمەڵێك کەلوپەلی نەتەوەیەکگرتووەکاندا.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەری پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-08-00 بەپێی بریارێکی ئەنجوومەنی وەزیرانی سلێمانی، سەرۆك و گشت کارمەندانی دەزگای شەهیدان لەسەر گەندەڵی سزادران.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندنی کوردی

2004-08-00 بۆ نەهێشتنی دیاردەی سواڵکەری، حکومەتی سلێمانی موچەی مانگانەی بۆ سواڵکەرەکان برییەوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەری پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-08-00 ئامریکییەکان ئاڵای کوردستانیان لەناو شاری کەرکوکدا داگرت و لەشوێنیاندا ئاڵای کۆنی داگیرکەری ئێراقییان بەرزکردەوەو بەم کردارەیان تورکمانەکان زۆر خۆشحاڵ بوون.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

2004-08-00 ئەم مانگەو مانگەکانی پێشوو: هەزاران پەناهاندەی کوردی بندەستی ئێران لەئۆردوگای ئاڵتاشی داگیرکەری ئێراقیدا لەترسی تیرۆریستانی عەرەب بەرەو کوردستان هەڵهاتن. شایانی باسەژمارەی پەناهاندەکانی کەمپەکەلەم چەند مانگەی دواییدا لە13 هەزارەوەهاتووەتەسەر 3 هەزار.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندنی کوردی

2004-08-00 کۆتایی ئەم مانگە: دەرچوونی ژمارەسفری رۆژنامەی دوستلوق - دۆستایەتی لەلایەن کۆمەڵەی دۆستایەتی کورد - تورکمان لەکەرکوك.

2004-08-00 دۆناڵد رامسفیڵدی وەزیری دەرەوەی ئامریکا لەوتەیەکی فەرمیدا ناوی کوردستانی هێنا. بەهۆی ئەم وتەیەوەتورك نارەزایی خۆیان دەربری بەبیانووی ئەوەی رامسفیڵد لەجیاتی باکووری ئێراق وشەی کوردستانی بەکارهێناوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەری پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-08-00 هەفتەنامەی ئەلمەناری فەلەستینی رایگەیاند کەئیسرائیل خەریکی دروستکردنی

فرۆکەخانەیەکی گەورەیەلەهەولێر.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-08-00 کۆتایی ئەم مانگە: سامی شەبەکی سەرۆکی کۆمەڵەی لیبراڵیی تورکمانی ڕایگەیاند: کەئاوارەبگەڕێنەوەو نەگەڕێنەوەئەوا کەرکوك هەر کوردستانە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-08-00 بولێند ئەجەویدی سەرۆك وەزیرانی پێشووی تورك لەڕووبەڕوویەکدا ڕایگەیاند کەبەڕەگەز کوردەو نازناوی بنەماڵەکەیان کاتی خۆی کوردزادەبووە، شایانی باسەنێوبراو یەکێك بوو لەدوژمنەسەرسەختەکانی کوردستان کورد لەکاتی فەرمانڕەواییيدا.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-08-00 جیابوونەوەی چەند کادر و ئەندامێك لەبزووتنەوەی ئیسلامی.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-08-00 کۆتایی ئەم مانگە: بەهۆی ململانێی ئەندامانی ناو لکی 2ی هەولێری پارتییەوە، ئەم لکەکرایەدوو بەش و لکی 16 پارتی دامەزرا کەگرنگی دەدات بەڕێکخستنەکانی دەرەوەی هەولێر و لکی 2ش تایبەتەبەکاروباری ناو هەولێرەوە، ئەمین نەجاریش کرایەبەرپرسی لکی 16.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-08-00 کردنەوەی پەیمانگای هونەرەجوانەکان لەشاری کەرکوك.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-08-00 نزیکەی 200 پارچەزەوی بەسەر خانەوادەی شەهیدانی ئاوارەکانی کەرکوکدا دابەشکرا، ئەو پارچەزەوییانەدەبنەگەڕەکێکی نوێ لەباشووری خۆرهەڵاتی کەرکوك و گەڕەکەکەش ناونرا گەڕەکی سەروەران.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-08-00 تورکیا بڕیاریدا 100 ئەندامی بەرەی تورکمانی بەرێتەتورکیا بۆ ڕاهێنانیان.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-08-01 ڕێکخستنی ڤیستیڤاڵێکی کلتووری لەشاری دەرسیم، سەرئەنجامی ئەم ڤیستیڤاڵەبەخۆپیشاندانی کەسوکاری زیندانەڕامیارییەکان شکایەوەو بووەهۆی برینداربوونی 30 پۆلیس و 24 کوردیش دەستگیرکران.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-08-02 ژنێکی کورد لەسوید خۆی و دوو منداڵی 6 و 7 ساڵەیی کوشت.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-08-03 پارتی یەکێتیی کورد لەسووریا ڕایگەیاند کەکوردێك لەزینداندا و لەژێر ئەشکەنجەدا گیانی لەدەستداوە، ئەم کوردەلەناوەڕاستی مانگی پێشوودا گیراوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-08-03 گیرانی ئوتومبیلێکی مینکراو بە30 کیلۆ مادەی فسفۆڕ لەیەکێك لەزاڵگەکانی دهۆك.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-08-04 ڕوودانی شەڕ و پێکدادانێکی زۆر لەشاری موسڵ لەنێوان هێزی پۆلیس و تیرۆریستاندا، لەئەنجامدا دەیان کەس لەهەردوولا کوژران و بریندداربوون. یەکێك لەتیرۆریستەکوژراوەکان برایەکی مەلا کرێکار بوو بەناوی خالید مەجید فەرەج کەبەسەید ناسراوە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-08-04 کوژرانی پۆلیسێکی تورك لەئاگری و برینداربوونی یەکێکی تر.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-08-04 د.س چەند زیندانێکی سیاسیی تری ئازاد کرد، یەکێك لەو زیندانییانە34 ساڵەزیندانییەو بەکۆنترین زیندانیی جیهان دەژمێردرێت.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-08-06 لەحەویجەکوردێك بەناوی نەجدەت عەبدوڵڵا عیزەت لەلایەن عەرەبەکانەوەچوارپەلی دەشکێنرێت و هەردوو چاویشی بەچەقۆ هەڵدەکۆڵن.
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی کوردی: هاوڵاتی - 11-08-2004.

2004-08-07 پرۆفیسۆرێکی کورد د. حسێن خانەقا بووەسەرۆکی زانکۆی کەرکوك.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-08-07 باڵوێزی ئامریکا لەئێراق جۆن نیگرۆپۆنتی سەردانی پەرڵەمانی کوردستانی کرد لەهەولێر.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-08-08 تەقینەوەی بۆمبێك لەشاری بینگۆل و بووەهۆی کوژرانی 3 سەربازی تورك و برینداربوونی 2ی دیکە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-08-08 لەهێرشێکی گەریلاکانی کۆنگرەی گەل بۆسەر بنکەیەکی پۆلیسی شاری ماردین، 4 پۆلیس بریندداربوون.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-08-08 تیرۆریستێکی سعودی ویستی لەبەردەم بارەگای پارتی لەموسڵ ئوتومبیلێك بتەقێنێتەوە، بەڵام پێش ئەوەی کارەکەی ئەنجام بدات دەستگیرکرا.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-08-08 بەهۆی نانەوەی مینێك لەشاری وان چەکدارێکی پکك کوژرا و یەکی دیش برینداربوو.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-08-08 دوو تیرۆریستی عەرەبی سووری ویستیان بارەگای یەکێتی لەشاری موسڵ بتەقێننەوە، بەڵام پێش ئەنجامدانی کارەکەیان دەستگیرکران.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-08-08 وەزیری بەرگریی د.ق ڕایگەیاند کەد.ا سەرچاوەی زۆربەی کارەتیرۆرییەکانی نێو ئێراقەو ئێران یەکەم دوژمنی ئێراقە.

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-08-08 کەناڵی گەرمیانی تەلەفزیۆنی کوردستان و دەنگی کوردستان لەشاری خانەقینەوەدەستی بەپەخش کرد.

2004-08-09 هەوڵی کوژرانی عیرفان کەرکوکیی سەرۆکی پارتی گەلی تورکمانی ئێراق درا لەکەرکوک، بەڵام هەوڵەکەسەرکەوتوو نەبوو. شایانی باسەئەوانەی ویستیان نێوبراو بکوژن تورکمانن و یەکێکیان بەبریندارى دەستگیرکراوە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-08-09 پۆلیسی تورک لەئەستەمبوڵ 7 کەسی سەربەپکك گرت.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-08-09 وەزیری بەرگریی د.ا ڕایگەیاند کەوەزیری بەرگریی د.ق کەم ئەزموونەو ئێران بەهیچ جۆرێك پەیوەندیی بەڕووداوەکانی ئێراقەوەنییە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-08-10 تیرۆرکردنی 2 پم یەکێتی لەجەلەولا.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-08-10 ڕوودانی چەند تەقینەوەیەك لەشاری ئەستەمبوڵ لەچەند هۆتێلێکدا و بووەهۆی کوژرانی گەشتیارێك و بریندارکردنی چەند کەسێکی دیکە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-08-13 لەپێکدادانێکی نێوان پکك و داگیرکەری تورك لەسەر سنووری نێوان داگیرکەرانی ئێراق و تورکیا ئەفسەرێکی تورك کوژرا.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-08-13 ئامریکا هۆشداریی دایەهاوڵاتییانی خۆی لەترسی پەلاماردانی پکك.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-08-13 لەبازگەی کەرکوك بەغدا دوو مین کەلەدوورەوەکۆنترۆڵکرابوون لەکاتی تێپەڕبوونی 18 ئوتومبیلی کادر و لێپرسراوانی کورد تەقییەوە، بەڵام تەنها زیانی ماڵیی بەئوتومبیلەکان گەیاند.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-08-14 هێرشێکی پکك بۆسەر ماڵی عوسمان ئوجەلان لەشاری موسڵ لەگەڕەکی نەبی یونس، بەڵام پۆلیسی ئێراقی هێرشی کردەسەر پەلامارەران و یەکێکی بەبریندارى لێ دەستگیرکردن.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-08-15 بەستنی کۆنگرەی نیشتمانیی ئێراق لەبەغداد، کورد بەڕێژەی 20% بەشداریی کرد.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-08-15 ڕۆژنامەی زەمانی تورکی لە ڕاپۆرتنامەیەکدا نووسیوویەتی کەبۆشاییەکی کارگێڕی

لەباکووری ئێڕاقدا هەیەو لەساڵی 2003دا ژمارەیەك چەك و تەقەمەنیی زۆر لەوێوەئاودیوی تورکیا کراوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-08-15 بەپێی هەندێك سەرچاوەی کوردی ژمارەی ئەو تورکمانانەی کەرکوك کەنوێنەرایەتیی تورکمانی کەرکوکیان کردووەلەژمارەی نوێنەرەکوردەکانی کەرکوك زۆرتر بوون.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-08-16 کەشتییەك بە150 کۆچبەری نایاساییەوەگەییشتەکەنارەکانی ئیتالیا و لەنێویاندا ژمارەیەك کوردی باکووری تێدایە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-08-16 غازی ئەلیاوەری سەرۆکی کاتیی د.ق سەردانی تورکیای کرد، لەم سەردانەیدا پەیمانی دژایەتیکردنی پکك بەتورکاندا.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-08-16 لەناوچەی وان پێکدادانێك لەنێوان پکك و جاشەکانی تورکدا ڕوویدا و بووەهۆی کوژرانی گەریلـلایەك و جاشێك. شایانی باسەتەرمی گەریلـلاکەبەچەکەوەکەوتەدەست د.ت.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-08-16 پارێزگاری کەرکوك و سەرۆکی لیژنەی سەرژمێریی شاری کەرکوك ڕایانگەیاند کەسەرژمێری لەکەرکوکدا سەرناگرێت تاوەکو ئاوارەکان نەگەڕێنەوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-08-16 کۆچی دوایی بناساز و لێکۆڵەر د. نەریمان عەزیز پشتیوان لەبەغدا.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-08-16 گروپی کوردی لەکۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك کشایەوە، چونکەئەنجوومەن ڕازی نەبوو پاسپۆرت بدرێتەکوردەئاوارەکانی کەرکوك. شایانی باسەئەم کێشەیەبەهۆی گروپی تورکمانەکانەوەبوو چونکەبەڕێوەبەری پاسپۆرتی کەرکوك تورکمانەو سەربەبەرەی تورکمانییە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-08-16 باڵوێزی ئامریکا لەئەنکەرەڕایگەیاند کەهیچ پەیوەندییەك لەنێوان ئامریکا و پکك نییە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-08-17 بەئامادەبوونی خاتەمی کارگەی تواندنەوەی ئاسن و کارگەی دروستکردنی تراکتۆر و کارگەی پەترۆکیمیاویی لەشاری سنەکرانەوە، خاتەمی لەم بۆنەیەدا وتی کەکورد داهێنەر و بەتوانان.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-08-18 کۆچی دوایی هونەرمەندی گۆرانیبێژ فوئاد ئەحمەد بەنەخۆشی لەیەکێك لەنەخۆشخانەکانی هۆڵندا، نێوبراو ئەم ساڵانەی دوایی تەمەنی لەهۆڵندا بەسەر برد.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-08-18 لەنێوان دوبز و کەرکوك چەند عەرەبێك کوردێکیان بەناوی ئازاد هاوارەوەتیرۆر کرد.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-08-19 ناوەندی فەرهەنگی و زانستیی ڕۆنان یەکەم فیستیڤاڵی خۆی لەشاری مەریوان ئەنجام دەدات.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-08-19 ئاشکراکردنی ناوەکانی پەرلەمانی نوێی ئێراق، لەوانە 26 کەسیان کوردن.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-08-20 جیابوونەوەی کۆمەڵێك کادر و ئەندامان لەحیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-08-21 حەسیب ڕۆژبەیانیی ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك ڕایگەیاند کەلەماوەی نێوان کەوتنی بەغداد و ئێستادا نزیکەی 3400 خێزانی عەرەبی هاوردەکەرکوکیان بۆ باشووری ئێراق جێهێشتووەو نزیکەی 14 هەزار خێزانی کوردیش گەڕاونەتەوەئەو شارە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-08-21 د.ت ئۆپەراسیۆنێکی بەرفراوانی بۆسەر پکك لەباکووری کوردستاندا دەستپێکرد.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-08-22 تورکمانەکانی شاری کەرکوك خۆپیشاندانێکیان لەدژی گەڕانەوەی کورد بۆ شاری کەرکوك سازکرد.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-08-22 گیرانی 2 ئوتومبیلی مینکراو لەبازگەی قەسرۆکی نێوان موسڵ و هەولێر و کوژرانی 2 تیرۆریست و گیرانی سێیەمیان.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-08-22 گەڕانەوەی تەرمی هونەرمەند فوئاد ئەحمەد لەهۆڵنداوەبۆ کوردستان.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-08-22 دۆزرانەوەی تەرمی شێرزاد حەسەن محەمەد لەگەڕەکی قادسیەی شاری کەرکوك، نێوبراو ئەندامی ینك بوو لەلایەن چەند تیرۆریستێکەوەتیرۆرکراوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-08-23 بنکەی تەلەڤزیۆنی ئاسمانیی کوردستان لەکەرکوك لەلایەن تیرۆریستانەوەدرایەبەر موشەك، بەڵام ئەم هێرشەتەنها زیانی ماڵیی لێکەوتەوە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-08-23 لەڕووداوێکی دڵتەزێنی ئوتومبیلدا لەنزیك ئۆردوگای پیرەمەگروونی نێوان دوکان و سلێمانی هونەرمەند کامەران ڕەفیق و ڕۆژنامەنووس ئازاد مەحموود کۆچی دواییان کرد، هەروەها لەهەمان ڕووداودا هەردوو هونەرمەند شۆڕش قادر و عەلی کەریم بەخەستی بریندارببوون.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-08-23 دۆزرانەوەی تەرمی نەواف محەمەد شێخۆ بەسەربڕاوی، نێوبراو ئەندامی ینك بوو لەموسڵ و

پێش 4 ڕۆژ لەلایەن چەند تیرۆریستێکەوەلەماڵەکەی خۆی ڕفێنرابوو.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-08-23 بەرپرسێکی هێزەکانی هاوپەیمانان لەکەرکوك ڕایگەیاند کەلەماوەی ڕابردوودا 21252 کورد و 7 عەرەب و 304 تورکمان گەڕاونەتەوەکەرکوك و 25962 کەسیش کەرکوکیان جێهێشتووە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-08-24 وەزارەتی ژینگەی ئێراق بڕیاریدا هەزاران نەمامی جۆراوجۆر لەشاری هەڵەبجەدا بروێنێت.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-08-25 شۆفێرەکانی خەڵکی سلێمانی و دهۆك ویستیان لەبەردەم وەزارەتی ناوخۆی هەولێردا خۆپیشاندانێك سازبکەن، بەڵام پاسەوانانی وەزارەت خۆپیشاندانەکەیان بڵاوەپێکرد. ئامانجی خۆپیشاندانەکەوەرگرتنی کارتی کار بوو بۆ ئەو شوفێرانە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-08-25 ڕەوەندی کورد و حکومەتی خۆرئاوای کوردستان لەدەرەوەی وڵات لەبەردەم بارەگای حکومەتی بەریتانی لەلەندەن خۆپیشاندانێکیان سازدا. شایانی باسەسکرتێری تۆنی بلێر پێشوازی لەنوێنەرانی ئەم خۆپیشاندانەکرد و خواستی خۆپیشاندانەکەئەوەبوو کەکوردستانی بندەستی داگیرکەری سووریا بخرێتەژێر چاودێریی نێودەوڵەتییەوە.
سەرچاوەی 1, هاوڕێنامەهاوڕێنامە

2004-08-25 نوێنەرانی کورد لەپەڕلەمانی ئێرانیدا فراکسیۆنێکی نوێی کوردییان پێکهێنا.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-08-26 ئوتومبیلێکی مینکراو بۆ سەعدی ئەحمەد پیرەی ئەندامی سەرکردایەتیی ینك لەموسڵ دانرا، بەڵام نێوبراو سەلامەت بوو و یەکێك لەپاسەوانەکانی بریندراربوو.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-08-26 چەند پارتێکی کوردی لەخۆرئاوای کوردستان لەبەیانێکیاندا داگیرکەری سوورییان بەوەتاوانبارکرد کەهێشتا هەر بەردەوامەلەسەر هەڵمەتی گرتنی کورد، سەرچاوەیەکی تریش ڕایگەیاند کەلەم مانگەدا 23 کورد گیراون.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-08-27 ڕفاندنی بەهادین کەوسەری ئەندامی سەرکردایەتیی بەرەی تورکمانی لەنێوان کەرکوك و توزخورماتوو. شایانی باسەبەرەی تورکمانی کورد بەئەنجامدانی ئەم کارەتاوانبار دەکەن.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-08-27 هەندێك سەرچاوەوایان ڕاگەیاند کەموقتەدا سەدر لەنەجەف ڕایکردووەو چووەتەسلێمانی. بەڵام ینك ئەمەی بەدرۆ خستەوە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-08-27 پکك - کۆنگرەی گەل ڕایگەیاند کەئەگەر تورکیا ڕازی بێت ئەوا ئێمەئاگربەست ڕادەگەیەنین.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-08-28 د.س چەند لاوێکی خەڵکی هەڵەبجەو شارەزووری زیندانی کرد، ئەمانەبۆ ئەوەی خۆیان بگەیەننەئەوروپا چووبوونەسووریا.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-08-29 ژن و مێردێکی کورد بەناوی (سۆزان ئیبراهیم و هونەر ئیبراهیم) لەبەریتانیاوەبەمەبەستی سەردانی کوردستان هاتنەئەستەمبوڵ، بەڵام کاتێك سەیری پاسپۆرتەکانیان کراوە، بەرپرسانی فرۆکەخانەکەدیتوویانەلەو شوێنەی کەدەنووسرێ خەڵکی کوێن نوسراوە(کوردستان). هەر بۆیەبێ ئەوەی رێگەیان پێ بدرێ بێنەنێو تورکیاوە، لەفرۆکەخانەوەبەرەو بەریتانیا بەرێیان دەکەنەوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-08-29 هێرشێکی تیرۆریستی بۆسەر بارەگای یەنك لەشاری موسڵ و بووەهۆی تیرۆرکردنی ئەندامێکی یەنك و بریندار بوونی 2 هاوڵاتی و نزیکەی 10 ئەندامی تری یەنك.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-08-30 بەهۆی بریندارکردنی لاوێکی خەڵکی مەهاباد لەلایەن پاسدارانەوەبەهۆی گوایا دژایەتیکردنی قاچاخچێتی خواردنەوەی کهولییەوە، خەڵکی شارەکەنازەرەزاییان دەربڕی و ماوەیەکی زۆر لەبەردەم نەخۆشخانەی "ئیمام" خومەینی مانەوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-08-31 گروپی ڕێباز کۆسرەت لەلەندەن بەیانێکیان دەربارەی دەستماچکردنەکەی جەلال تاڵەبانی بۆ سەنعان قەساب دەرکرد، لەو بەیانەدا ئەم گروپەبەرگری لەجەلال تاڵەبانی دەکەن کەکاری واهی لەو ناوەشێتەوەو بەڵکو تەزبیحەکەی کەوتووەتەخوارەوەوبۆیەنووشتاوەتەوەوبۆ هەڵگرتنەوەی و لەکاتی وێنەگرتندا وادێتەپێش چاو کەدەستی سەنعان قەسابی تورکمان ماچدەکات.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-08-31 کوژرانی ئیسماعیل ئیبراهیمی سەرۆکی پەروەردەی شاری کەرکوك، نێوبراو تورکمان بوو و زۆر دژایەتیی خوێندنی کوردیی دەکرد لەکەرکوکدا.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-09-00 بەپێی هەندێك سەرچاوەدیکتاتۆر سەددام حسێن لەلایەن ئامریکییەکانەوەهێنراوەتەهاوینەهەواری دوکان و ماڵومنداڵەکەشی لەتورکیاوەهاتوون بۆلای بۆ بینینی.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-09-00 هەفتەی ڕووناکبیریی سنەلەشاری سلێمانی، لەم هەفتەیەدا دەستەیەك لەڕووناکبیران و هونەرمەندانی شاری سنەلەسلێمانی نمایشی کارەکانی خۆیانیان کرد. شایانی باسەهونەرمەند هەباسی کەماندیش بەشداربوو.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-09-00 13 پۆلیسی کورد لەشاری بەعقوبەتیرۆرکران. شایانی باسەهەندێك سەرچاوەباسی ئەوەدەکەن کەپارێزگاری بەعقوبەدەستی لەم کارەتیرۆریستییەدا هەبێت.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-09-00 یەکێتی هاتنی سەددام و خێزانەکەیی بۆ شارۆچکەی دوکان بەدرۆخستەوە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-09-00 تیرۆریستەعەرەبەکان 3 لاوی کوردی خەڵکی زاخۆیان سەربڕی.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-09-00 هەندێك سەرچاوەی کوردی باس لەوەدەکەن کەئامریکییەکان دەیانەوێت هەموو ئەو فەرمانبەرەکوردانەی ناوچەی خانەقین و مەندەلی لەکار لابدەن کەلەلایەن پارتی و یەکێتییەوەدامەزراون. هەروەها سنووریشیان بۆ هێزەکانی ئاسایشی ینك لەناوچەکەدا داناوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-09-00 پارتەکوردییەکانی باکوور نارەزایی بەرفراوانیان دژی د.ت دەبڕی لەدژی پەلاماردانی سوپای تورك بۆ باکووری کوردستان.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-09-00 بەپێی هەندێك سەرچاوەی کوردی نەوتێکی زۆر لەناوچەی ئاکرێ دۆزراوەتەوەو ڕێژەی نەوتەکەش بەهێندەی نەوتی کەرکوك مەزندەدەکرێت.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-09-00 بەپێی ڕاپۆرتێکی کۆمەڵەی مافی مرۆڤ لەتورکیا لەماوەی 15 ساڵی ڕابردوودا 3700 گوندی کورد رووخێنراون خەڵکەکەشی ڕاگوێزراون.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-09-00 بابەکر زێباری بووەسوپاسالاری سوپای ئێراق.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-09-00 بەپێی ڕاپۆرتێکی تەلەڤزیۆنی NTVی تورکی تاوەکو ئێستا 100 هەزار کورد گەڕاونەتەوەبۆ کەرکوك و 60 هەزار عەرەبیش کەرکوکیان جێهێشتووە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-09-00 بەپێی لێدوانێکی سەرۆکی ژووری بازرگانیی سلێمانی تاوەکو ئێستا 50 کۆمپانیای تورکی ئۆفیسیان لەشاری سلێمانیدا کردووەتەوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-09-00 بەپێی ڕاپۆرتێکی ئەسۆشییەتیدپرێس کەرکوك لەسەر لێواری تەقینەوەیە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-09-00 کۆتایی ئەم مانگە: بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامەکوردییەکان، د.ت ڕەزامەندیی خۆیی بۆ نیشتنەوەی فڕۆکەکوردییەکان ڕاگەیاندووەبۆ ئەوەی لەوێوەهاتووچۆی کوردستان بکەن بەو مەرجەی ئاڵای کوردستان بەسەر فڕۆکەکانەوەنەبێت.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-09-00 بەپێی هەندێك سەرچاوەی کوردی لەم مانگەدا لەناوچەی هەڵەبجەژمارەیەکی زۆری چەکداری پارتی چوونەتەناو یەکێتی و هەروەها ژمارەیەکی زۆری ناوچەی بالیسانیش چوونەتەناو پارتی.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-09-00 ئازاد جوندیانیی ئەندامی سەرکردایەتیی ینك ڕایگەیاند کەئەو سیدییەی دەستماچکردنەکەی جەلال تاڵەبانی بۆ سەنعان قەساب دروستکراوەو هەرکەسێك لەپشتی ئەو کارەوەبێت ئەوا بەتاکی کورد دەڵێت تۆ کەریت و شتی وابەسەر تۆدا تێدەپەڕێنم.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-09-00 تیرۆرکردنی 10 کەسی فەلەی خەڵکی شاری زاخۆ لەلایەن تیرۆریستانی عەرەبەوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-09-00 کەناڵی 1ی تەلەڤزیۆنی سویدی دەستی بەپێشکەشکردنی بەرنامەیەکی منداڵان بەزمانی کوردی کرد.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-09-00 کۆتایی ئەم مانگە: بڵاوکردنەوەی مارشی نەتەوەیی کورد لەسەر ماڵپەڕی کوردستان نێت بەتێکدراوی، شایانی باسەگەلێك سووکایەتی بەمارشەکەوەکرابوو و ئەم کردەوەیەبووەهۆی ناڕەزایی خەڵکانێکی زۆر و گەلێك نووسراویشی لەکەناڵەکوردییەکاندا لەسەر بڵاوکرایەوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-09-00 دامەزراندنی گرووپی تۆڵە، ئەم گرووپە لەبەیانێکدا بڕیاری تۆڵەسەندنەوەی تیرۆرکراوەکانی زاخۆی لەتیرۆریستەعەرەبەکاندا و بەپێی بەیانەکەیان هەر عەرەبێکی 17 ساڵی لەکوردستاندا تۆڵەی لێدەکرێتەوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-09-01 فوئاد مەعسوم ڕایگەیاند: هەموو ئەو کوردانەی لەلایەن د.ق بۆ ئێران دەرکراون دەگەڕێندرێنەوەو زیانەکانیان بۆ دەبژێردرێت.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-09-01 ئەنجوومەنی نیشتمانیی کاتیی ئێراق لەیەکەم کۆبوونەوەیدا د. فوئاد مەعسومی بەسەرۆکی ئەنجوومەن هەڵبژارد.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-09-01 بەپێی هەواڵی میدیاکانی تورك لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا 11 چەکداری پکك و 2 ژەندرمەلەناوچەی هەکاری کوژراون، بەڵام پکك ئەم هەواڵەی بەدرۆ خستەوەو دەڵێن ئێمەکەسمان لێ نەکوژراوەو بەڵکو 2 ژەندرمەی تورکمان لەو چالاکییانەدا کوشتووە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-09-14 خوێندکار دیار مزووری بڕوانامەی ماستەری لەسەر کورد لەسوید بەپلەی زۆرباش وەرگرت.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-09-18 کوژرانی کازم ئەلهانی لەنێوان کەرکوك و دووبز. نێوبراو سەرۆك هۆزێکی عەرەبی هاووردەبوو و زەوی و زارێکی زۆری کوردی داگیرکردبوو.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-09-20 هێنانەوەی تەرمی ئەو 3 لاوەزاخۆییەی کەلەرۆژانی ڕابردوودا لەلایەن تیرۆریستەعەرەبەکانەوەسەربڕدرابوون.

سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-09-20 ژێنەڕاڵ هوانگی فەرماندەی هێزەکانی کۆریای باشوور گەیشتەهەولێر و ئەوەشی ڕاگەیاند کەسەرجەمی ئەو هێزانەی بۆ باشووری کوردستان تەرخان کرابوون و ژمارەیان 3600 سەربازی کۆرین هەموویان گەیشتوون.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-09-21 تیرۆرکردنی یوسف شەبەك لەسوسڵ، نێوبراو پارێزەرێکی کورد بوو.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-09-22 لەپێکدادانێکی خەڵکی میاندواو و د.ا، 2 سەربازی ئێرانی کوژران و چەند کەسێکیش لەهەردوولا بریندداربوون.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-09-23 ئەیاد عەلاویی سەرۆك وەزیرانی ئێراق لەبەردەم کۆنگرێسی ئامریکادا وتارێکیدا و تێیدا باسی فرەکوژیی کوردی لەلایەن ڕژێمی سەددامەوەکرد.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-09-24 بەپێی هەواڵێکی ڕادیۆی فەردا چەند چەکدارێکی نەناسراو لەسنووری فەرمیی ئێراقەوەتەقەیان لەپاسدارانی ئێران کردووە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-09-25 هێزەکانی پی ئێم ئێف لەباشووری کوردستان دەستیان کردەپاشەکشە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-09-25 هونەرمەندی سینەمایی بەهمەنی قوبادی لەفیستیڤاڵی سان سیباستیانی ئیسپانی خەڵاتی یەکەمی زێڕینی لەسەر دوا فیلمی وەرگرت. شایانی باسەئەم ڕووداوەلەلایەن زۆربەی کەناڵەکانی جیهانەوەباسکرا و فیلمەکەش ناوی "کیسەڵەکان دەتوانن بفڕن" بوو.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-09-25 دۆزینەوەی تەرمی لاوێکی کوردی زاخۆیی بەناوی ئەحمەد محەمەد لەسەر ڕێی بەغدا. نێوبراو لەلایەن عەرەبەکانەوەتیرۆرکرابوو و تەمەنی 25 ساڵە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-09-26 کردنەوەی یەکەمین ناوەندی فێربوونی زمانی کوردی لەشاری ئەستەمبوڵ.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-09-27 کردنەوەی هۆتێڵ هەولێر پالاس لەشاری هەولێر، شایانی باسەئەمەهۆتێلێکی 5 ئەستێرەیەو لەئاستی هۆتێڵەگەورەکانی جیهاندایە. ئەم هۆتێڵەپێشتر ناوی شیراتۆن بوو و لەجەنگی ناوخۆدا وێرانکرا و لەم دواییەدا نۆژەنکرایەوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-09-29 فیلمی کوردی کیسەڵەکان دەتوانن بفڕن لەدەرهێنانی هونەرمەند بەهمەنی قوبادی لەنێو 100 فیلمی تردا بۆ ئۆسکاری ساڵی 2005 هەڵبژێردرا.

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-09-29 بەستنی کۆنفرانسێکی جیهانی لەشاری مۆسکۆ لەسەر کێشەی کورد لەهەر 4 بەشەکەی کوردستان، شایانی باسەلەم کۆنفرانسەدا چەندین سیاسەتمەداری ڕووس و وڵاتانی خۆرهەڵاتی ئەوروپا بەشدارییان تێیداکرد.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-09-30 تیرۆرکردنی بەرپرسی پاسەوانەکانی پارێزگاری کەرکوك لەکەرکوك.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-09-30 دەستێکردنی ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەشی فراوانی د.ا و د.ت لەناوچەوی خوی دژی جەنگاوەرانی پژاك.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-09-30 تیرۆرکردنی مەلایەکی عەرەب لەبەردەمی مزگەوتی عومەر زەیاب لەموسڵ، مەلای ناوبراو بەوەرازینەبووبوو کەفەتوایەك بۆ کوشتنی کورد و بیانەدەربکات.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-10-00 لەشاری عەفرینی کوردستانی بندەستی داگیرکەری سوریا، سەربازێکی کورد کەناوی (محمد شێخ محمد)ەو خەڵکی گوندی سەنارێی سەر بەقەزای عەفرینی کوردنشینە، هەفتەی رابردوو کوژراوە، سەرچاوەکوردییەکان رایگەیاند کەناوبراو لەکاتی ئەنجامدانی خزمەتی سەربازیدا لەناوچەی قەتیفییەکوژراوەو ئەوانەی دیویانە، دەلێن لەپشتەوەپێکراوە. شایانی باسەتا ئێستا پێنج سەربازی کورد لەناوچەجیاجیا کوردییەکانی رۆژئاوای کوردستان کوژراون بەئەنقەست کوژراون و پارت و رێکخراوەسیاسییەکوردییەکان حکومەتی سوریا بەوەتاوانبار دەکەن کەلەپشت ئەو کارانەوەیە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-00 لەئەنجامی کێشەی نێوان جەلال تاڵەبانی و مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، بڕیاردرا جێگرێك بۆ جەلال تاڵەبانی دابنرێت. ئەم کێشەیەش لەوەوەهاتووەکەسکرتێری یەکێتی سەربەخۆ هەندێك کار دەکات کەمەکتەبی سیاسیی یەکێتی لێی رازی نییە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-00 وەزارەتی نێوخۆی ئوردن رەزامەندیی لەسەر وەرگرتنی 375 پەنابەری رۆژهەڵاتی کوردستان دا تا بچنەخێوەتگای روێشد لەسەر سنووری نێوان عێراق و ئوردن، ئەوەش بەمەبەستی ئامادەکردن و راهێنانیان لەسەر شێوازی ژیان لەسوید کەلەماوەیەکی کەمی داهاتوودا بۆی دەگوازرێنەوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-10-00 دوا بەدوای لابرانی سەید بورهان ئیبراهیمی بەڕێوەبەری کولتور و ئەدەبی کوردی لەسەر کارەکەی و وەدواکەوتنی بڵاو کردەوەی ژمارە 217 و 218ی گۆڤاری سروەکارمەندانی بەشی شکاکی ئەم گۆڤارەدەستیان لەکار کێشایەوەو ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر بەلابردنی سەید بورهان ئیبراهیمی دەربڕی ، ئەم کارمەندانەرایانگەیاند کەتا ئەو کاتەی بەڕێز ئیبراهیمی نەگەڕێتەوەسەر کار و پیشەی خۆی ، لەم گۆڤارەدا کار ناکەن ، شایای باسەسەرجەم برگەو بابەتەکانی گۆڤاری سروەدەبێت بکرێت بەفارسی و بەرپرسانی وەزارەتی ئیتیلاعات بەسەریاندا بچەوەو لەدواییدا بەزاراوەجۆراوجۆرەکانی زمانی کوردی بڵاو بکرێتەوەکەئەوەش کاتێکی زۆر دەخایەنێت و ئاستەنگی دەخاتەبڵاو بوونەوەی گۆڤارەکەلەکاتی دیاریکراودا.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-10-00 11 حزبی کوردیی لەسوریا داوایان لەدەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتەکرد کەجەور و ستەمی سەر ئەو هاووڵاتییەکوردانەی لەرەگەزنامەی سوریی بێبەش کراون هەڵگرێت و رەگەزنامەکانیان پێبداتەوەو بەچاوی هاووڵاتیی یەکسان لەگەڵ هاووڵاتییانی دیکەی ئەو وڵاتەدا سەیریان بکات.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-00 رۆژنامەی هائارێتزی ئیسرائیلی رایگەیاند کەوا محەمەد رەشید کەگەورەراوێژکاری ئابووریی یاسر عەرەفات و بەرپرسی هەموو کاروبارەداراییەکانی یاسر عەرەفات بووەدەستی لەکارکێشایەوە. بەمەش گرۆتینی داوەبەو هەواڵانەی کەدەڵێن عەرەفات باوی نەماوە. شیاوی باسەمحەمەد رەشید بەناوی خوازراوی خالد سەلام ناسراوەو خۆی کوردی باشووری کوردستانەو لەساڵانی سەرەتای هەفتاکان کاتێك لەلوبنان دەیخوێند پەیوەندیی بەبزووتنەوەی فەلەستینی کردووە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-10-00 سەرۆکی ئەرشیفی دەوڵەتی تورکیا لەوەڵامێکدا بۆ لێدوانەکانی مەسعود بارزانی لەبارەی شاری کەرکووك رای گەیاند: بەپێی بەڵگەنامەعوسمانیەکان 90%ی دانیشتوانی شاری کەرکووك تورکمان بوون. هەر لەو بارەیەوەسەرۆکی بەشی تاپۆ لەئەرشیفی دەوڵەتی تورکیا رای گەیاند: بەپێی هەندێ بەڵگەنامەکەبۆ سەدەی 16 دەگەرێنەوە 7320 کەس لەدانیشتوانی کەرکووك تورکمان بوون کەرێژەکەیان گەیشتۆتە 90%ی دانیشتوانی شارەکە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-10-00 ڤێستیڤاڵی ئاشتی و لێبووردن و مافی مرۆڤ لەشاری سلێمانی.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-00 دەرچوونی ژمارە 1ی رۆژنامەی چاودێر لەسلێمانی، خاوەنی ئیمتیازی ئەم رۆژنامەیەمەلا بەختیاری ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتییە.
سەرچاوەی 1, رۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ - 2004-10-06. لاپەڕە: 12

2004-10-00 کۆتایی ئەم مانگە: داگیرکەری ئێرانی ناوەندی کولتوور و ئەدەبی کوردیی لەورمێوەگوێزایەوەبۆ تاران.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-00 کۆتایی ئەم مانگە: د.ت رۆژانە 16 کاژێر کارەبای شاری دهۆك دەبرێت.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-00 نزیکەی دەمەلای چایینیی شاری هەولیóر لەلایەن ڵرووئی تیرژریستی چەنساری سوننەوەهەرõەشەیان لیó کرا. چەو مەلایانەلەخوتبەی رژڕانی هەینیدا تیرژرو تیرژریستانیان مەحکووم کردووە، لەسژنڵەی چەوەوەپەکدارانی چەنساری سوننەبەنووسین هەرõەشەی کوشتنیان لیó کردوون.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-00 بەپێی هەندێك سەرچاوەی کوردی، بەتایبەتی ئەوانەی سەربەپارتین، نەخۆشی سارس لەسلێمانی بڵاوبووەتەوەو چەند کەسێکیشی کوشتووەو نەخۆشخانەکانیش چوڵکراون، بەڵام وەزارەتی تەندروستیی یەکێتی ئەمەی بەدرۆدا خستەوەو ڕایگەیاند کەئەو نەخۆشییەتەنها ئەنفلۆنزایەو هیچی تر.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-00 بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایشی د.ت ڕایگەیاند: وڵاتێك نییەبەناوی كوردستانەوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-10-00 بەپێی ڕاپۆرتێكی هەردوو وەزارەتی مافی مرۆڤی هەولێر و سلێمانی یەك ملیۆن و 300 هەزار بێسەر و شوێن لەئێڕاقدا هەیەكەنیوەی ڕێكیان كوردن و دەكاتەنزیكەی 650 هەزار كورد.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-10-00 كۆتایی ئەم مانگە: ئەندام پەرلەمانێكی سوید داوا لەوڵاتەكەی دەكات باڵوێزخانەی سوید لەباشووری كوردستان بكرێتەوە.
سەرچاوەی 1, تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

2004-10-00 پارێزەرێكی كورد بەناوی یوسف تاج بووەسەرۆكی ڕێكخراوی مافی مرۆڤ لەتوركیا.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-10-00 یەكەمین ئەنجوومەنی كلتووریی و ئەدەبیی خوێندكارانی هەورامی بەناوی ئەنجوومەنی كلتووریی ئەدەبیی ئاهورا ، چالاكییەكانی خۆی لەزانستگاكانی خۆرهەڵاتی كوردستان، دەست پێكرد.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-10-00 پەخشی تەلەڤزیۆنی و ڕادیۆیی لەكەناڵەناوچەییەكانی توركیا لەلایەن د.ت ڕێگەی پێدرا.
سەرچاوەی 1, تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

2004-10-00 نزیكەی هەزار دەنگدەری كورد لەناشڤیلی ئامریكا ئامادەن دەنگی خۆیان بدەنەجۆرج بوش، شایانی باسەلەناشڤیل نزیكەی 5 تا 8 هەزار كوردی لێیە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-10-00 سەرەتای ئەم مانگە: تیرۆریستەكان لەشاری موسڵ خێزانێكی كوردیان قەتلوعام كرد كە5یان لێمردن و 4یشیان بریندداربوون.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-10-00 د.ا، هونەرمەند ئیسماعیل سەردەشتیی بە6 مانگ زیندانی و 73 قامچی و 3 ساڵ بێبەشبوون لەكاری هونەری بەتاوانی هاندانی لاوان لەدژی ڕژێم حوكمدا.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-10-00 بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی كەلەلایەن دەستەی ڕاوێژكاریی مافەكانی مرۆڤی سەرۆك وەزیرانی توركیا ئامادەكراوە، باری نالەباری مافی مرۆڤ سەرەڕای هەموو ئەو گۆڕانكارییانەی كەلەتوركیا ئەنجام دراون درێژەی هەیەو تەنانەت لەهەندێ بواردا روو لەخەراپتریشن. لەو ڕاپۆرتەیدا كەبەشێكی لەرۆژنامەی زەمانی توركیدا بلاوبۆتەوە، دەستەی ڕاوێژكاریی مافی مرۆڤ دەڵێ كەوا تەنها لەماوەی مانگی یەكەمی ئەمساڵدا 692 كەس بەشێوازی فەلاقە، لەكارەبادان و لێدانی جەستەیی لەزیندانەكانی توركیا ئەشكەنجەدراون.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-10-00 دۆزینەوەی دوو گۆڕی بەكۆمەڵ لەناوچەی هەڵەبجەو عەنەب، ئەم دوو گۆڕەنزیكەی 300 كوردی تێدایەكەلەهێرشەكانی ئەنفالدا تیرۆركراون.
سەرچاوەی 1, تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

2004-10-00 سەردانی پارێزگاری کەرکوك ئەورەحمان مستەفا بۆ ئامریکا.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-10-00 گرووپێکی نەناسراو عێراقییەك دەکوژن کەدان بەوەدا دەنێت لەلایەن ئانکەرەوەبۆ کوشتنی تاڵەبانی راسپێردراوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-10-00 نزیکەی 15.187 خوێدکار لەزانکۆ و پەیمانگاکانی باشووری کوردستاندا دەستیانکردەخوێندن.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-00 ئەمساڵ نزیکەی 64 قوتابخانەی کوردی لەشاری کەرکوك کراوەتەوە، ئەم قوتابخانانەبۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندنی کوردییەلەو شارەدا.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-00 مالك دوهان ئەلحەسەنی وەزیری دادی عێراق بەرۆژنامەی (الدستور)ی ئوردنی راگەیاند: مەحاڵەحکومەتێکی فیدڕالی لەعێراق بێتەکایەوە، چونکەرەوشی عێراق لەگەڵ ولاتانی دیکەجیایەو پێکهاتنی فیدراڵی ئەگەرچی بۆ کوردەکان باش بێت، بەڵام خەڵکی عێراق قبوڵی ناکەن چونکەعێراق پارچەپارچەدەکات.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-10-00 بەپێی هەواڵی ئاژانسی دەنگوباسی ئیسنای ئێرانی بڕیار وایەلەم مانگەدا لەئەمریکا فیلمی (کیسەڵەکانیش دەتوانن بفڕن)ی هونەرمەند بەهمەنی قوبادی بۆ سەرۆکەکانی پێشووی ئەو ولاتەو سیاسەتمەداران و بەرپرسانی ئێستای ئەمریکا نمایش بکرێت. تائێستاش چەندین کۆمپانیای ئەمریکی لەسەر کڕینی فیلمەکەی قوبادی لەپێش برکێدان و لەم هەفتەیەدا بڕیار دەدرێت کەفیلمەکەبەکام لەو کۆمپانیایانەبفرۆشرێت.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-10-00 بەپێی هەندێك سەرچاوەی کوردی ژمارەی ئەو خێزانەکوردانەی لەتیرسی تیرۆری عەرەب لەفەلوجەوەبۆ ناوچەکانی کوردستان لەکاتی ڕووخانی بەغداوەتاوەکو ئێستا هەڵهاتوون گەیشتووەتە112 خێزان.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-00 سەرەتای ئەم مانگە: دۆزینەوەی تەرمێکی سەربڕدراو لەشارۆچکەی بەعشیقەکەلەلایەن تیرۆریستەکانەوەسەربڕدرابوو، نێوبراو ناوی ڕۆژ سۆرانییە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-00 دۆزینەوەی شوێنەوارێکی چاخی بەردینی نوێ لەنزیك گوندی گرێزەی سەربەسلێمانی.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-00 وەزارەتی پەروەردەی ئێراقی تورکمانێکی دەستنیشانکرد بۆئەوەی ببێتەبەڕێوەبەری پەروەردەی کەرکوك، بەڵام بەهۆی ناڕەزایی زۆربەی ئەندامانی ئەنجوومەنی کەرکوکەوە، ئەم بەڕێوەبەرەنوێیەنەیتوانی پەیوەندی بکات بەکارەکەیەوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-00 سەرۆکی بەرەی تورکمانی فاروق عەبدولڕەحمان ڕایگەیاند کەتاساڵی 1998 تەنها 11 هەزار کورد لەکەرکوك دەرکراوە. هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاند کەئاماری تورکمان لەشاری هەولێر لەساڵی 1957دا لە86.5% بووەو ئێستا بووەتە20%.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-00 باڵوێزی بەریتانیا لەبەغدا ڕایگەیاند: کەئێمەلەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی کورددیا نین.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-00 بەپێی هەواڵی ڕۆژنامەی (هەواڵ) سەرچاوەیەکی بەرپرس لەیەکێتی نیشتمانی کوردستان بەرۆژنامەکەی ڕاگەیاندووەکەهەشت لەئەندامانی مەکتەبی سیاسی و 14 ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی یاداشتێکیان بۆ سکرتێری گشتی حزبەکەیان ناردووە، تیایدا داوای بەستنی پلینیۆمێك دەکەن بۆ پێداچوونەوەبەسیاسەتەکانی یەکێتی و خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنەکانی کوردستان و عێراق.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-00 کۆبوونەوەیەکی لوتکەی سەرانی دەوڵەتی تورك لەبارەی هەرێمی کوردستانەوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-01 ئیمام و وتاربێژی عومەری کوڕی خەتاب لەعەین سوفنی لەوتاری هەینیی ئەمڕۆدا هەڕەشەی لەیەزیدییەکان کرد بەوەی یان دەبێت شەهادەت بێنن یان دەبێت باجێکی گران بدەن.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-01 ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ساز کرد. پرسی گرێدانی ئەو کونگرەیەی کەرۆژی 28-09 لەتکریت لەلایەن پاشماوەکانی رژێمی پێشووی بەعس و بەرەی تورکمانی و ژمارەیەك لەعەشایەرەعەرەبەکانەوەبەرێوەچوو، تەوەری سەرەکی گفتوگۆکانی ئەو کۆبوونەوەیەبوو. لەکۆبوونەوەکەدا گروپی کوردی و بەشێك لەتورکمان و کلدانی و ئاشووریەکانیش کۆنگرەکەی تکریتیان بەکارێکی نایاسایی و دەستێوەدان لەکاروباری ناوخۆی کەرکوك وەسف کرد.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-02 تیرۆرکردنی 6 هاوڵاتیی کورد لەسوسڵ.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەری پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-10-02 کوردەکانی خۆرئاوا بەیارمەتیی کۆمەڵەکوردستانییەکان لەستۆکهۆڵم خۆپیشاندانێکیان لەبەردەم باڵوێزخانەی داگیرکەری سووریدا رێکخست. خۆپیشاندەران ناڕەزاییان بەرامبەر بێبەشکردنی کورد لەڕەگەزنامەی سووری و خراپ مامەڵەکردنی زیندانییەکوردەکان دەربڕی.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-02 لەکۆمەڵێك شارەکانی کوردستان و هەروەها هاوکات لەکۆمەڵێك لەشارەکانی ئەوروپا ڕێپێوانێك بۆ ڕیفراندۆم سازکرا.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-10-02 دۆزینەوەی تەرمی عەزیز لۆمانەیی لەموسڵ، نێوبراو پێش چەند ڕۆژێك فرێندرابوو و لەلایەن تیرۆریستەکانەوەگوللەیەك نرابوو بەسەرییەوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-02 کوردەکانی کەرکوك خۆپیشاندانێکیان بۆ چوونەدەرەوەی عەرەبی هاوردەرێکخست.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-10-02 لەخۆپیشاندانی ڕاپرسی لەشاری سلێمانی، هەندێك گەنجی ناوخۆپیشاندانەکەهاواریان کردبوو: لەکۆیەوەتا خانەقین هەمووی موڵکی یەکێتین، لەدێگەڵەتا زاخۆ پارتی هەرهەمووی بۆ تۆ.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-10-03 گیرانی 2 تیرۆریستی عەرەب لەشاری کەرکوك بە70 کیلۆ مادەی تەقینەوەوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-10-03 نارەزایی کۆمەڵەکوردستانییەکانی سوید لەدژی ئەتککردنی سروودی ئەی رەقیب لەلایەن ماڵپەڕی کوردستانپۆستەوە، ئەم کۆمەڵەیەبەنیازەماڵپەڕی ناوبراو بەشێوەیەکی یاسایی تاوانبار بکات بۆ لێپێچینەوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی کوردستان نێت http://www.kurdistannet.org

2004-10-03 یەکەمین کۆنفرانسی دامەزراندنی نووسەرانی کوردستان - خۆرهەلآت لەنەرویژ.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-03 ناوەندی هەڵسەنگاندنەکانی یەکێتی ئەوروپا لەبرۆکسڵ، ڕایگەیاندووەکەئەگەر تورکیا لەیەکێتی ئەوروپا وەربگیردرێت، ئەوا ئەو یەکێتییەناچارەلەبەر نزمبوونی ئاستی ژیانی هاووڵاتیانی تورك و دواکەوتوویی ئەو وڵاتەلەچاو وڵاتانی دیکەی ئەوروپا، ساڵانە28 ملیار و 900 ملیۆن یۆرۆ بودجەخەرج بکات.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-10-04 پی ئێم ئێف بەتەواوەتی لەکوردستان چووەدەرەوەو کلیلی بارەگاکەش درایەدەست پارێزگاری هەولێر.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-04 کۆمیسیۆنی یەکێتیی ئەوروپا ڕایگەیاند: ئەگەر تورکیا ڕێز لەمافی مرۆڤ و کورد نەگرێت، ئەوا دانوستاندنەکان بۆ ئەندامبوونی لەیەکێتیی ئەوروپادا دەپچڕێنین.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-05 چوار هاووڵاتی کورد کەسێیان پێشمەرگەی یەکێتی بوون لەناوچەی شارەبان کەوتنەکەمینی گروپێکی چەکدارەوەو تیرۆرکران.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-10-05 غازی ئەلیاوەری سەرۆکی ئێراق لەدیمانەیەکدا بۆ کەناڵی ئەلجەزیرەئەوەی ڕاگەیاند کەبەهەموو هێزێکیانەوەلەوانەدەدەن کەدەیانەوێت لەئێراق جووداببنەوەلەئێراقی یەکپارچەدا. هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاند کەداواکاریی کورد بۆ ڕیفراندۆم خیانەتەو بەهەموو هێزێکمانەوەبەرەنگاری دەبینەوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-05 جاك سترۆی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا و ئێدوارد چاپلن باڵیۆزی بەریتانیا لەبەغدا و کونسوڵی گشتیی بەریتانیا لەکەرکوك و بەڕێوەبەری سیاسیی لەوەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا بەسەردانێکی فەرمیی گەیشتنەدوکان و هەولێر. وەفدەکەچاوی بەجەلال تاڵەبانی و نێچیرڤان بارزانی کەوت.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-06 بەپێی نوسراوی ژمارە(11139)ی رۆژی 06-10 کەئاراستەی پەیمانگەی تەکنیکی کەرکوك کراوە، دەستەی باڵای ریشەکێش کردنی بەعسییەکان لەبەغدا بڕیاریدا بەگەڕاندنەوەی 9 مامۆستای پەیمانگەی ناوبراو کەپێشتر سەر بەرژێمی بەعس بوون و پار بەبڕیارێکی دەسەڵاتی هاوپەیمانان لەسەر کار لابردرابوون. لەو بارەیەوەعیرفان کەرکوکی یاریدەدەری پارێزگاری کەرکوك بۆ ریشەکێش کردنی پاشماوەی بەعس رایگەیاند کەلەم ماوەیەدا بەشێوەیەکی بەرچاو وەزارەتەپەیوەندداەرکان لەبەغداوەژمارەیەکی زۆر کۆنەبەعسییان گەڕاندووەتەوەسەر کارو ئێمەش هیچ دەسەڵاتێکمان نییەبۆ رێگەگرتن لەگەڕانەوەیان.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-10-06 لەشاری فرانکفۆرتی ئاڵمانیا بەیارمەتی وەزارەتی رۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێشانگایەکی کتێب لەلایەن کۆمەڵەی کوردەکانی ئاڵمانیاوەکراوەتەوە. لەهۆڵی پێشانگاکەبەسەدان کتێب لەبوارەکانی سیاسەت، کەلتور، مێژوو ...هتد و چەندین نمونەی گۆڤار و رۆژنامەی کوردی نمایش کراوە. دەرێ و ناوەوەی پێشانگاکەش بەچەندن ئالای کوردستان رازێندراوەتەوە. شاندێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم پێشانگایەدا بەشدارەو بڕیار وایەئەم پێشانگایەتا 10 مانگ واتا درێژەی هەبێت.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-06 وەزیری دەرەوەی سوید خاتو (لەیلا فرێی ڤالدس) ئەمڕۆ گەیشتەشاری ئامەد (دیاربەکر) تا لەنزیکەوەئەو ریفۆرمانەببینێت کەتورکیا ئیدعا دەکات لەبارو گوزەرانی خەڵکی ناوچەکەو سیستەمی سیاسی و بەڕێوەبردن لەناوچەکوردییەکان ئەنجامی داون.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-10-06 سەرۆك عەشیرەتێکی کورد لەنێو بازاڕی موسڵدا درایەبەر دەسترێژی گوللەو لەئەنجامدا کوژرا. خالید عەبدولغەفور دووبەردانی کەسەرۆکی عەشیرەتی (گێش) بوو، لەنێو ئوتومبیلەکەیدا لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوەپەلاماردرا و هەر لەو هێرشەدا دوو لەپاسەوانەکانیشی بەسەختی بریندواربوون.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-10-06 ئەمڕۆ کۆمیسیۆنی ئەوروپا راپۆرتی خۆی سەبارەت بەئەندامیەتیی تورکیا لەو یەکێتیەدا خستەڕوو و پێشنیازی ئەوەی کرد کەدانوستانی پەیوەست بەئەندامیەتیی تورکیا لەو یەکێتییەدا دەستی پێ بکرێت. بەلاóم لەهەمان کاتدا هەندێ شەرت و مەرجی زۆر توندی بۆ پێشگرتن لەپاشەکشێی تورکیا لەریفۆرمی دیموکراسی و مافی مرۆڤ لەولاóتەکەیدا خستۆتەڕوو. بەپێی هەواڵی میدیاکانی تورکیا لەو بارەیەوەکۆمیسیۆنێرەکانی یەکێتی ئەوروپا بەبێ دەنگدان و بەئیجماع رەزامەندییان لەسەر دەستپێبوونی دانوستان لەگەڵ تورکیادا خستەڕوو.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-10-07 بەپێی ئامارێك کەلەسایتی پەیامنێر بڵاوکرایەوە 55% هاووڵاتیان رازی نین یەکێتی و پارتی بەیەك لیست بەشداری هەڵبژاردنەکانی کوردستان بکەن.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-10-07 بەختیار ئەمین وەزیری مافی مرۆڤی عێراق و وەفدەهاوڕێکەی سەردانی شاری هەڵەبجەی شەهیدیان کرد کرد. لەنێو ئەو شاندەدا (حاکم رائید ئەلجوحی) تێدابوو کەئەرکی دادگایی سەدام و سەرانی رژێمی رووخاوی بەعسی پێ سپێردراوە. شایەنی باسەئەو سەردانەلەچوار چێوەی (ڤێستیڤاڵی ئاشتی و لێبووردن و مافی مرۆڤ)دایە، کەچەند رۆژێکەلەشاری سلێمانی دەستی بەکارەکانی کردووە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-10-07 سەردانی وەزیری دەرەوەی بەریتانی جاك سترۆ بۆ تورکیا، شایانی باسەئەم سەردانەی سترۆ بۆ گتفوگۆکردنی پاشەڕۆژی شاری کەرکوکەلەگەڵ تورکەکاندا.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-10-09 تیرۆرکردنی 8 کورد لەشاری موسڵ لەلایەن عەرەبەتیرۆریستەکانەوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-09 بەرهەم و ساڵح و نێچرڤان بارزانی لەهەولێر لەوەڵامی غاری ئەلیاوەری سەرۆکی ئێڕاقدا وتیان کەس بۆی نییەبەبڕیاردانی مافی چارەنووس بلێت خیانەتە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-10 سازدانی یەکەمین ڤیستڤاڵی هونەری و ئەدەبی لەلایەن ناوەندی ڕۆشنبیریی سۆرانەوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-10 ئیبراهیم عەرەفاتی جێگری پارێزگاری موسڵ کەتورکمانێکی ئەو شارەیەو لەتورکیاوەرایگەیاند ئەوەی بەسەر کەرکوك هات، ئێستا ڕووبەڕووی موسڵیش بۆتەوە، ئێستا نەخشەیەك هەیەبۆ ئەوەی ڕێ لەتورکمان بگیرێ کەببێ بەهێزێکی کاریگەر و کورد بەپشتیوانی ئەمریکییەکان بەرەو کەرکوك دەچن، بەشێکی ئەم هەڵمەتەموسڵیشی گرتووەتەوەکورد لەسوریاوەدەهێنن، هەوڵ دەدرێت موسڵیش وەك کەرکووك بەکوردی بکرێت.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-10 کۆمەڵەچەکدارێك هەڵیانکوتایەسەر ئارایشگایەکی ئافرەتان لەدەوروبەری حەمامی موسڵ. خاوەنی ئارایشگاکەکەخاتوو چیمەن محەمەدەو خەڵکی شاری سلێمانییەلەلایەن ئەو چەکدارانەوەرفێندرا.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-10 دۆناڵد ڕامسفیلدی وەزیری بەرگریی ئامریکا سەردانی شاری کەرکوکی کرد.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-10-10 مەسعود بارزانی لەتورکیاوەڕایگەیاند: هێشتا لەو باوەڕەدام کەکەرکوك دڵی کوردستانە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-10 کوردێك بەناوی مەسعود حامید لەلایەن د.س بەتاوانی بڵاوکردنەوەی وێنەکانی ڕاپەڕینی قامیشلی لەسەر ئنتەرنێت بە3 ساڵ زیندانی حوکم درا.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-10-11 تیرۆریستەعەرەبەکان کوردێکیان بەناوی لوقمان حسێنەوەسەربڕی بەتاوانی ئەوەی ئەندامی پارتی و وەرگێڕی ئامریکییەکان بووە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-10-11 موقەدەم عەبدولستار فەقێ کەموقەدەمێکی سەربازیی سەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو لەنزیك کڵێسەی نور لەگەڕەکی تەئمیمی شاری موسڵ لەلایەن گروپێکی تیرۆرستەوەتەقەی لێکرا و کوژرا. موقەدەمی نێوبراو خەڵکی گوندی دارەتووی سەر بەدەڤەری بەردەڕەش بوو. هاوکات هەر ئەمڕۆ و لەگەڕەکی تەحریر لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوەهێرش کرایەسەر موقەدەمی پۆلیس قادۆ زێباری و لەئەنجامدا بەسەختیی بریندار بوو.

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-11 بەرپرسی کونسوڵخانەی داگیرکەری ئێران لەهەولێر ڕایگەیاند کەئێران ئامادەیەبەچاودێریی بارزانی و تاڵەبانی گفتوگۆ لەگەڵ حدکادا بکات.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-12 تیرۆرکردنی عەبدولمەجید ئەلعەنتەر لەموسڵ، نێوبراو ئەندامێکی کوردی ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵ بوو.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-10-12 بەپێی بڕیارێکی دادگای هەولێر هەردوو ڕۆژنامەنووس خەلیل حەسەن زێوەیی سەرنووسەری ڕۆژنامەی دێدی نوێ و بڵند مستەفا بەڕێوەبەری نووسینی هەمان ڕۆژنامەدەستگیرکران، ئەوەش لەئەنجامی بڵاوکردنەوەی هەواڵێك هاتووەکەپەیوەندیی بەیەکگرتووی ئیسلامییەوەهەبووە، بۆیەیەکگرتووی ئیسلامی سکاڵای لەسەر ڕۆژنامەی تۆمار کردووە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-13 د.ت ڕایگەیاند کەلەسەر دەوڵەتانی دراوسێی عێراق پێویستەلەمەسەلەی کەرکوکدا قسەی خۆیان هەبێت، چونکەئەو مەسەلەیەپەیوەندیی بەئاسایشی سەرجەم ناوچەکەوەهەیە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-13 لەکۆبوونەوەیەکی پەرلەمانی ئەوروپا کەلەیلا زاناش بەشداربوو تێیدا، جۆزیف بۆرلیی سەرۆکی پەرلەمانی ئەوروپا بەزمانی کوردی بەخێرهاتنی لەیلا زانای کرد.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-13 خەسرەو گۆرانی یاریدەدەری پارێزگاری موسڵ لەهەوڵێکی تیرۆریستی ڕزگاری بوو.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-13 لەژێر دروشمی (دادگایی سەرانی ڕژێمی پێشووی عێراق – وانەیەك بۆ دووبارەنەکردنەوەی تاوانەکانی جینۆساید لەکوردستانی عێراقدا) پەرلەمانی کوردستان کۆنگرەی تاوتوێکردنی تاوانەکانی جینۆساید کەلەلایەن ڕژێمی پێشووی عێراقەوەدەرهەق بەهاووڵاótیانی کورد ئەنجام درا دەست پێکرد.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-13 کۆمەڵی کوردیی کورد لەسکۆتلاند نامەیەکی ناڕەزاییی بۆ ڕۆژنامەی ئەلشەرق ئەلئەوسەتی عەرەبی نارد، ڕۆژنامەی ناوبراو پێش چەند ڕۆژێك وتارێکی خالید ئەلقەشتینیی بڵاوکردبووەوەکەهەمووی سووکایەتی بوو بۆ کورد و دۆزەڕەواکەی.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-13 تەرمی فازڵ سەیداڤایی کەلەبازاڕی باب ئەلتۆب لەشاری موسڵ دوکانی مریشکفرۆشیی هەبووە، بەسەربڕدراوی لەنزیك ماڵەکەی خۆی فڕێدرا.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-14 تا 15-10: بەستنی کۆنگرەی دووەمی حیزبی ڕزگاریی کوردستان.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی کوردستان نێت http://www.kurdistannet.org

2004-10-14 پاش ئەوەی رۆژی 12-10 و لەکاتژمێر شەشی بەیانیدا عیماد سەلیم هەرکی کەئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بووەو دوکانی ئاسنفرۆشیی هەبوو لەموسڵ، لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوەرفێندرا، ئەمرۆ تەرمی نێوبراو بەسەربڕدراوی فرێدرابووەبەر دەرگای ماڵەکەی.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-14 بەپێی هەواڵی ئاژانسی دەنگوباسی میزۆپۆتامیا لەبەغداوە، ئەمرۆ کچەرۆژنامەنووسی کورد بەناوی (دینەمحەمەدحەسەن) لەگەڕەکی ئەعزەمییەی بەغدا بەهۆی پەلامارێکی تیرۆریستییەوەگیانی لەدەستدا.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-14 بەرپرسێکی یەکێتی لەبەغدا جارێکی دیکەئەو هەڵوێستەی دووپات کردەوەکەکورد ئامادەیەبچێتەململانێیەکی چەکدارییەوەئەگەر لایەنی عەرەبی سوور بێت لەسەر رەتکردنەوەی ناسنامەی کوردیی شاری کەرکوك.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-14 لەیلا زانا لەسەردانێکیدا بۆ بەلژیك ڕایگەیاند کەپێویستەمافەکانی کورد بەپێی دەستوور دابین بکرێت.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-10-14 پارێزەر ئەنوەر ئەلبوننی کەهەڵسوڕاوێکی چالاکی بواری مافەکانی مرۆڤەلەسوریا، بەئاژانسی فرانس پرێسی راگەیاند کەدەسەلاّتدارانی سوریا سێ هاوولاّتی کوردیان لەناوچەی ئامووداى سەر بەپارێزگای حەسەکەدەستگیر کردووە. ئەلبوننی روونی کردەوەکەئەو هاوولاّتیانەلەلایەن هێزەکانی ئاسایشی دەوڵەتەوەدەستگیرکراون. هەروەها دووپاتیشی کردەوەکەدەستگیرکردنی ئەو سێ کەسەپەیوەندیی بەرووداوەکانی مانگی مارتی رابردووی قامشلۆوەهەیە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-10-15 رێکخراوەکوردییەکانی بەریتانیا لەلەندەن کۆڕێك بۆ هونەرمەندان جەلیل زەنگەنە، مستەفا ئەحمەد و ناسر حەسەن سازدەکات.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-16 عەبدولغەفور رەحیم ئەبوبەکری بەڕێوەبەری ئیداری لەبەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرکوك، لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوەتەقەی لێکرا و تیرۆرکرا.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-16 گەڕانەوەی لەیلا زانا بۆ تورکیا و لەفرۆکەخانەی ئەستەمبوڵ بۆ ماوەیەك زیندانی کرا و پاشان ئازاد کرا.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-16 ئاسایشی سلێمانی بەچەکەوەدەچنەسەر مزگەوتی حاجی عوسمانی عەللاف لەگەڕەکی زەرگەتەو مەلاعوزێر دەستگیر دەکەن. هاوکات دەنگی ناڕەزایی سەدان کەسیش لەمزگەوتەکەدا بەرز دەبێتەوەو چەند کەسێکیش لەوان دەستگیردەرکرێت.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-16 دادگای سەربازی دەریاوانی یۆنان بڕیاریدا کە5 گاردی کەنار زیندانی بکرێن، دوای ئەوەی

ئاشكرا بوو كەگاردەكان ئەشكەنجەو ئازاری ئەو كوردانەی كەماوەیەكەلەبنكەیەكی پۆلیس لەدوورگەی خانیا بەندكرا بوون، دابوو.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-10-17 كوژرانی بەڕێوەبەری كارگێڕی پەروەردەی كەركوك، نێوبراو ناوی غەفور بوو و ئەندامی بەرەی توركمانی بوو.
سەرچاوەی 1, تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

2004-10-19 عەبدوڵڵا گوول ڕیگەیاند: بەهیچ شێوەیەك ئەو قسانەمان قبوڵ نییەكەدەڵێن كێشەی كەركوك كێشەیەكی ناوخۆییە.
سەرچاوەی 1, تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

2004-10-19 لەمەراسیمێكی تایبەتدا ئەلسكۆ سەرۆك كۆماری ڕۆمانیا پێشوازیی لەعادل موراد وەك باڵیۆزی عێراق لەو وڵاتەكرد. شایانی باسەمەراسیمەكەكەژمارەیەك لەگەورەبەرپرسانی حكومی و دیپلۆماتیی ڕۆمانیا ئامادەی بوون، بەبۆنەی دەستبەكاربوونی عادل مورادەوەلەو پۆستەدا ڕێكخرابوو.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-10-19 ئەندامێكی دیكەی كورد بۆ گروپی كوردیی نێو ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵ زۆركرا. ئەندامی نێوبراو میرزا سلێمان یەزدینەو بەمەش ژمارەی گروپی كوردی لەئەنجومەنی موسڵدا بووە 11 كورد.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-10-19 تیرۆركردنی 2 كورد و برینداركردنی یەكێكی تر لەلایەن تیرۆریستەعەرەبەكانەوەلەموسڵ.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-10-19 جەمیل چیچك وەزیری دادی توركیا لەمەراسیمی كردنەوەی زانكۆی ئەدكان لەئەستەمبوڵ رایگەیاند: با كەس چاوەڕێی دەرچوونی لێبوردنی گشتی نەبێت، چونكەهەرگیز ئەوەروونادات. ئەو لێدوانەی چیچك وەڵامی لێدوانەكەی لەیلا زانا بوو كەداوای كردبوو لێبوردنێكی گشتی رابگەیەنرێت تا كۆتایی بەشەڕی چەكداریی بێت.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-10-20 تا 10-21، بەستنی زنجیرەیەك كۆبوونەوەی مەكتەبی سیاسیی یەكێتی بۆ چارەسەركردنی ئەو ناكۆكییانەی كەكەوتووەتەنێوان هەندێك لەئەندامانی مەكتەبی سیاسی و جەلال تاڵەبانی. هەندێك سەرچاوەی كوردی باس لەوەدەكەن كەنەوشیروان مستەفا بووەتەجێگری سكرتێری گشتیی یەكێتی. هەروەها ئاراسی شێخ جەنگیش كەبرازای جەلال تاڵەبانییەلەسەرۆكایەتیی كاروباری دارایی لابراوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-10-20 بنەماڵەی دڵداری هۆزانەوان لەسەر زاری ئامانج دڵزارەوەناڕەزایی خۆیان بەرامبەر ماڵپەڕی كوردستان پۆست دەربڕی كەسروودی ئەی ڕەقیبی ئەتككردووە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: ماڵپەڕی كوردستان نێت http://www.kurdistannet.org

2004-10-20 ئۆسمان بایدەمیری سەرۆكی شارەوانیی دیاربەكر كەلەكۆبوونەوەی فراوانی كەسكەكانی ئەوروپا بەشدارەلەدووەم ڕۆژی ئەو كۆبوونەوەفراوانەدا رایگەیاند كەپێویستەدەستوری توركیا بەشێوەیەك گۆڕانی بەسەردا بێت كەهاووڵاتیانی كورد بتوانن تەعبیر لەبوونی خۆیان بكەن و بەئازادانەبەزمانی خۆیان قسەبكەن.

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-10-20 د.ت بڕیاریدا قەرەبووی هەموو ئەو کوردانەبکاتەوەکەلەجەنگی نێوان خۆی و پکك دا زیانیان لێکەوتووە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-10-20 مەسعود بارزانی لەڕۆژنامەی ئەلحەیاتی عەرەبیدا ڕایگەیاند: ئەگەر خەڵکی کوردستان سووربن لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی و واز نەهێنن، ناچارین بەقسەیان بکەین.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-20 فیلمی (کیسەڵەکانیش دەتوانن بفڕن) لەدەرهێنانی هونەرمەندی کورد بەهمەنی قوبادی خەلاتی فستیڤاڵی فێلمی شیکاگۆی وەدەست هێنا. بەپێی بۆچوونی ئەندامانی لیژنەی سەرپەرشتیاری فستیڤاڵەکەفیلمەکەی بەهمەن زۆر جوان توانیویەتی ژیانی مندالآن لەکاتی شەڕدا بەر جەستەبکات و ئەو کارەش شایانی ستایش کردنە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-22 کۆمەڵێك ژنی کوردستانی بندەستی داگیرکەری ئێران سەردانی لەیلا زانایان کرد.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-22 تا 04-11 سێیەم ڤیستیڤاڵی فیلمی کوردی لەلەندەن.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-22 لەیلا زانا لەئەنکەرەپێکهێنانی بزاڤێکی سیاسیی نوێی ڕاگەیاند.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-10-23 عەقید تەها ئەحمەدی بەڕێوەبەری پۆلیسی پاسەوانیی هەولێر تیرۆرکرا. نێوبراو بەیانی زوو کەدەیویست بچێت بۆ مزگەوت بۆ نوێژ لەلایەن چەند نەناسراوێکەوەتیرۆرکرا.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-23 گوللەهاوەنێك نرا بەبارەگای لکی 14ی پارتییەوەلەموسڵ بەڵام هیچ زیانێکی گیانیی لێنەکەوتەوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-25 کوژرانی پۆلیسێکی کورد لەشاری موسڵ لەلایەن عەرەبەتیرۆریستەکانەوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-10-25 لەشاری ئامەدی باکوری کوردستان و لەکاتی ناشتنی تەرمی شەهیدێکی باکوور، پۆلیس بەبیانووی ئەوەی کەئەو شاڵەی بەسەر تابوتی تەرمەکەدا دراوەتەعبیر لەئالآی پکك رەنگی سوور ، زەرد و سەوز دەکات، پەلاماری مەراسیمەکەی دا و شاڵەکەی سەر تابووتەکەی پارچەپارچەکرد و ژمارەیەکیش لەماتەمگێڕان دەستگیرکران. شەهیدەکەناوی(جیهان دوندار) بوو کەلەپێکدادانی ئەم دواییەی نێوان سوپای تورکیا لەگەڵ جەنگاوەرانی پ.ك.ك دا لەناوچەی هەککاری گیانی لەدەست دابوو. شایەنی باسەسەرەڕای ئەوەی کەپۆلیس ئالآکەی سەر تابوتەکەی پارچەپارچەکرد، بەڵام ماتەمگێڕان ئالآکەیان کردەکفن و بەسەر تەرمی شەهیدەکەیاندادا.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-10-25 فڕاندنی دوو خوێندکاری کچی کورد بەناوی دنیا ئیسماعیل و نادیەعوسمان لەبەردەم ئامادەیی کەرکوکی کچاندا.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-10-25 ڕێپێوانێك لەکەرکوك کەهەزاران کەس بەشداریی تێداکرد، ئەم ڕێپێوانەلەلایەن پارتییەوەڕێکخرا و دروشمیشی کوردستانیبوونی کەرکوك بوو.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-10-26 بەپێی ڕاپۆرتێکی پەیامنێرانی بێسنوور داگیرکەرانی ئێران و سووریا یەکێکن لەخراپترین وڵاتەکانی جیهان لەبواری ئازادیی ڕۆژنامەنووسیدا.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-10-26 کوژرانی 2 شۆفێری کوردی باکوور لەناوچەی فایدەی موسڵ لەلایەن تیرۆریستەعەرەبەکانەوە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-10-26 دادگای مافی ئەوروپا سەرلەنوێ داگیرکەری تورکیی بەپێشێلکردنی مافی مرۆڤ تاوانبارکرد.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-10-28 کۆچی دوایی فازیل ڕەشید کەریم ناسراو بەفازیل شەفیق بەنەخۆشیی شێرپەنجەی سی لەنەخۆشخانەی سلۆتەرفارت لەئامستەردام، نێوبراو یەکێك بوو لەپێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوول و لەشۆڕشی لەباشووری کوردستانیشدا یەکێك بووەلەپێشمەرگەسەرەتاییەکان و لەسەرەتای هەشتاکانەوەلەوڵاتی هۆڵاند نیشتەجێ بوو تا ئەو ڕۆژەی کۆچی دوایی کرد.

2004-10-30 دامەزراندنی لیژنەیەك بۆ عەرەبەئاوارەکانی کەرکوك، ئەم عەرەبانەئەوانەن کەد.ق لەکەرکوکدا نیشتەجێی کردوون و پاش جەنگی ڕزگاریی ئێراق هەندێکیان چوونەتەناوچەکانی دەوروبەری کەرکوك.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-10-30 کوژرانی ئەفسەرێکی پۆلیسی کورد لەشاری موسڵ لەلایەن عەرەبەتیرۆریستەکانەوە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-10-30 نیڵسۆن ماندێلا خەڵاتێکی د.ا.ی ڕەفزکرد.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-10-31 پارتی وڵاتپارێزی کوردستان بەسەرۆکایەتیی عوسمان ئوجەلان لەشارۆچکەی سەنگەسەر کۆبوونەوەیەکی فراوانی بەست.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-10-31 مانگرتنی کرێکارانی کارگەی ڕستن و چنینی شاری سنەلەخواردن، دواکاریی مانگرتووان دابینکردنی مافی کرێکارانی ئەم کارگەیەیەلەلایەن داگیرکەری ئێرانییەوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-10-31 ڕێپێوانێكی گەورەی كوردەكانی هۆڵندا بۆ ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر ناردنەوەی نورییەكەسبیری ئەندامی باڵای پكك لەلایەن هۆڵنداوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-11-00 د.ا داوای لەپارتی و یەكێتی كرد تاوەكو لەگەڵ شیعەكانی ئێڕاقدا بەیەك بەرەبەشداریی هەڵبژاردن بكەن.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-11-00 بەپێی هەندێك سەرچاوەی كوردی ڕێكخراوی ئەلقاعیدەجموجۆڵیان لەهەندێك ناوچەی خۆرهەلاتی كوردستاندا پەیداكردووەو هانی خەڵكی دەدەن بۆ ئیسلامەتی و یارمەتیش لەد.ا وەردەگرن.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-11-00 توركمان و عەرەب لەكەركوك بەرەیەك مۆردەكەن تاوەكو لەدژی كورد بەیەك لیست بۆ هەڵبژاردن داببەزن.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-11-00 بەهۆی نائارامیی شاری ڕومادی و ناوچەكانی دەوروبەرییەوە، نزیكەی هەزار پەنابەری كوردی خۆرهەلات لەكەمپی ڕومادی ڕایانكرد.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-11-00 كۆتایی ئەم مانگە: تیرۆركردنی 13 كورد لەگەراجی تەلەعفەری موسڵ لەلایەن عەرەبەتیرۆریستەكانەوە، شایانی باسەزۆربەی ئەو كوردانەیەزیدی بوون.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-11-00 عەبدولعەزیز حەكیمی سەرۆكی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەئێڕاق ڕایگەیاند كەئێڕاق دەوڵەتێكی عەرەبییەو بەشێكی جیانەبووەوەی نیشتمانی عەرەبە.
سەرچاوەی 1, تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

2004-11-00 لەناوچەی قولپی سەربەئامەد گۆڕێكی بەكۆمەڵ دۆزرایەو 11 كەسی تێدابوو، ئەمانەلەلایەن سووپای توركەوەپێش 10 لەمەوبەر كوژرابوون.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-11-00 كۆتایی ئەم مانگە: سوید مافی پەنابەریی دایە200 كوردی خۆرهەلات كەلەم دواییەدا چووبوونەئوردون و هەموویانی بەفرۆكەگواستەوەبۆ سوید.
سەرچاوەی 1, تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

2004-11-00 كۆتایی ئەم مانگە: لەهەردوو شارۆچكەی سۆران و ڕانیەچەند ئەندامێكی پارتی و یەكێتی لەلایەن یەكترییەوەبەتاوانی جیاواز گیران.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-11-00 كۆمپانیای بی پلان بۆ 4ەم جار خەڵاتی باشترین 1 لەسەدی كۆمپانیا جیهانییەكانی بۆ كاروباری ئای تی وەدەستهێنا، ئەم كۆمپانیایەهی كوردەو بنكەكەی لەبەریتانیایە.
سەرچاوەی 1, تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

2004-11-00 عەرەبەكان بەهیچ شێوەیەك ڕێگانادەن قیری شل بگاتەهەولێر و هەر شۆفێرێك بەو كارەهەڵبستێت سزای مردنە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-11-00 گیرانی 25 ئەندامی پارتی بەعسی هەڵوەشاوەی ئێراق لەشاری سنەلەلایەن ئیتلاعاتی ئێرانییەوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-11-00 چەند سەرمایەدارێكی كورد بەیارمەتیی حكومەتی هەولێر لەهەوڵی كڕینی 24 فڕۆكەدان بۆ فڕۆكەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-11-00 گیرانی بەختیار عەبدوڵڵا حەداد لەلایەن هێزەكانی ئامریكاوەلەفەلوجە، نێوبراو وەرگێڕێكی كوردەو هەر لەم مانگەدا ڕێكخراوی پەیامنێرانی بێسنوور داوای لەئامریكاییەكان كرد ئازادی بكەن.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-11-00 یەكێتیی ژنانی ڕۆژهەلاتی كوردستان یەكەمین كۆنفرانسی خۆیی بەست.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-11-00 بەهۆی نارەزاییی دەوڵەتی چینەوە، سەردانێكی نێچیرڤان بارزانی بۆ تایوان دواخرا.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-11-00 گروپێكی تیرۆریستی عەرەبی لەشاری موسڵ كوردێكی بەناوی كامەران عەبدولستار لەسێدارەدا بەتاوانی ئەوەی دەستی لەكوشتنی شێخ محەمەد فەیزیدا هەبووە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-11-00 سەرەتای ئەم مانگە: موراد قەرەیلان ڕایگەیاند: ئەگەر توركیا هێرش بكاتەسەر باشووری كوردستان، ئەوا شەڕ دەگوازینەوەبۆ شارەگەورەكانی توركیا.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-11-00 بەگوێرەی سەرچاوەیەكی ڕێكخراوی قەندیل تاوەكو ئێستا نزیكەی 700 خێزانی ئاوارەی خۆرهەلاتی كوردستان لەناوچەی ڕومادییەوەهاتوونەتەباشووری كوردستانەوە. ئەو خێزانانەهەر لەدوای جەنگی ڕزگاریی ئێراقەوەكەوتوونەتەبەر شالاوی تیرۆریستەكانی عەرەب لەو ناوچانانەدا و هەندێكیشیان لێ كوژراوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-11-00 دەستەی زانایانی سوننەهۆشدارییەكیان دایەمەسعود بارزانی كەچیی تر پێشمەرگەی پارتی نەنێرێتەشاری موسڵەوەو ئەمەدەبێتەهۆی برینداركردنی هەستی عەرەب لەشارەكەدا.
سەرچاوەی 1, تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

2004-11-00 وەزارەتی تەندروستیی داگیركەری ئێران ڕایگەیاند كەنزیكەی 263 حاڵەتی نەخۆشیی ئایدز لەئوستانی كوردستان تۆماركراوە.
سەرچاوەی 1, تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

2004-11-00 تیرۆرکردنی جەودەت تەیفور عەباس لەکەرکوك، نێوبراو عەمیدێکی خانەنشین بوو.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-00 بەپێی ڕاپۆرتێکی هەفتەنامەی چاودێر، لەبارەگای جەبهەی عەشایری لەجەلەولا تورکمانەکان و عەرەبەهاوردەکان بەرەیەکیان بۆ دژایەتیی کورد و پشێوی خستنەناوچەکانی خانەقین و مەندەلی و جەلەولا پێکهێنا.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-00 هێزەکانی ئاسایشی داگیرکەری ئێرانی لاوێکیان بەناوی برایم شیرازی لەشارۆچکەی زەرین تیرۆرکرد.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-00 بودجەی فرۆشتنی نەوتی ئێراق بۆ ساڵی 2005 دەگاتە 19.4 ملیار دۆلار و لەو بودجەیەتەنها 1.5 ملیار دۆلاری دەدرێتەناوچەکوردییەکان کە 8%ی بودجەکەیە، شایانی باسەزۆربەی ئەو نەوتەلەناوچەکانی کەرکوك دەردەهێنرێت.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-00 گروپێکی تیرۆریستی عەرەبی بەناوی کۆمیتەی موجاهیدینی موسڵ ڕایگەیاند: لەبری هەر کوژراوێکی عەرەب خوێنی 50 کورد حەڵاڵەو دەبێت 50 کورد لەجیاتیی بکوژرێت.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-00 سەربڕینی لاوێکی 16 ساڵەلەموسڵ لەلایەن تیرۆریستەعەرەبەکانەوە، نێوبراو ناوی بەندەر جەمال بوو.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-00 کۆتایی ئەم مانگە: کوژرانی 2 ئەندامی پکك لەناوچەی ماردین.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-00 دادگای مافی مرۆڤ لەئەوروپا د.ت بە 28 هەزار یۆرۆ بەتاوانی بەکارهێنانی ئەشکەنجەی زیندانییان سزادا.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-11-00 د.ت بڕیاریدا مینەکانی سەر سنووری نێوان تورکیا و سووریا لابەرێت و ئەو زەوییەکشتوکاڵییەکوردییانەلەمین پاکبکاتەوەکەدەیان ساڵەلەدژی شۆڕشی کورد مینڕێژکراون.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-11-00 داخستنی بەشی کوردی و سریانی و تورکمانیی تەلەڤزیۆنی موسڵ و دەرکردنی هەموو کارمەندەکانی ئەم بەشانە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-11-00 مارك کورتیسی مێژوونووسی بەریتانی تاوانەکانی بەریتانیای دەربارەی کورد لەڕۆژنامەی ئیندیپێندەنت خستەڕوو.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-11-00 تیرۆریستەعەرەبەكان لەشارۆچكەی دووبز 3 ئەندامی ئاسایشی سلێمانییان تیرۆركرد.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-11-00 یەكیەتیی ئەوروپا لەدوا راپۆرتی خۆیدا كۆنگرەی گەل - پكك بەرێكخراوێكی تیرۆریست نازانێت و ناوی نەبردووە.
سەرچاوەی 1, تەواوی كەناڵەكانی راگەیاندن

2004-11-00 ئیسماعیل تەتەری كەكوردێكی كرماشانەو نوێنەری كرماشانەلەپەرلەمانی ئێرانیدا رایگەیاند كەدەیەوێت خۆی بۆ پۆستی سەرۆك كۆماری ئێران كاندید بكات.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی راگەیاندنی كوردی

2004-11-00 د.ا سانسۆری خستەسەر ماڵپەڕی كوردستان نێت و لەكوردستانی بندەستی داگیركەری ئێراندا ئەم ماڵپەڕەناكرێتەوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: ماڵپەڕی كوردستان نێت http://www.kurdistannet.org

2004-11-00 پارتی داوای لەیەكێتی كرد كەببێتەخاوەنی 55%ی كورسییەكانی پەرلەمان و یەكێتیش ئەو 45%كەی تری ببێت، بەڵام مەلا بەختیار لەهەفتەنامەی چاودێردا ئەمەی رەفز كرد و وتی ئێمەبەهیچ جۆرێك بەمەرازی نابین.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی راگەیاندنی كوردی

2004-11-00 حكومەتی سلێمانی بڕیاریدا چاخانەی شەعب نۆژەن بكاتەوەو بڕی 30 ملیۆن دیناری بۆ تەرخانكرد و بڕیاروایەلە06-11 دەست بكرێت بەم نۆژەنكردنەوەیە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی راگەیاندنی كوردی

2004-11-00 د.ت پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئوجەلان دەداتەدادگا بەتاوانی ئەوەی خۆیان لەكاروباری سیاسییەوەهەڵدەقورتێنن و لەكاروباری پارێزەرایەتی لایانداوە.
سەرچاوەی 1, تەواوی كەناڵەكانی راگەیاندن

2004-11-00 حكومەتی نوێی ئێراق بڕیاریدا 5%ی داهاتی نەوت تەرخان بكات بۆ ئەوانەی لەلایەن رژێمی بەعسەوەزیانیان لێكەوتووە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی راگەیاندنی كوردی

2004-11-01 تیرۆریستان بارەگای پارتەكوردییەكانیان لەشاری موسڵ هاوەنباران كرد و بووەهۆی بریندارکردنی چەند كەسێكی كەم و كەوتنەوەی چەند زیانێكی ماڵیی كەم.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-11-01 رفاندنی مونا محەمەد جافی كارگێڕی لكی یەكێتیی ئافرەتانی كورد لەموسڵ لەلایەن چەند نەناسراوێكەوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-11-01 رۆژنامەی جمهوری ئیسلامیی داگیركەری ئێران لەژمارەی ئەمرۆیدا نووسیوویەتی كەحكومەتی هەرێمی كوردستان لاوانی كوردی ئێرانی تووشی فەساد و فەحشا دەكات.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-11-01 دادگاییكردنی نورییەكەسبیر لەشاری لاهای، لەم دادگاییەدا هیچ بڕیارێكی ناردنەوەی نەدرا بۆ توركیا و دادگاییەكەدواخرا.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-11-01 كاتژمێر هەشتی سەرلەئێوارە، لەلایەن كەسێكی نەناسراوەوەبۆمبێك دەخرێتەماڵی هاووڵاتی حەمەكەریم فەرەج و دوو كوڕی دەكوژرێن كەیەكێكیان خێزاندارەو ناوی كاوەیەو ئەوی تریشیان ناوی كارزانەو هەروەها خوشكێكیشیان كەناوی ئافتاوەو خێزانی شوان هەورامیی ئەندامی پلەبەرزی كۆمەڵی ئیسلامیە، بریندار دەبێت.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-11-02 شاندێكی وەزارەتی پەروەردەی بەغدا سەردانی شاری كەركوكی كرد و لەوێ چاوی بەلێپرسراوانی پەروەردەی شارەكەكەوت، شاندی نێوبراو سەردانی یەكێك لەقوتابخانەكوردییەكانی كرد كەتەنیا وانەكانی پۆلی یەكەمی سەرەتایی بۆتەكوردی. لیژنەكەكەدەڕوانێ پۆلی یەك هەموو وانەكانیان كوردییەو عەرەبیی تێدا نییە، بەیوسف سەعیدی بەڕێوەبەری خوێندنی كوردی لەپەروەردەی كەركوك رادەگەیەنن كەدەبێت منداڵانی كورد لەو شارەلەپۆلی یەكەمەوەبەزمانی عەرەبییش بخوێنن، یوسف سەعیدیش داواكەی قبووڵ كردووە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-11-02 وەزارەتی دەرەوەی د.ت ڕایگەیاند: توركیا چیدی ڕازی نابێت سەرانی كورد بڵێن كەركوك كوردستانە.
سەرچاوەی 1, تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

2004-11-03 نوێنەری یەكێتی لەئەنكەرەڕایگەیاند: كەركوك بەشێكەلەكوردستان.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-11-03 دەستەڵاتدارانی شاری موسڵ بنكەیەكی پۆلیسی كوردییان لەشارۆچكەی زومار داخست.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-11-04 ئەردۆغانی سەرەك وەزیرانی د.ت ڕایگەیاند كەجەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی لەمەسەلەی كەركوكدا دووڕوون و هەرجارەی وتارێك دەدەن.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-11-04 چەند تیرۆریستێك لەموسڵ هێرشیانكردەسەر كۆمەڵەئەندامێكی یەكێتی و 4یان لێ بریندار بوو.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-11-05 هەردوو حكومەتی هەرێمی كوردستان بڕی 100 ملیۆن دۆلاریان بۆ چارەسەركردنی كێشەی ئاوارەكانی كەركوك تەرخانكرد.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-11-07 ئەیاد عەلاویی سەرۆك وەزیرانی ئێراق باری نائاسایی لەئێراقدا بۆ 60 ڕۆژ ڕاگەیاند، ئەم بارەئاساییەبەپێی عەلاوی كوردستان ناگرێتەوەو مەبەستیشی تەنها هەر 3 شارەكانی هەولێر و سلێمانی و دهۆكە.

سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-11-07 هەردوو مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی بۆ خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنی ئێراق کۆبوونەوە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-11-07 کۆمیتەی بەریتانیای بەرەو ڕیفراندۆم پەیوەندیی خۆیی بەلیژنەی باڵای کوردستانەوەبڕی.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-08 دادگای هۆڵندی بڕیاریدا نورییەکەسبیر نەدرێتەوەبەداگیرکەری تورکیا.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-11-08 کۆبوونەوەی وەفدی مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی و یەکگرتووی ئیسلامی سەبارەت بەهەڵبژاردنەکانی ئێراق.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-08 کردنەوەی لکێکی بانکی کۆریا لەهەولێر.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-08 ڕوودانی پێکدادانێك لەنێوان پکك و د.ا و بووەهۆی برینداربوونی 1 پاسدار.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-09 بەمەبەستی پەڕینەوەبۆ ناوخاکی تورکیا 18 لاوی کورد لەفیشخاپوور لەبارانێکی زۆردا لەو ڕووبارەپەڕینەوەو 4یان خنکان و ژمارەیەکیشیان بێسەروشوێنە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-09 تەقینەوەی ئوتومبیلێکی مینکراو لەسەربازگەی کەیوانی نزیك کەرکوك و بووەهۆی کوژران و برینداركردنی چەند کەسێك و زیانی ماڵیشی لێکەوتەوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-09 تیرۆرکردنی 2 کورد و فڕاندنی یەکێکی تر لەموسڵ.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-09 تەقینەوەی بۆمبێك لەسینەما ڕەشیدی شاری سلێمانی و بووەهۆی برینداربوونی دوو بینەر و زیانی ماڵیش بەسینەماکەکەوت.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-11 لەشاری سنەمنداڵێکی تەمەن 14 ساڵەی خەڵکی شاری سنە، کەتۆمەتی ڕۆژوو نەگرتنی درابووەپاڵ، لەلایەن قازی دادگای گشتی شارەوەبەلێدانی 85 شێلاق مەحکووم کرا و چەند جەلادێکی دەوڵەت، کەدەستووری جێبەجێکردنی سزاکەیان پێ سپێردرابوو، منداڵەکەدەبەنەشوێنی سزادان و لەژێر شێلاقدا دەیکوژن.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-11-11 پارێزگاری کەرکوك عەبدولڕەحمان مستەفا لەهەولێکی تیرۆریستی ڕزگاری بوو و 4

لەپاسەوانەکانی بریندار بوون.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-11-11 نائارامی و پشێوی شاری موسڵی گرتەوەو هەموو پردەکانی شارەکەداخران.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-11-12 حکومەتی هۆڵندی ڕایگەیاند: نزیکەی 29 ئەندامی پکك ی لەکەمپێکدا لەهۆڵندا دەستگیرکردووە. هەروەها لەلایەکی ترەوەلەشاری لاهای 3 ئەندامی تر دەستگیرکران.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-11-13 سەربڕینی 3 کورد لەشاری موسڵ لەلایەن عەرەبەتیرۆریستەکانەوە، ناوی یەکێکیان عەزیز مستەفا گۆرانە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-16 13 پارتی ئێڕاقی لەگەڵ پارتی و یەکێتیدا ئیمزای دواخستنی هەڵبژاردنی ئێڕاقیان کرد.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-17 تیرۆرکردنی مەحموود ئیسماعیل حەسەن لە موسڵ لەلایەن تیرۆریستەعەرەبەکانەوە، نێوبراو یەکێك بوو لەپاسەوانەکانی خەسرەو گۆران.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-17 کۆبوونەوەی هەردوو مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی لەپیرمام، لەم کۆبوونەوەیەدا هەردوولا ڕایانگەیاند کەچیدی لەئاست غەدری عەرەب لەدژی کوردی موسڵ و کەرکوك بێدەنگ نابن. هەروەها ئەوەشیان ڕاگەیاند کەلەم بارودۆخەدا هەڵبژاردن لەشاری کەرکوکدا بەباش نازانن تاوەکو تەواوی ئاوارەکوردەکان نەگەڕێنەوەبۆ کەرکوك.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-18 بەهۆی ڕووداوێکی تیرۆریستییەوە 2 کرێکاری کورد لەلایەن عەرەبەتیرۆریستەکانەوەلەکەرکوك کوژران.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-18 تیرۆرکردنی حەمزەحەسەن ئیبراهیم لەموسڵ لەلایەن تیرۆریستەعەرەبەکانەوە، نێوبراو تەمەنی 15 ساڵ بوو.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-18 د.ت ڕایگەیاند کەدژی دواخستنی پرۆسەی هەڵبژاردنەلەکەرکوك.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-19 هەردوو سەرکردەجەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی ڕایانگەیاند: تاوەکو مادەی 58ی دەستووری کاتی لەکەرکوکدا ئەنجام نەدرێت، هەڵبژاردن لەکەرکوکدا سەرناگرێت.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-11-19 مەلای مزگەوتی گەورەی بێجی لەوتاری ڕۆژی هەینیدا خوێنی کورد و ئامریکی و تورکی حەڵاڵ کرد.

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-19 بەستنی کۆنفرانسی یەکێتیی نووسەرانی کورد لکی کەرکوك. لەم کۆنفرانسەدا 19 کەس بۆ دەستەی بەڕێوەبەری لکی کەرکووك خۆیان کاندیدا کرد، لەکۆی 138 ئەندام 125 ئەندام بەشداری کۆنفراس و دەنگدانەکەیان کرد، دوای جیا کردنەوەی دەنگەکان ئەنجامەکەی بەم جۆرەبوو: حەمەکەریم عارف 105 دەنگ، محەمەد سەعید زەنگەنە89 دەنگ، یوسف لەتیف 80 دەنگ، عەلی بەرزنجی 65 دەنگ، ئەحمەد تاقانە59 دەنگ، هەروەها جەلیل کاکەوەیس و فەیسەل هەمەوەندی بەئەندامی ئیحتیات هەڵبژێردران.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-19 لەپێکدادانێکی نێوان د.ت و پکك 2 ئەندامی پکك کوژران.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-20 لەهەردوو زانکۆی سنەو سلێمانی یادێك بۆ هۆزانەوان گۆران ڕێکخرا.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-20 گروپێکی عێراقی هەواڵی تیرۆرکردنی دوو ئەندامی پارتیی ڕاگەیاند.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-20 تا 28-11: ڤیستیڤاڵی فیلمیدیالەشاری ڕۆما، فیلمی کیسەڵەکانیش دەتوانن بفڕن لەدەرهێنانی بەهمەنی قوبادی خەڵاتی ئەم ڤیستڤاڵەی وەرگرت. شایانی باسەئەم فیلمەتاوەکو ئێستا 14 خەڵاتی نێودەوڵەتیی وەرگرتووە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-11-20 بەرەی تورکمانی لەبەیانێکدا دژی ڕاگەیاندنەکەی مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی وەستایەوەو دژی دواخستنی پرۆسەی هەڵبژاردنن لەکەرکوکدا.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-20 سووتاندنی بیرەنەوتێکی کەرکوك لەلایەن تیرۆریستەعەرەبەکانەوە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-11-21 پەرڵەمانی باشووری کوردستان بڕیاریدا ژمارەی ئەندامانی لە100 ئەندامەوەبکاتە111 و ڕێژەی 7%یش بۆ هەڵبژاردن و مەرجی ئەندامەتی لاببات. هەروەها بڕیاری ئەوەشیدا ڕێژەی ئافرەت لەپەرڵەماندا 25% بێت.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-21 کۆمەڵەی زیندانەسیاسییەکانی کورد لەرۆتەردام کۆبوونەوەیەکیان کرد و ڕەخنەیان لەپارتەکوردستانییەکان گرت کەهیچ هاوکارییەکی نەکردوون.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی کوردستان نێت http://www.kurdistannet.org

2004-11-21 تیرۆرکردنی پۆلیسێکی کورد بەناوی ئەیاد تارق لەموسڵ.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-11-21 پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند: لەسەر ئاستی ئێراق و باشووری کوردستاندا بەشداریی هەڵبژاردن دەکات.

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-21 تا 22-11: سازدانی فیستیڤاڵی دڵدار لەهەولێر.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-22 بەپێی ئامارێك کەلەسایتی پەیامنێردا بلاوکراوەتەوە، 40%ی کوردی بندەستی داگیرکەری ئێران بێکارن و ئەمانەزۆربەیان خەریکی کاری قاچاخچین لەسەر سنووری ئێران و ئێڕاق، بەلام بەپێی ئاماری د.ا 20% کورد بێکارن.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-11-22 بەستنی کۆنگرەی شەرەم ئەلشێخ لەمیسر بۆ دارشتنەوەی ئێڕاق، لەم کۆنگرەیەدا کۆڵن پاوڵ بەشداریی کرد و هەروەها هەموو وەزیرانی دەرەوەی وڵاتەدراوسێکانی ئێڕاقیش بەشدارییان کرد. وەفدی ئێڕاق بەسەرۆکایەتیی هوشیار زێباری بوو.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-11-22 جالیەی کوردی لەکازاخستان لەیادی تێپەڕبوونی 60 ساڵ بەسەر کۆڕەوی کوردەکان لەقەفقازەوەکەساڵی 1944 روویدا، لەسەنتەری کەلتووریی نیشتمانیی شاری ئالمائاتا کۆبوونەوەو ئاهەنگێکیان گێڕا. لەئاهەنگەکەدا جگەلەژمارەیەکی زۆری کورد، نزیکەی 600 میوانی بێگانەش ئامادەبوون لەنێویشیاندا ئەلێکساندەر سێرگیۆڤیچ تیرشنکۆ سەرۆکی ئێسنبلی کازاخستان و ڤیکتۆر ڤۆیسلاف خیربانۆف پارێزگاری شاری ئالمائاتا و باڵیۆزەکانی ئەرمینیا، لاتڤیا، پۆلۆنیا، رۆمانیا و ئیسرائیل و، هەریەك لەوانەلەئاهەنگەکەدا وتەیەکیان پێشکەش کرد و جەختیان لەسەر ئەوەکردەوەکەپێویستەدانیشتوانی کورد لەئازادیدا بژین و بەمافەرەواکانی خۆیان شاد بن.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-11-22 بەپێی هەندێك سەرچاوەی کوردی بەڕێوەبەری پۆلیسی موسڵ بۆ ئاکرێ هەڵهاتووەو پارتیش گرتوویەتی و ڕەوانەی بەغدای کردووە، ئەم بەڕێوەبەرەپەیوەندیی زۆری لەگەڵ تیرۆریستەعەرەبەکاندا هەبووە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-22 پارێزگاری کەرکوك عەبدولڕەحمان مستەفا ڕایگەیاند: نابێت بەبێ جێبەجێکردنی مادەی 58 دەستووری کاتیی ئێڕاق هەڵبژاردن لەکەرکوکدا سازبدرێت.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-22 پەرلەمانی ئەوروپی لەسەر کێشەی کورد لەتورکیا کۆبوونەوەیەکی سازکرد و لەو کۆبوونەوەیەدا چەند کوردێکیش بەشداربوون.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-11-23 نێچیرڤان بارزانی لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا ڕایگەیاند: ئەگەر هەڵبژاردن لەکەرکوکدا دوانەخرێت ئەوا بەشداری لەهەڵبژاردندا ناکەین.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-23 حکومەتی کۆری بڕیاریدا کەماوەی مانەوەی هێزەکانی خۆی لەباشووری کوردستاندا بۆ کۆتایی ساڵی 2005 درێژبکاتەوە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-11-24 جێگری پارێزگاری موسڵ، خەسرەو گۆران لەهەوڵێکی تیرۆریستی ڕزگاری بوو.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-11-24 بەبەشداربوونی 56 مامۆستای کورد، لەکۆنفرانسی سێیەمی زمانی دایك کەلەسوید بەسترا و چەند مامۆستایەکی کورد لەو کۆنفرانسەدا باسیان پێشکەشکرد.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-24 مەدالیای سەربازیی لیگن ئۆف مێریت درایەوەجیە بارزانی، نێوبراو لەکاتی جەنگی ڕزگاریی ئێراق بەخەستی و بەهەڵەلەلایەن فرۆکەکانی ئامریکاوەبریندارکرا.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-24 کۆچی دوایی هۆزانەوان و نووسەر گۆران قەراخی لەسلێمانی.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-24 دەستەی زانایانی سوننەلەئێراق ئامریکا و کوردی بەوەتاوانبارکرد کەتیرۆر دەکەن لەئێراقدا.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-11-26 دانانی پەیکەری هۆزانەوان ئەسیری لەگۆڕەپانی ئازادی لەکەرکوك.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-27 کردنەوەی نەخۆشخانەی زەیتوون لەلایەن سوپای کۆرییەوەلەهەولێر.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-27 کۆنفرانسی 4ەمی یەکێتیی مافپەروەرانی کوردستان، شایانی باسەیەکێتی لەم کۆنفرانسەدا بەشداریی نەکرد.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-28 لەشاری دیمەشق لەسەر داوای پارتەکوردییەکان ڕێوڕەسمێکی دژ بەدادگاییکردنی 15 لاوی کورد لەبەردەم دادگای باڵای ئاسایشی داگیرکەری سووریا بەڕێوەچوو.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-28 لەماوەی 2 ڕۆژی ڕابردوودا ژمارەیەك لەکوردی شەبەك و یەزیدی و موسڵمان لەشاری موسڵ لەلایەن تیرۆریستەعەرەبەکانەوەتیرۆرکران. بەو شێوەیەتیرۆری عەرەب بەرامبەر بەکورد لەو شارەدا بووەتەدیاردەیەکی بەرچاو و ئەگەری دروستبوونی پشێویی گەورەلەنێوان کورد و عەرەبدا چاوەڕوان دەکرێت.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-28 هوشیار زێباری لەبەغدا لەهەوڵێکی تیرۆریستی ڕزگاری بوو.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-28 کۆبوونەوەی دوو وەفدی پارتی و یەکێتی لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامی لەبارەگای یەکگرتوو بۆ دانوستاندن و ئەگەری بەشداریکردنی هەرسێ لایان بەیەك لیست بۆ هەڵبژاردن.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-28 تیرۆریستان نامەیەكی هەڕەشەدەكەنەسەر ڕۆژنامەنووس سۆران داودی لەكەركوك و داوای لێدەكەن واز لەكارەكەی بهێنێت، ئەگەرنا ئەوا دەیكوژن. نامەكەلەلایەن كەتیبەی موجاهیدینەوەنێردراوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-11-29 داگیركەری ئێرانی چەند ئەندامێكی پكك ی دایەوەدەست توركیا و ئەمەناوەكانیانە: نورەدین ئیبراهیم ئونەر، موراد ئونەر، نورسەن پۆلات، سلێمان ئورپار، محەمەد ئایدنار، عەبدولجەبار گونگەر، زەردەشت ئایاز، ئیبراهیم جەیلان و نورسەڤدین ئونەر.
سەرچاوەی 1, تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

2004-11-29 لەدرێژەی ئەو هەڵمەتی تیرۆر و ڕەشەكوژییەدا كەماوەیەكەدژ بەهاووڵاتیانی كورد لەشاری موسڵ دەستی پێكردووە، سەرلەبەیانی ئەمڕۆ سێ هاووڵاتی كورد لەهەردوو گەڕەكی (تەنەك ) و (پیشەسازی) كوژران. لەگەڕەكی تەنەك دوو كەس بەناوەكانی خالید كۆچەر تەمەن 40 ساڵ و، عەزیز هاشم 51 ساڵ لەلایەن كەسانێكی نەناسراوەوەتیرۆركران. لەگەڕەكی (پیشەسازی)ش هاووڵاتییەكی دیكەی كورد بەناوی عەلوان ئیبراهیم گەرگەری تیرۆركرا.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-11-29 فڕاندنی خوێندكار كامەران قاسم ڕەفیق لەلایەن چەند عەرەبێكی تیرۆریستەوەلەكەركوك و پاش ئەشكەنجەدانێكی زۆر تیرۆری دەكەن و سووكایەتی بەتەرمەكەشییەوەدەكەن. نێوبراو خوێندكاری پەیمانگای مامۆستایانی كەركوك بوو و تەمەنیشی 20 ساڵ بوو.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-11-30 دۆزینەوەی تەرمی هاوڵاتییەكی كورد بەناوی كامەران قاسم ڕەفیق لەنزیك پردی سێیەمی كەركوك. نێوبراو بەگوللەتیرۆركرابوو.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-11-30 تەقینەوەی مینێك لەبەردەم ماڵی میهرەبان كازم لەگەڕەكی ئیسكانی كەركوك بەتاوانی ئەوەی وەرگێڕەلەگەڵ ئامریكییەكاندا و بووەهۆی برینداربوونی دایكی نێوبراو.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-11-30 نقوومبوونی كەڵەكێك لەڕووباری فیشخاپووردا كەخەڵكی ناوچەكانی زومار و شەنگاری دەگواستەوەبۆ بەری زاخۆ، شایانی باسەكەكەڵەكەكە44 كەسی تێدابوو و ژمارەیەكی زۆریان لێخنكان. ماوەیەكەخەڵكی ئەو ناوچەیەلەبەر تیرۆریستانی عەرەب بەموسڵدا هاتووچۆی دهۆك و زاخۆ ناكەن و كەڵەكی ئاو بەكاردێنن بۆ پەڕینەوەی ئەم ڕووبارە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-12-00 لە3 مانگی ڕابردوودا نزیكەی 28 وەفدی ئەوروپایی سەردانی دیاربەكریان كردووە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-12-00 قەیرانی بەنزین و سووتەمەنی ڕوویكردەشارەكانی باشووری كوردستان و نرخی 20 لیتر بەنزین لەسلێمانی گەیشتە18 هەزار دینار و لەهەولێر گەیشتە26 هەزار دینار.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-12-00 بەگوێرەی ڕاپۆرتێك لەماڵپەڕی پەیامنێرەوەلەپارێزگاكانی ڕۆژئاوا و باكوری ڕۆژئاوای

ئێرانەوە، لەماوەی دوو مانگی رابردوودا شەپۆلێکی نوێ لەسەرکوتکردن و بانگکردنی هاووڵاتیانی ئەو پارێزگایانەو چالاکانی سیاسی لەلایەن هێزەکانی ئاسایش و وەزارەتی ئیتیلاعاتەوەدەستی پێکردووە. لەروونکردنەوەیەکی گشتیدا کەیەکێتی جوانانی رۆژهەڵاتی کوردستان (YJK) بڵاویکردۆتەوە، هاتووە: پارێزگای کوردستان، 71 حاڵەتی بانگکردن و گوشاری بەخۆیەوەبینیوەکەشاری سنە38 حاڵەت، شاری مەریوان 18 حاڵەت و شاری بانە15 حاڵەت بووە. پارێزگای ئازەربایجانی رۆژئاوا، 97 حاڵەتی بانگکردن و گوشار، کەشاری ورمێ و ناوچەکانی سەر بەو شارە41 حاڵەتی بەخۆیەوەبینیوە. شاری مەهاباد 32 حاڵەت، شاری بۆکان 11 حاڵەت، شاری نەغەدە7 حاڵەت و شاری خۆی 6 حاڵەت بووە. ئەو راپۆرتەدەستنیشان دەکات کەتەواوی ئەو کەسانەی لێکۆڵینەوەکان دەکەن، لەسەر بنەمای ترساندن و تۆقاندنی بانگکراوەکان دەرۆن و هەروەها هانیان دەدەن بۆئەوەی هاوکاری بەسیج و ئیتیلاعات بکەن. هەروەها لەدرێژەی ئەو راپۆرتەدا هاتووەگوشارەکان لەناوچەسنوورییەکانی سەڵماس و ماکۆ و ورمێ بەشێوەیەك بووە، کەدانیشتوانی ئەو گوندانەیان ناچار کردووەتا لەدژی هێزەکانی پەژاك (پارتی ژیانی ئازادی کوردستان) چەك هەڵبگرن و ئەگەر بێتوو خەڵکی هەر گوندێك سەرپێچی بکەن، ئەوا بەشێوازگەلێکی جیاواز سەرکوتیان دەکەن. هەروەها لەدرێژەدا هاتووەزۆرێك لەو کەسانەی بانگ کراون، بەتۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ رادیۆی کوردی مەزۆپۆتامیا و کەناڵی تەلەفزیۆنی (ROJ) و داوا کردنی گۆرانی دڵخوازیان، لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کراوە.

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەری پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-12-00 بۆ یەکەمجار لەمێژوودا چەند هونەرمەندێکی شێوەکاریی ئامریکی و فەرەنسی و بەریتانی پێشانگایەکیان لەگەرماوی قەڵای هەولێر کردەوەو دەیان کاری تابلۆ و سیرامیکیان تێدا پیشاندا.

سەرچاوەی 1, تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی ینك Kurd Sat

2004-12-00 لکی موسڵی سەندیکای رۆژنامەنووسان دەیەوێت بەکۆبوونەوەیەك دەستبەکاربوونی خۆی ئاشکرا بکات. بەڵام تیرۆریستەعەرەبەکان لێناگەرێن کەهیچ هۆڵێکیان بەکرێ بدرێتێت بۆ کۆبوونەوەکەیان.

سەرچاوەی 1, هاورێنامەهاورێنامە

2004-12-00 سەرچاوەکوردییەکان باسیان لەوەکرد کەلەپەرلەمانی ئێراقدا جگەلەحەمەی حاجی مەحموود کەس بەزمانی کورد قسەناکات.

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندنی کوردی

2004-12-00 وەزارەتی دارایی ئێراقی بودجەیەکی نوێی بۆ کوردستان پێشکەشکرد، بەپێی ئەم بودجەیەدرایی کوردستان لە8%وەدەبێتە17%.

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندنی کوردی

2004-12-00 نزیکەی 200 کەسایەتیی کورد نامەیەك ئاراستەی یەکێتیی ئەوروپا دەکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەتورکیا، لەیلا زانا یەکێك بوو لەو کەسایەتییانەی کەئیمزای نامەکەی کردبوو.

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندنی کوردی

2004-12-00 عەرەبەتیرۆریستەکانی کەرکوك لەنامەیەکدا کەبەماڵەعەرەبەکانی کەرکوکدا بڵاویان کردەوە، هەرەشەیان لەو عەرەبانەکرد کەدەیانەوێت بەشداریی هەڵبژاردن بکەن. شایانی باسەلەو نامەیەیاندا ئەوەیان نووسیوەکەکورد کافرن و هاوپەیمانی ئامریکان.

سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

2004-12-00 بەپێی هەندێك سەرچاوە، لەموسڵ کۆنەبەعسییەکان خەریکی خۆرێکخستنەوەن و رۆژنامەی ئەلسەورەدەردەکەن و لەناو خۆیاندا دەستاودەستی پێدەکەن بۆ خوێندنەوە.

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندنی کوردی

2004-12-00 بەگوێرەی هەواڵێکی ئاژانسی دەنگوباسی رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو شاعیر، نووسەر و لێکۆڵەرانەی کەبەمەبەستی بەشداریی لەهەشتەمین فێستیڤاڵی ئەدەبی گەلاوێژ لە04 تا 10ی ئەم مانگەدا، هاتبوون بۆ شاری سلێمانی، دوای گەڕانەوەیان بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی کۆماری داگیرکەری ئیسلامییەوەدەستگیرکران. دەستگیرکراوەکان بۆ ماوەی شەوێك لەژێر چاودێریدا بوون و دوای دەستبەسەرداگرتنی کتێب و گۆڤار و بڵاوکراوەکانیان، تا ئەو کاتەی کەدادگایی دەکرێن، بەکەفالەت ئازاد کراون. ناوی هەندێك لەدەستگیرکراوەکان ئەمانەیە: لەمەریوانەوەشەریف مرادی، دارا ئازاد مەنیش، کەیوان حەیدەری، ژیلا حەسەنپور، هادی رەحمانزادەلەگەڵ سێ کەسی دیکە، لەبۆکانەوەشوانەو ئەمجەد غولامی، کەسەرجەم ژمارەیان 10 کەسە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-00 حازم شەعلانی وەزیری بەرگریی داگیرکەری ئێراق سەردانی ینك و پارتیی کرد و داوای یارمەتیی لێکردن بۆ پاراستنی بیر و بۆرییەنەوتەکانی کەرکوك و موسڵ.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-00 لابردنی هێمای تەرقین و تەجمید لەسەر تۆمارکردنی کوردەفەیلییەکان لەئێراقدا. شایانی باسەئەمەدوو هێمای داگیرکەری ئێراقی بوو بۆ سەندنەوەی ڕەگەزنامەی ئێراقی لەکوردەفەیلییەکان لەسەردەمی بەعسدا.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-00 گیرانی ڕۆژنامەنووس شەمزین جیهانی لەمەهاباد لەلایەن داگیرکەری ئێرانییەوە، نێوبراو بەیارمەتیدانی پژاك و پکك تاوانبار کراوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-00 ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لەسووریا ڕایگەیاند: ئەو 33 کوردەی کەبڕیار بوو لەزیندانەکانی داگیرکەری سوورییەوەئازاد بکرێن بەڵام سزاکەیان درێژکرایەوە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-12-00 گیرانی کوردێك لەئەڵمانیا بەناوی عەتا، نێوبراو خەڵکی باشووری کوردستانەو ئەندامی ئەنسارولئیسلام بوو و یەکێك بوو لەوانەی دەستی هەبوو لەهەوڵی کوشتنی ئەیاد عەللاویدا.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-12-00 سازدانی ڤیستیڤاڵێکی ڕێزلێنان بۆ هونەرمەندی گۆرانیبێژ سێوەلەهۆڵی میدیای شاری هەولێر.
سەرچاوەی 1, تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدك Kurdistan TV

2004-12-00 هونەرمەند شڤان پەروەر خەڵاتی موزیکیی چارڵز کرۆزی لەفەڕەنسا لەسەر ئەلبوومی (من بیریا تەکری) وەرگرت.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-00 بەپێی هەندێك سەرچاوەی کوردی فەرەیدوون عەبدولقادری ئەندامی مەکتەبی سیاسیی ینك بەفەرمی دەستی لەکارکێشاوەتەوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-00 پارتی و یەكێتی بەلیستی جیاواز بەشداریی هەڵبژاردنی چەنجوومەنی پارێزگاكان دەكەن. شایانی باسەیەكێتی دەیویست لەم هەڵبژاردنەشدا لەگەڵ پارتی لیستی هاوبەشیان ببێت بەڵام پارتی ڕازی نەبوو.

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-12-00 وەزیری ناوخۆی داگیركەری ئێراقی بەئەنجوومەنی پارێزگای كەركوكی ڕاگەیاند كەئەو پۆلیسانەی لەسلێمانی و هەولێر خولی پۆلیسییان دیتووەبەفەرمی ناناسرێن و پێویستەخولی فەرمیی ئێراقییان دیتبێت.

سەرچاوەی 1, تەلەڤزیۆنی كوردی: تەلەڤزیۆنی ینك Kurd Sat

2004-12-00 بەپێی لێكوڵینەوەیەك كەلەسەر ژیانی نووسەر و لێكۆڵەرانی كوردی رۆژهەلاتی كوردستان ئەنجام دراوەدەركەوتووەكە60%ی نووسەران ژیانی پیشەییان پارێزراو نییە، هەروەها 78%ی لێكۆڵەرەكوردەكانیش بەهەمان شێوەژیانی پیشەییان لەمەترسیدایە. بەپێی هەواڵی ئاژانسی دەنگوباسی ئیرنای ئێرانی ئەو لێكۆڵینەوەیەلەلایەن لێكۆڵەرێكی كورد بەناوی رەزا شافعی ئەنجام دراوەو بوارەكانی ئابووری، رۆشنبیریی، كۆمەلایەتی و پیشەیی گرتۆتەوەو لێكۆڵینەوەیەكی مەیدانی بووەو دەریش كەوتووەكەزۆربەی نووسەر و لێكۆڵەرانی كورد كێشەی ئابووریی بۆتەگرفتێكی سەرەكیی ژیانیان.

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: ماڵپەری پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-12-00 دەستگیركردنی 12 ئەندامی پژاك لەناوچەی شنۆ لەلایەن داگیركەری ئێرانییەوە.

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-12-00 بەهۆی تیرۆركردنی 4 لاوی كورد لەشارۆچكەی حەویجەدەیان ماڵی كورد لەترسی تیرۆری عەرەب بەرەو كەركوك شارۆچكەكەیان بەجێهێشت.

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-12-00 نزیكەی 4 ڕێكخراوی كوردی بەشداری لەلیستی شیعەدا دەكەن. لیستەكەناوی ئیئتیلافی ئێراقیی یەكگرتووەو ڕێكخراوەكوردییەكانیش ئەمانەن: ڕێكخراوی ئیسلامیی كوردی شیعە، گردبوونەوەی فەیلی لەئێراق، گردبوونەوەی نیشتمانیی كوردی شیعەو یەكگرتووی زانایان و وتاربێژانی كوردی شیعە. شایانی باسەئەم لیستەیەزیدی و شەبەك وەك دوو رەگەزی جیاواز لەكورد سەیردەكەن.

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-12-00 نزیكەی 30 فەرمانبەری پەروەردەی كەركوك بۆ چاودێریی سندوقەكانی هەڵبژاردن دانران كەزۆرینەیان توركمانن.

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-12-00 وەزیری نەوتی داگیركەری ئێراقی بڕیاری ئەوەیدا كەئەو كارمەندانەی كۆمپانیای نەوتی كەركوك كەپیربوون خانەنشین بكرێن و لەجێیان كەسوكاریان لەكۆمپانیاكەكاربكەن. زۆربەی ئەو كارمەندانەش عەرەبی تەعریبین و كورد ناگرێتەوە.

سەرچاوەی 1, تەلەڤزیۆنی كوردی: تەلەڤزیۆنی ینك Kurd Sat

2004-12-00 بەپێی هەندێك سەرچاوەی كوردی كێشەیەكی زۆر لەناو ڕیزەكانی كۆمەڵی ئیسلامیی كوردستاندا هەیەو هۆیەكەشی دەگەڕێتەوەبۆ ئازادنەكردنی عەلی باپیر و نەبوونی كەسێك كەجێی بگرێتەوە.

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-12-00 د. نوری تاڵەبانی ڕایگەیاند کە85%ی فۆرمەکانی هەڵبژاردن لەکوردستاندا هەڵەیان تێدایە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-00 مالك دۆهای حەسەنی وەزیری دادی ئێراقی ڕایگەیاند کەسەددام دوای هەموو تاوانباران دەدرێتەدادگا و یەکەم کەسیش عەلی حەسەن مەجید کیمیاویی دەبێت.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-00 بەپێی ڕاپۆرتێك کەلەبالْتیمۆر سەندا بلاوکراوەتەوە، خاکی هەڵەبجەهێشتا ژاراوییەو بۆ ژیان دەست نادات.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-00 بەپێی ڕاپۆرتێکی ماڵپەڕی پەیامنێر خوێندکارەکوردەکانی زانکۆی حەڵەب لەژێر چاودێرییەکی توندی داگیرکەری سووریدان و هەر کۆبوونەوەو کۆڕێکی کوردی لەو زانکۆیەدا قەدەغەکراوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-12-00 د.ت بڕیاریدا کەلەسەرەتای ساڵی 2005دا لەشکری پێنجەمی سوپای تورك دابمەزرێنێت و بارەگاکەی لەشاری وان بێت و کاری پاسەوانیی سنوورەکانی نێوان تورکیا و ئێران بێت.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-01 لیژنەی بالای ئاوارەکان بەئامادەبوونی ئیسماعیل حەدیدی سەرۆکی لیژنەو جێگری پارێزگاری کەرکوك و د. کەمال کەرکوکی و نوێنەرانی هەردوو گروپی کورد و کلدوئاشووری، کۆبووەوە. سەرەتا سەرۆکی لیژنەی بالای ئاوارەکان ڕەخنەی لەهەردوو نوێنەرانی تورکمان و عەرەب گرت کەبەبێ هیچ هۆکارێك بەشداری لەکۆبوونەوەی ئەم لیژنەیەناکەن کەباس لەپرسی هەنووکەی کەرکوك ئەویش کێشەی ئاوارەکانەدەکەن. دواتر لەکۆبوونەوەکەدا ئەوەخرایەروو کەشوێنێکی دیکە(شوێنی سێیەمی پێ دەڵێن) بۆ گەڕاوەکان تەرخان بکرێت.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-12-01 مۆرکردنی ڕێکەوتننامەیەك لەنێوان پارتی و یەکێتی لەپیرمام، لەم ڕێکەوتننامەیەدا هەردوولا بڕیاریاندا لەگەڵ حیزبەکوردستانییەکانی تردا بەلیستێکی هاوبەش بەشداریی هەڵبژاردنی ئێراق و کوردستان بکەن و ئەو لیستەیەش پارتەئیسلامییەکوردستانییەکانی تێدا نەبێت. هەروەها بڕیاری ئەوەشیاندا کەهەردوولا بەڕێژەی 50% بەشداریی پەرلەمانی کوردستان بکەن بەو مەرجەی پارتی بۆ هەبێت کورسییەکی بێلایەن لەپەرلەمانەدا دەستنیشان بکات. هەردوولاش لەم ڕێکەوتننامەیەدا ئەوەیان دڵنیا کردەوەکەکەرکوك شارێکی کوردستانییەو ناکرێت هەڵبژاردنی تێدا پیادەبکرێت تاوەکو عەرەبەهاوردەکان نەنێردرێنەوەو کوردەئاوارەکانیش لەکەرکوکدا نیشتەجێ نەبنەوە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-12-01 ئاژانسی ڕۆیتەرز لەزاری بەرپرسێکی سەربازیی تورکیا ڕایگەیاند کەئەوان لەشاری موسڵ پێنج لەبەرپرسانی کۆنگرا گەل - پکك یان کوشتووە. بەرپرسەکەکەنەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات بەئاژانسی ڕۆیتەرزی ڕاگەیاند کەڕۆژی 29-11 ژمارەیەك چەکداری نەناسراو تەقەیان لەئۆتۆمبیلێك کرد کەژمارەیەك کادیر و سەرکردەی ئەو حزبەی لەناودا بوو و لەئاکامدا مەیسا باکی ئەندامی سەرکردایەتیی حزب و دوو ئافرەتی دیکە(کەهەرسێکیان کوردی باشوورن) و چەند کەسێکی دیکەش کوژراون، کەدووانیان کوردی خۆرهەلات و یەکێکیان کوردی باکوورە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-12-01 ڕێبوار ئەحمەدی سکرتێری حککع بۆ ڕۆژنامەی میدیای ئەمڕۆی ڕاگەیاند کەئەو بەهیچ جۆرێك ئاڵای کوردستانی لا پیرۆز نییەو بەهێمایەکی کۆنەپەرستییانەی دەزانم.
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی کوردی: میدیا - ژمارە 175 - 2004-12-01. لاپەڕە: 7

2004-12-01 بەپێی کورتەڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی میدیا لەدوای ڕووخانی بەعسەوەوانەی زمانی کوردی لەبەغدا و ناوچەعەرەبنشینەکانی ئێراقدا ناخوێندرێن. شایانی باسەلەکاتی بەعسدا لەهەفتەیەکدا 2 وانەی کوردی هەبوو و هەرچەندەگرنگییەکی ئەوتۆی نەبوو و تەنها بۆ ناو بوو و بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدەدرا.
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی کوردی: میدیا - ژمارە 175 - 2004-12-01. لاپەڕە: 1

2004-12-02 عەلی باپیری میری کۆمەڵەی ئیسلامی چاوی بەخێزان و کەسوکاری کەوت لەزیندانی ئامریکییەکاندا.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-02 دروستکردنی لیژنەیەکی چاودێریی هەڵبژاردنی ئێراق لەدانیمارك بۆ چاودێریکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن لەو وڵاتەدا. لیژنەکە 17 کەسن، 9 عەرەب و 8 کورد.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-12-03 ئامریکییەکان نزیکەی 200 تیرۆریستیان لەناو بارەگاکانی بەرەی تورکمانی لەتەلەعفەردا گرت.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-12-03 ئیبراهیم جەعفەریی جێگری سەرۆك کۆماری کاتیی ئێراق لەتورکیا ڕایگەیاند، کەئێراق تا ساڵی 2006 ئامادەنییەهیچ هەنگاوێك لەدژی پکك بنێت، هەروەها ئەوەشی دڵنیاکردەوەکەئامادەنین خاکی ئێراق ببێتەجێگای هێرشکردنەسەر دراوسێکانمان.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-12-03 پەنابەرانی کورد لەنەرویژ خۆپیشاندانێکیان سازدا و ئامانجی ئەم خۆپیشاندانەنارەزایی بوو بەرامبەر دەستەڵاتی نەرویژی بۆ نەدانی مافی پەنابەری بەژمارەیەکی زۆری کورد لەو وڵاتەدا.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-03 کۆمەڵەی خوێندکارانی سەربەیەکێتی ڕایگەیاند کەئەمساڵ بەشداری ناکات لەهەڵبژاردنی خوێندکاراندا لەهەولێر، ئەگەر ئەو سەرپێچییانەی ساڵی پار دووبارەببێتەوەو یەکێتیی قوتابیانی پارتیش دەبێت داوای لێبووردن لەمان بکات.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-03 لەبەرلین هەوڵی کوشتنی ئەیاد عەلـلاویی سەرۆك وەزیرانی ئێراقی درا، بەڵام هەوڵەکەسەرکەوتوو نەبوو. پاشتر هەندێك سەرچاوەباس لەوەدەکەن کەمەلا کرێکار دەستی لەم کارەدا ببێت.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-12-03 تیرۆریستەعەرەبەکانی موسڵ هاوڵاتییەکی کوردیان بەناوی عەبدولسەلام ئەحمەدەوەڕفاند، نێوبراو تەمەنی 35 ساڵە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-03 جۆزیف بۆریلی سەرۆکی پەرڵەمانی ئەوروپا لەگەڵ تەیب ئەردۆغانی سەرۆك وەزیرانی

داگیرکەری تورکدا کۆبووەوەو لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆی پەرلەمانی ئەوروپا وشەی کوردستانی بەکارهێنا و بووەهۆی تووڕەبوونی ئەردۆغان. جۆزیف پاشان ڕایگەیاند کەدەیەوێت سەردانی دیاربەکر بکات و چاویشی بەخاتوو لەیلا زانا بکەوێت.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-12-03 تیرۆریستەعەرەبەکان ئوتومبیلێکی مینرێژکراویان لەنزیك کامپی ئەلکەرامەی پەنابەرانی کوردی خۆرهەلات تەقاندەوەو بووەهۆی دروستکردنی پشێوییەکی زۆر لەو کامپەدا، بەڵام هیچ زیانێکی گیانی و ماڵیی لێنەکەوتەوە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-12-04 بەستنی ڤیستیڤاڵی 8ەمی گەلاوێژ لەسلێمانی، لەم ڤیستیڤاڵەدا نزیکەی 160 ئەدیبی کورد بەشداریی کرد کەهەندێکیان لەخۆرهەلاتی کوردستانەوەهاتبوون.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-04 کۆمەڵی ئیسلامی ڕایگەیاند: پارتی و یەکێتی ئێمەیان لەلیستی هاوبەشی پارتەکوردستانییەکان کرددەرەوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-04 لەکاتی کۆبوونەوەیەکی ڕۆژنامەنووسیی سەرۆکی پەرلەمانی ئەوروپا جۆزیف بۆریلی لەتورکیا و ڕاگەیاندنی ئەوەی کەدەوێت بچێتەدیاربەکر و شارەکوردییەکانی تر، ڕەمەزان بەقاڵی سەرۆکی دەستەی باڵای ڕێکخراوەمەدەنییەکانی تورکیا چەندین قسەی ناشرینی بەسەرۆکی پەرلەمانی ئەوروپا گووت و بەوەش وازی نەهێنا کەوتەلێدانی کارمەندانی ئەو هۆتێلەی کەکۆبوونەوەکەی تێدا دەکرا.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-04 کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك لەسەر کێشەی بلاوکردنەوەی کتێبی تورکی بەتیپی لاتینی بەسەر قوتابخانەکانی کەرکوکدا لەلایەن بەرەی تورکمانییەوە، کۆبوونەوەکەبڕیاریدا ئەم کێشەیەبخاتەبەر باس و لێکۆڵینەوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-04 هێرشێکی تیرۆریستی بۆسەر کاروانێکی پێشمەرگەی یەنك لەشاری موسڵ و بووەهۆی کوژرانی 18 پێشمەرگەو بریندار‌بوونی 12ی تر. ئەم هێرشەپاشتر گروپی زەرقاویی تیرۆریست بەرپرسیارێتیی خۆیی بەرامبەر ڕاگەیاند.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-12-04 لەدهۆك بەتەقاندنەوەی بڕێك تی ئێن تی هەوڵی تیرۆرکردنی نێچیرڤان ئەحمەدی پارێزگاری دهۆك درا، بەڵام هەوڵەسەرکەوتوو نەبوو و هیچ زیانێکی گیانیی لێنەکەوتەوە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-12-05 حیزبی زەحمەتکێشان ڕایگەیاند: لەگەڵ کۆمەڵێك خەڵکی سەربەخۆدا بەلیستێکی جیا بەشداریی هەڵبژاردن دەکەن.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-05 مەحموود ئیبراهیم کەکوردێکی شەبەکی تەمەن 50 ساڵەیەلەلایەن عەرەبەتیرۆریستەکانەوەلەشارۆچکەی بەرتەلەفرێندرا.

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-05 بەبۆنەی تیرۆرکردنی 18 پێشمەرگەی یەکێتی لەلایەن تیرۆریستەعەرەبەکانەوەلەموسڵ، مەسعود بارزانی بروسکەیەکی ماتەمینیی بۆ جەلال تاڵەبانی نارد.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-05 بەپێی ئامارێکی لیژنەی لاوانی شەنگار لەماوەی مانگی ڕابردووەوەتا ئەمڕۆ 30 کوردی ناوچەی شەنگار لەلایەن عەرەبەتیرۆریستەکان کوژراوەو خەڵکی ئەو ناوچانەناچاربوون زۆر بەکەمی هاتووچۆی موسڵ بکەن.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-06 لەهۆڵی میدیای هەولێر کۆڕێکی ڕێزلێنان بۆ هونەرمەند باکووری سازکرا. هونەرمەند لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەولێرەوەخەڵات کرا.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-06 سەرۆکی پەرڵەمانی ئەوروپا سەردانی دیاربەکری کرد و لەگەڵ والیی دیاربەکردا کۆبووەوەو ڕایگەیاند کەزۆر خۆشحاڵ بووەتوانیویەتی شوورەی دیاربەکر ببینێت و هیوای ئەوەی خواستووەکەئەم شوورەیەببێتەشوێنێکی گەشتوگوزاریی گرنگ بۆ ئەوروپییەکان. پاشان سەرۆکی پەرڵەمان بەزمانی کوردی سوپاسی والیی دیاربەکری کرد.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-06 ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك بەزۆرینەی 22 دەنگ لە32 دەنگ بڕیاری دواخستنی پرۆسەی هەڵبژاردنی لەکەرکوکدادا تاوەکو مادەی 58 دەستووری ئێراق دەچەسپێت و ئاوارەکوردەکان دەگەڕێنەوەو عەرەبەکانیش دەکرێنەدەرەوە. شایانی باسەلەم کۆبوونەوەیەدا تورکمانەکان و نوێنەری عەرەبەتەعریبەکان چوونەدەرەوەو بەشدارییان لەم دەنگدانەدا نەکرد.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-06 هێزەکانی ئاساییشی داگیرکەری ئێرانی لاوێکیان بەناوی خالید سۆفی عەبدولی لەناوچەی دار پیرخانمی شاری بانەدا تیرۆرکرد.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-06 ئەمڕۆ و دوێنێ: چەند هێرشێکی تیرۆریستی کرایەسەر بارەگاکانی یەکێتی و پارتی لەموسڵ، بەڵام هیچ زیانێکی ماڵیی لێنەکەوتەوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-06 کوردی فەیلی و شەبەك لەلیستی عەرەبەشیعەکاندا بەشداریی هەڵبژاردن دەکەن.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-06 خاتەمی وتارێکی بۆ خوێندکارانی زانکۆی تاران دا و خوێندکارانیش دەنگی ناڕەزاییان بەرزکردەوەو بووەخۆپیشاندان. شایانی باسەخوێندکاران هەر سووربوون لەسەر داواکاریی خۆیان و خاتەمیش بەبێ ئەوەی هیچ خۆی تێك بدات وتارەکەی خۆیی خوێندەوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-07 پۆلیسی هۆڵەندی ڕایگەیاند کەدوێنێ تاوانبار فرانس فان ئانراتی لەشاری ئامستەردام

دەستگیر کردووە، نێوبراو یەکێك بووەلەو هۆڵندییانەی کەلەساڵانی هەشتاکاندا هەزاران تۆن گازی کیمیاویی بەسەددام فرۆشتووە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-12-07 تیرۆریستەعەرەبەکان لەشاری موسڵ 2 کڵێسەی دیانەکانیان تەقاندەوەو چەند کەسێکیش بریندار بوون. شایانی باسەلەمساڵەدا دەیان کڵێسەلەشاری موسڵدا کەوتەبەر هێرشی تیرۆریستان.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-07 سیامەند بەنا لەهۆڵندا وەك باڵوێزی ئێراق دەستبەکاربوو.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-08 بەپێی ئامارێك کەڕۆژنامەی هاوڵاتی بڵاویکردەوە، ژمارەی دەنگدەرانی عەرەب لەکەرکوکدا 440 هەزارەو ژمارەی دەنگدەرانی کورد 370 هەزار کەسەو تورکمانەکانیش 104 هەزار دەنگدەریان هەیەو ئاشوریش 10 هەزار.
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی کوردی: هاوڵاتی - 08-12-2004.

2004-12-08 د.ا کوردێکی لەناوچەی مەهاباد بەناوی کەمال پەرویزنیاوەتیرۆرکرد. نێوبراو یەکێك لەکاسبکارەکانی ناوچەکەو لەلایەن پاسدارانەوەتەقەی لێکرا و پاشان لەنەخۆشخانەی بۆکان کۆچی دوایی کرد.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-08 نزیکەی 185 پەنابەری کوردی خۆرهەڵات کەماوەیەك بوو لەسنووری ئێراق و ئوردون بوون و ساڵانێکیش بوو لەکەمپی ئاڵتاشی شاری ڕوومادی بوون لەلایەن سویدەوەمافی پەنابەرییان پێدرا و برانەسوید.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-08 سەردانی سەرۆکی کۆریا روا مۆ هیۆن بۆ هەولێر و تێیدا هێزەکانی وڵاتەکەیی بەسەر کردەوەو سەردانی نەخۆشخانەی زەیتونی کرد و پاشان گەڕایەوەبۆ سیئۆل، شایانی باسەنێوبراو هیچ بەرپرسێکی کوردی نەبینی. ئەمەیەکەم سەردانی سەرۆکێکی بێگانەیەبۆ باشووری کوردستان.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-08 پارت و ڕێکخراوەکانی کورد لەسنووری پارێزگای دیالەلەسەر پێکهێنانی لیستێکی هاوبەش بۆ هەڵبژاردن ڕێکنەکەوتن.
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی کوردی: هاوڵاتی - 08-12-2004.

2004-12-08 عەرەبەتیرۆریستەکان لەموسڵ تەقەیان لەبارەگای ینك کرد و لەئەنجامدا ئەندامێکی ینك بەسەختی برینداربوو.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-08 هێزێکی پکك لەسەر سنووری سەردەشت پەلاماری هێزەکانی ئێرانیاندا و لەئەنجامدا 3 سەرباز بریندار بوون.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-09 دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپی جارێکی تر داگیرکەری تورکی بەوەتاوانبار کردەوەکەپێشێلی ئازادیی ڕادەربڕینی کردووە.

سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-12-10 دۆزینەوەی تەرمی غازی سەلیم مزووری بەسەربڕدراوی لەموسڵ، نێوبراو پێش چەند ڕۆژێك لەلایەن تیرۆریستەعەرەبەکانەوەلەگەڵ کوڕەکەیدا ڕفێندرا بوو.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-10 تیرۆریستەعەرەبەکان هاوەنێکیان گرتەگەڕەکی قودسی کوردنشین لەموسڵ و بووەهۆی کوژرانی منداڵێك بەناوی عومەر بیلال و بریندارکردنی چەند کەسێکی تر.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-10 هێرشێکی پکك بۆسەر هێزەکانی د.ا. بەڵام د.ا هیچ زیانێکی خۆیی لەم هێرشەدا ئاشکرا نەکرد.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-10 دامەزراندنی کانونی نووسەرانی خۆرهەلاتی کوردستان لەنەرویژ.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-11 دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ لەنزیك پردی دەباشانی شاری سلێمانی.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-11 لەدوانزەهەمین پاڵەوانێتی نێودەولەتی کاراتی کاسی (ئۆدن ڤاڵد) لەسەر ئاستی ئەوروپا کەلەهۆڵی (ڤیشنتستال هالە)ی شاری (مۆیرلن باخ) لەئەڵمانیا کەساڵانەساز دەدرێت، کیژۆڵەی کوردی تەمەن 10 ساڵ کەناوی (ساڤین تاریق فەقێ عەبدولا)یەتوانی لەهونەری شاکردن (کیهۆن ئیپۆن کومیتی) مەدالیای برۆنزی (پلەی سێیەم)ی پاڵەوانێتیەکەبەدەست بهێنێت، کەئەمەش بۆ یەکەم جارەلەپاڵەوانێتیەکی ئاوا نێودەولەتیدا و لەسەر ئاستی ئەوروپا کەتێکای یانەناسراوەپلەیەکەکانی جۆدۆ و کاراتی بەشداری تێدا دەکەن، منداڵێکی کورد بتوانێت یەکێك لەمەدالیاکانی ئەم پاڵەوانێتیەبەدەست بهێنێت.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-12 کۆچی دوایی د. کەمال خۆشناو لەئامریکا بەنەخۆشییەکی کوشندە. نێوبراو ئەندامی سەرکردایەتیی ینك بوو و یەکێك بوو لەپێشمەرگەسەرەتاییەکان. هەروەها یەکێکیش بوو لەدامەزرێنەرانی زانکۆی سلێمانی لەساڵی 1968 و دووبارەدروستکردنەوەشی لەساڵی 1992دا.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-12 هەردوو بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری ئۆجاغی تورکمانی لەلیستی کوردستان بۆ هەڵبژاردن کشانەوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-12 لەهەولێر هەوڵی تیرۆرکردنی ئەمین نەجاری بەرپرسی لکی 16ی پارتی درا بەتەقاندنەوەی ئوتومبیلێکی مینکراو لەسەر ڕێگای گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە، ئەم تەقینەوەیەبووەهۆی بریندابوونی 2 هاوڵاتی و زیانی ماڵیی کەم. شایانی باسەئوتومبیلەکەژمارەی موسڵی پێوەبوو.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-12-13 تیرۆرکردنی ئەندازیار محەمەد کەریم لەموسڵ لەلایەن تیرۆریستەعەرەبەکانەوە، نێوبراو بەڵێندەرێکی کوردی زاخۆ بوو و لەموسڵ کاریدەکرد. هەر لەم ڕووداوەشدا خێزانەکەی بریندارببوو.

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-12-13 كوژرانی هاوسەر و كچی عەبدولسەلام عارفی سەرۆك كۆماری پێشووی داگیركەری ئێراق لەبەغداد.
سەرچاوەی 1, تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

2004-12-13 ڕێكخراوی UNHCRی سەربەنەتەوەیەكگرتووەكان داوای لەوڵاتان كرد كەمافی پەناهاندەیی بدەنەئەو سەدان كوردەی خۆرهەڵات كەماوەیەكەلەسەر سنووری ئێراق و ئوردونن و هەمیشەش لەبەردەم هێرشی تیرۆریستانەی عەرەبەكاندان.
سەرچاوەی 1, تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

2004-12-13 بزووتنەوەی دیموكراسیخوازانی كوردستان بڕیاریدا بەلیستێكی سەربەخۆ بەشداریی هەڵبژاردن بكات.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-12-13 تیرۆركردنی گۆران حسێن لەكەركوك لەلایەن تیرۆریستەعەرەبەكانەوە، نێوبراو وەرگێڕێكی كورد بوو و لەگەڵ هێزەكانی ئامریكادا كاریدەكرد.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-12-13 كۆبوونەوەی هەردوو سەركردایەتیی یەكێتیی نەتەوەیی دیموكراتی كوردستان - یەندەك و پارتی وڵاتپارێزانی دیموكراتی كوردستان لەهەولێر. لەكۆبوونەوەكەدا فەرهاد ئوجەلان ڕایگەیاند كەهەوڵی تیرۆركردنی غەفور مەخمووریی سكرتێری یەندەك لەلایەن پكك هەڵەیەكی گەورەبوو.
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی كوردی: میدیا - ژمارە 176 - 15-12-2004. لاپەڕە: 1

2004-12-13 پارتی كاری سەربەخۆی كوردستان لیستی سەربەخۆی خۆیی بۆ هەڵبژاردن ڕاگەیاند. بەڵام بەشداری لەهەڵبژاردنی كەركوكدا ناكات تاوەكو مادەی 58ی دەستووری كاتیی ئێراق پیادەنەكرێت.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-12-13 ئەنسارولئیسلام بەرپرسیارێتیی تەقینەوەی ئەو ئوتومبیلەی گرتەئەستۆ كەڕۆژی 12-12 لەسەر شەقامی 100 مەتریی هەولێر تەقییەوەو بووەهۆی برینداربوونی 2 كەس.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-12-14 ئەیاد عەلـلاویی سەرۆك وەزیرانی ئێراق ڕایگەیاند كە50 ملیۆن دۆلار بۆ بووژاندنەوەی شاری كەركوك تەرخان كراوەو ئەوەشی ڕاگەیاند كەلەگەڵ مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانیدا كۆدەبێتەوەبۆ چارەسەركردنی كێشەكانی ئەم شارە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-12-14 لەشاری هەولێر ڤیستیڤاڵێكی گەورەی گۆرانی و موزیكی كوردی دەستپێكرد. ئەم ڤیستیڤاڵەچەند ڕۆژێك دەخایەنێت و چەندین تیپی هەموو بەشەكانی كوردستان بەشداریی تێدادەكەن، لەوانەتیپەكانی كامگاران و عەندەلیبی.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-12-14 بزووتنەوەی میلـلیی كوردستان بڕیاریدا بچێتەناو پارتییەوەو پارتیش بەمەڕازی بوو. شایانی باسەئەم بزووتنەوەیەلە03-12ی ئەم مانگەدا كۆنگرەیەكیان بەست بۆ ئەوەی بچنەناو پارتییەوە.

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-14 شاندێکی کوردسات لەهەولێر ویستی وێنەی فیستیڤاڵی گۆرانی و موزیکی کوردی بگرێت، بەڵام لەلایەن پارتییەوەڕێیان پێنەدرا بچنەهۆڵی فیستیڤاڵەکەوە، چونکەوێنەگرتن تەنها بۆ کەناڵی کوردستان تی ڤی بوو.

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-15 سەردانی وەفدێکی ڕووسی بۆ سلێمانی و بینی جەلال تاڵەبانی. سەرچاوەکانی ینك ئەوەیان ڕاگەیاند کەڕووسیا دەیەوێت کونسوڵخانەیەك لەسلێمانی بکاتەوە.

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-15 فیلمی کیسەڵەکانیش دەفڕن بۆ یەکەمجار لەشاری هەولێر پیشاندرا و هونەرمەند بەهمەنی قوبادی لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەولێرەوەخەڵاتکرا.

سەرچاوەی 1, تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدك Kurdistan TV

2004-12-15 جۆرج بوشی سەرۆکی ئامریکا هەڕەشەی لەهەردوو داگیرکەری ئێران و سووریا کرد کەدەستنەخەنەکاروباری ئێراقەوە.

سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-12-16 ئەیاد عەللاویی سەرۆك وەزیرانی ئێراقی ڕایگەیاند کەئێراق دەوڵەتێکی عەرەبیی ئیسلامییەو هەر بەو شێوەیەش دەمێنێتەوە.

سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-12-16 خۆپیشاندانی فراوانی خەڵکی کەرکوك بۆ جێبەجێکردنی مادەی 58ی دەستووری کاتیی ئێراق و گەڕانەوەی ئەو کوردانەی کەداگیرکەری بەعس لەکەرکوك دەریکردوون.

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-17 کەناڵی 3ی تەلەڤزیۆنی هۆڵندی لەڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاند کەتاوانبار فرانس فان ئانرات ماوەیەك لەلایەن دەزگای هەواڵدەریی هۆڵندییەوەلەشوێنێکی ئەمیندا پارێزراوە، بەڵام وەزارەتی ناوخۆی هۆڵندا هیچ لێدوانێکی فەرمیی لەم بارەیەوەنەداوە. نێوبراو بەوەتاوانبارەکەلەهەشتاکاندا هەزاران تۆن گازی ژەهراویی بۆ داگیرکەری ئێراقی وەدەستهێناوە.

سەرچاوەی 1, تەلەڤزیۆنی هۆڵندی: NL3

2004-12-17 بەبەشداریی زانکۆی باشووری دانیمارك و سەنتەری ئۆلۆف پاڵمەلەسوید و بەشداریی حکومەتی هەولێر، کۆنفرانسێکی فراوان بۆ ژینۆساید لەسوید بەسترا.

سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-12-17 تیرۆریستەعەرەبەکان موشەکێکی کاتووشایان نا بەماڵێکی کوردەوەو کەتازەگەڕابوونەوەکەرکوك و بووەهۆی کوژرانی 3 هاوڵاتی و برینداربوونی منداڵێکی تەمەن 10 ساڵە.

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-17 کوژرانی 4 پاسەوانی باڵوێزخانەی تورك لەبەغدا، ئەمانەلەکاتی گەڕانەوەیان لەبەغداوەبۆ تورکیا لەموسڵ کەوتنەبەر هێرشی چەند چەکدارێکی تیرۆریستی عەرەب و پاش کوژرانیان سەریان لەلەشیان جیاکردنەوە.

سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-12-18 ‏ ‏ فیستیڤاڵی گۆرانیی فۆلکلۆری کوردی لەشاری سنەبەڕێوەچوو. لەم فیستیڤاڵەدا 11 تیپی موزیك بەشداریی تێداکرد.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-18 ‏ ‏ دەستپێکردنی دادگاییکردنی تاوانباران عەلی حەسەن مەجید و سوڵتان هاشم ئەحمەدی وەزیری پێشووی بەرگریی داگیرکەری ئێراق.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-12-18 ‏ ‏ دۆزینەوەی تەرمی سەید تەها برادۆستی لەموسڵ، نێوبراو پێش چەند ڕۆژێك لەلایەن تیرۆریستەعەرەبەکانەوەفرێندرابوو.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-18 ‏ ‏ تیرۆرکردنی محەمەد عەدنان عەزیز ئاغای تەمەن 22 ساڵەلەموسڵ لەلایەن تیرۆریستەعەرەبەکانەوە. نێوبراو خەڵکی شێخان بوو.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-18 ‏ ‏ ئەحمەد عەسکەریی ئەندامی ئەنجوومەنی کەرکوك ڕایگەیاند کەئۆفیسی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی کەرکوك بێلایەن نییەو نزیکەی 70 هەزار کوردی لەدەنگدان بێبەش کردووە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-19 ‏ ‏ د. ڕۆژ نوری شاوەیسی جێگری سەرۆك کۆماری ئێراق لەکەرکوك ڕایگەیاند: ئەگەر کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن، هەڵبژاردن لەکەرکوك دوانەخات، ئەوا هێزەسیاسییەکان مافی خۆیانەهەر هەڵوێستێك وەربگرن.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-19 ‏ ‏ تەرمی د. کەمال خۆشناو لەئامریکاوەگەیشتەسلێمانی.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-19 ‏ ‏ تیرۆرکردنی عەبدوللەتیف حسێن لەموسڵ لەلایەن تیرۆریستەعەرەبەکانەوە. نێوبراو شەبەك بوو و ئەندامی ینك بوو.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-19 ‏ ‏ تیرۆرکردنی 4 کورد لەشاری حەویجەلەلایەن تیرۆریستەعەرەبەکانەوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-19 ‏ ‏ لەڕێوڕەسمێکدا لەپاریس نازناوی هاوشاریی فەخری درایەلەیلا زانا و شەقامێکی ئەو شارەش بەناوی ئەوەوەناونرا. شایانی باسەئەو شەقامەلەساڵی 1995وەبڕیار درابوو کەبکرێت بەناوی لەیلا زاناوە، بەڵام ئەنجوومەنی شارەوانیی پاریس چاوەڕوانی ئازادبوونی خاتوو لەیلا بوون تاوەکو خۆی بەشداری لەو ئاهەنگەدا بکات. ئەو شەقامەلەساڵانی نەوەدەکاندا هەردوو ڕۆنیا و ڕۆندکی نەوەی لەیلا زانای تێدا دەژیان.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-12-20 لەمەراسیمی ناشتنی ئەو 5 میتەتورکەی کەهەفتەی ڕابردوو لەموسڵ کوژران، ژێنەڕاڵ تۆڵۆن ڕایگەیاند کەئەمانەکورد کوشتوونی و هەڕەشەی تۆڵەکردنەوەی کرد.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-12-20 گروپی کورد لەئەنجوومەنی کەرکوك ڕایگەیاند کەبەرپرسانی حەویجەلەتیرۆرکردنی هاووڵاتیانی کورد بەرپرسیارن.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-20 لەناوچەی تۆبزاوای نزیك کەرکوك گۆڕێکی بەکۆمەڵ دۆزرایەوە، ئەم گۆڕەنزیکەی 50 کوردی تێدایەو لەساڵی 1991دا داگیرکەری ئێراقی لێرەدا ئەنفالی کردوون. شایانی باسەنزیکەی 20 تەرمی ئەم گۆڕەبەکۆمەڵەناسراوەو کەسوکاریان بردوویاننەتەوەو لەشوێنی خۆیان ناشتوویانن.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-20 دۆزینەوەی تەرمی موهەنندەد ئەکرەم شاکیری کارمەندی تەلەڤزیۆنی کوردسات لەبەغداد، نێوبراو لە15-12دا لەلایەن تیرۆریستەعەرەبەکانەوەفرێندرا.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-20 نەتەوەیەکگرتووەکان بڕیارێکی دەربارەی ڕەوشی مافی مرۆڤ لەئێراندا دەرکرد. شایانی باسەئەم بڕیارەبەدەستپێشخەریی ولآتی کەنەدا بوو و لەدەنگداندا سەرکەوتنی بەدەستهێنا.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-12-21 دانیشتنێکی تری دادگاییکردنی نورییەکەسبیر لەهۆڵندا، بەڵام بڕیاری دادگا بۆ مانگی داهاتوو دواخرا.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-12-21 ڕفاندنی 2 هاوڵاتیی کورد لەموسڵ لەلایەن تیرۆریستەعەرەبەکانەوە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-21 تەقینەوەی بۆمبێك لەبنکەیەکی سەربازیی ئامریکی لەشاری موسڵ و بووەهۆی کوژرانی 15 سەرباز و 5 بەڵێندەری ئەمریکی و 2 کەسی سەر بەهێزەکانی ئاسایشی عێراق بوون. هەر لەو هێرشەدا 66 کەس بریندار بوون کە42 کەسیان سەربازی ئەمریکی بوون و 10ی دیکەیان بەڵێندەری ئەمریکی بوون و یەکێکیان سەر بەهێزەکانی ئاسایشی عێراق بووەو 13ی دیکەشیان خەڵکی سیڤیلی ئێراقی بوون. شایانی باسەگروپی تیرۆریستی ئەنسارولسوننەبەرپرسیارێتیی خۆیی بەرامبەر بەم کارەڕاگەیاند.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-12-21 یونادم یوسف کەنای سەرۆکی بزووتنەوەی دیموکراتیی ئاشووری ڕایگەیاند: بێ گەڕانەوەی ئاوارەکان و لابردنی سیاسەتەچەوتەکانی بەعس لەکەرکوکدا هەڵبژاردن کارێکی ئەستەمە.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-22 نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان لەنیۆرك چاوی کەوت بەشاندی بەرەو ڕیفراندۆم و نزیکەی 2 ملیۆن ئیمزایان پێشکەشی ئەو ڕێکخراوەکرد، شاندەکەبریتی بوو لەهەڵکەوت عەبدوڵا، فەوزی ئەتروشی، لوقمان محەمەد، د.نەجمەدین کەریم، کەمال میراودەلی، ئەردەشیر ڕەشیدی و د. سامان شاڵی.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-22 فیلمی کیسەڵەکانیش دەفڕن لەسینەمای سیروانی شاری سلێمانی لەنمایشێکی تایبەتیدا پیشاندرا و هونەرمەند بەهمەنی قوبادی و چەند ئەکتەرێکی فیلمەکەلەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیریی سلێمانییەوەخەڵاتکران.

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-22 سەردانی ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرەك وەزیرانی تورك بۆ سووریا، شایانی باسەتەوەری کۆبوونەوەی ئەم دوو داگیرکەرەلەسەر هەرێمی فیدڕاڵیی باشووری کوردستان و چالاکییەکانی پکك یە.

سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-12-22 دەستبەکاربوونی پرۆژەی ئینیستیتوتی کەلەپووریی کورد لەسلێمانی.

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-22 هەڵکەوت عەبدوڵڵا و فەوزی ئەتروشی و 5 ئەندامی تری بزووتنەوەی ڕیفراندۆم لەنیۆرك 2 ملیۆن ئیمزای کوردیان پێشکەشی نەتەوەیەکگرتووەکان کرد.

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-22 خۆپیشاندانێك لەکەرکوك بۆ ناڕەزایی لەدژی تیرۆرکردنی ئەو 4 لاوەی کەهەفتەی ڕابردوو لەشارۆچکەی حەویجە.

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-23 هێزەکانی کۆریا لەباشووری کوردستاندا کەوتنەئامادەباشییەوە، ئەم هێزانەترسی بەرەنگاربوونەوەی کاری تیرۆریستییان هەیەو لەلایەن حکومەتی کوردستانەوەئاگاداری ئەگەری هێرشی تیرۆریستی کراونەتەوە.

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-23 یەحیا عاسی حەدیدیی سەرۆکی لیژنەی باڵای هەڵبژاردنی کەرکوك لەژێر فشاری کوردا دەستی لەکارکێشایەوە، نێوبراو هەمیشەلەهەوڵی ئەوەدابوو کەکورد پشکی کەمی لەهەڵبژاردنەکاندا بەربکەوێت و خەڵکانێکی زۆریش بێبەشبن لێی.

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-23 ئامریکییەکان لەگەڕەکی ڕەحیماوای کەرکوك ئاڵایەکی گەورەی کوردستانیان ڕەشکردەوە، ئەم ئاڵایەلەلایەن یەکێتیی قوتابیانی پارتییەوەدروستکرابوو. ئەم کردەوەیەکی ئامریکا بووەهۆی تووڕەیی خەڵکی کورد.

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-24 تیرۆریستەعەرەبەکان لەسەلمان پاك 3 ئەندامی یەکێتییان فڕاند و یەکێکیشیان بریندارکرد، ئەو 3 ئەندامەی ینك ئەندازیاری ئەشغال بوون و ئەمانەناوەکانیانە: ئازاد ڕەزا، فەرهاد کامەران و سەردار مەحموود.

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-24 دەستگیرکردنی 2 تیرۆریستی عەرەب بەناوی عەبد ئەحمەد حەسەن و عەلی خەڵەف ساڵح لەشاری کەرکوك، ئەمانەبەپێی لێدوانێکی پۆلیس دەستیان هەبووەلەتیرۆرکردنی ئەو 4 کوردەی کەپێش چەند ڕۆژێك لەحەویجەتیرۆرکران.

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-24 لەگوندی باخەکۆن تەرمی شێخەکانی نەقشبەندی جارێکی تر نێژرایەوە، شایانی باسەئەم تەرمانەکاتی خۆی لەلایەن تیرۆریستانەوەلەباخەکۆنەوەبۆ شوێنێکی نەزانراو گوێزرانەوەو مەرقەدی شێخ حیسامەدینی نەقشبەندیشیان تێکدا. بەڵام لەم دواییەدا ئاسایشی ینك لەخورماڵ لەماڵی تیرۆریستێکدا ئەو تەرمانەی دۆزییەوە.

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-24 سەرۆك وەزیرانی داگیرکەری تورك ڕەجەب ئەردۆغان نیگەرانیی خۆی بۆ ئەوەدەربڕی کەشاندەئەوروپییەکان بەردەوام سەردانی شاری دیاربەکر دەکەن و ناچنەناوچەتورکییەکان، هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاند کەسەردانیان بۆ ناوچەی دیاربەکر تەنها هەڵوێستێکی سیاسییەدژی تورك.

سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-12-25 تیرۆرکردنی شوکری ئیبراهیم لەموسڵ لەلایەن تیرۆریستەعەرەبەکانەوە، نێوبراو تەمەنی 51 ساڵ بوو و ئەندامی پارتی بوو.

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-12-25 ژمارەیەك لەتورکمانەکانی کەرکوك لەڕێپێوانێکدا پرۆتستۆی کورد کوشتنیان کرد لەلایەن تیرۆریستەعەرەبەکانەوەو داوای جێبەجێکردنی مادەی 58ی دەستووری کاتیی ئێراقییان کرد پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەشاری کەرکوکدا.

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-25 دەستپێکردنی خوێندن لەزانکۆی ئایندەی تایبەتدا لەشاری سلێمانی، شایانی باسەئەم زانکۆیە3 کۆلیژی تێدایە، ئەندازیاری، یاسا و پزیشکی.

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-26 کۆبوونەوەی جیمس جێفریی نوێنەری تایبەتیی جۆرج بوش لەگەڵ جەلال تاڵەبانیدا بۆ دۆزینەوەی چارەیەك بۆ هەڵبژاردنەکانی کەرکوك نێوبراو لەزمانی بوشەوەڕایگەیاند کە خۆشحاڵەبەهاوپەیمانێتیی پارتی و ینك لەهەڵبژاردندا.

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-26 دامەزراندنی بزووتنەوەی نا بۆ هەڵبژاردنەکانی ئێراق.

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی کوردستان نێت http://www.kurdistannet.org

2004-12-26 مۆزەخانەی شارستانیی هەولێر لەلایەن چەند نەناسراوێکەوەتاڵانکرا.

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-26 دەزگای ئاراس لەهەولێر لەهۆڵی شیراتۆن و بەئامادەبوونی نێچیرڤان بارزانی خەڵاتی ئەم نووسەرانەی کرد: دکتۆر مارف خەزنەدار، ئەحلام مەنسور، حەمەسەعید حەسەن، فەلەکەدین کاکەیی و د. مونزر ئەلفەزل.

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-26 ئاشکراکردنی لیستەی هاوپەیمانیی کوردستان بۆ پەرلەمانی ئێراقی و ئەمانەناوەکانیانە: 1. جەلال حیسامەددین محەمەد تاڵەبانی (سلێمانی) 2. ڕۆژ نوری سدیق شاوێس (سلێمانی) 3. نەسرین مستەفا سدیق (دهۆك) 4. مەحمود عەلی عوسمان (سلێمانی) 5. فوئاد مەعسوم خدر (هەولێر) 6. کەمیلا ئیبراهیم

ئەحمەد (دهوك) 7. بەرهەم ئەحمەد ساڵح (سلێمانی) 8. هوشیار مەحمود محەمەد (دهۆك) 9. نێرگز محەمەد ئەمین (هەولێر) 10. عارف تەیفور عارف (سلێمانی) 11. فەرەیدون عەبدولقادر فەرەج (سلێمانی) 12. ویداد حەمەغەریب فەرەج (کەرکوك) 13. حوسێن محەمەد تەها (هەولێر) 14. فەرهاد عوسمان عەونی (هەولێر) 15. ئالا نووری رەشید (کەرکوك) 16. سەعدون یەدوللا شنێ (خانەقین) 17. سالار عیسمەت سەعید (دهۆك) 18. کوردەئەحمەد تەقی (سلێمانی) 19. سەعدی ئیسماعیل عەبدولکەریم (هەولێر) 20. خسرەو محەمەد سەعید (سلێمانی) 21. شلێر رەشید محەمەد ئەمین (کەرکوك) 22. نەهرۆ سەعید سۆفی (هەولێر) 23. رەئوف عوسمان ( سلێمانی) 24. زەهرەحاجی تەها (دهۆك) 25. دانا مستەفا محەمەد (هەولێر) 26. دارا نورەددین بەهادین (دهۆك) 27. هەیفا ئەلماس (بەغدا) 28. نەوزاد ساڵح رەفعەت 29. ئیسماعیل رەجەب ئەحمەد 30. رۆژیدەعەبدولقادر شەریف (هەولێر) 31. دیندار نەجمان شەفیق (دهۆك) 32. ئەحمەد وەهاب مەجید (هەولێر) 33. پاکیزەمستەفا ئەحمەد 34. وەلید ساڵح محەمەد 35. سامی ئەحمەد عەلی (هەولێر) 36. ئینتیسار بەکر ساڵح (هەولێر) 37. یەشار محەمەد شاکر 38. دڵشاد بەکر مەولود 39. منیرەعەبدول 40. سەردار ئەنوەر سلێمان (هەولێر) 41. کورئیل ئیشۆ خامس (دهۆك) 42. ئەزهار رەمەزان عەبدولڕەحیم (بەغدا) 43. سەلیم بترس ئەلیاس 44. ئەبلحەد ئەفرام ساوا (دهۆك) 45. جاکلین قوسن زومایا 46. فازڵ حەیدەر کاکەئەحمەد (سلێمانی) 47. ئیبراهیم جەلال مەجید (دهۆك) 48. ئەسمەر حوسێن ئەحمەد (سلێمانی) 49. کامەران خەیری سەعید (دهۆك) 50. عادل ناسر حاجی (دهۆك) 51. نازلین حوسێن فەیزوللا (بەغدا) 52. فارس ناسر (موسڵ) 53. فەرەج میرزا لەتیف (بەغدا) 54. سوهەیلەجەعفەر (بەغدا) 55. حەیدەر قاسم شەشۆ (موسڵ) 56. ئەحمەد ئیبراهیم فارس 57. قسمەت هادی بەهرام 58. عەبدولخالق محەمەد رەشید (هەولێر) 59. سەرتیپ محەمەمد حوسێن (کەرکوك) 60. نەرمین سدیق مەعروف (هەولێر) 61. عومران یاوەر قادر (دیالە) 62. تەڵعەت محەمەد عەلی 63. د.پیرۆز کاکەزیاد حەمەئاغا (هەولێر) 64. فایەق ئەحمەد شەعبان (دهۆك) 65. مونزیر عەبدولحوسێن خەلیل ئەلفەزڵ (هەولێر) 66. فائیزەجەبار محەمەد باخان (بەغدا) 67. فریاد محەمەد فەقێ (هەولێر) 68. عومەر عەلی حوسێن 69. نەوال حوسێن دەروێش (دهۆك) 70. عادل تۆفیق رەشید (دهۆك) 71. موحسن سەعدون نوح (موسڵ) 72. د.ژیان ئەحمەد عەبدوللا (سلێمانی) 73. ئیسماعیل رەجەب ئەحمەد حەدیدی (کەرکوك) 74. فارس یونس گردەبرۆ (دهۆك) 75. ئەنهار محمەد سەعید (موسڵ) 76. عەبدولرەحمان عەلی محەمەد کوردە(هەولێر) 77. نەسروللا نەجمەددین سەیفەددین (بەغدا) 78. ویداد خاڵس رەشید قازی (هەولێر) 79. عەبدولمەجید عەبدولحەمید عەبدولعەزیز (کەرکوك) 80. بەهرام محەمەد ئەمین 81. سۆلاڤ عەبدوللا محەمەمد (کەرکوك) 82. مەحمود ئەسعەد فەتاح (هەولێر) 83. جەوهەر محێدین جیهانگیر (موسڵ) 84. مهاباد محەمەد ئەمین (سلێمانی) 85. فەیسەڵ کەریم خان مەحمود (هەولێر) 86. عەبدولباری محەمەد فارس (موسڵ) 87. ناسکەعەبدوللا رەسول (سلێمانی) 88. نامیق رەقیب محەمەد سورچی (موسڵ) 89. جوکو محەمەد کلحی (موسڵ) 90. شەرمین محەمەدبەگ خۆشناو 91. محێدین رەشید رەمەزان 92. عادل نووری محەمەد 93. بەیان ئەحمەد حەسەن 94. عەلی محەمەد کەریم 95. جەلال ئیبراهیم حەسەن 96. شلێر عەبدولمەجید رەشید (سلێمانی) 97. سەیفەددین نووری مەحمود (هەولێر) 98. موەفەق جەوهەر (کەرکوك) 99. پەیام ئەحمەد (دیالە) 100. سەید تاڵب سەید وەهاب (موسڵ) 101. شێرزاد عەزیز ئاغالی (هەولێر) 102. د.ژیان ئەنوەر رەشید (هەولێر) 103. عەبدولجەلیل رەزا فەیلی 104. عەدنان عەبدولکەریم فەیلی 105. ئیلهام سەعید حەمەئاغا (سلێمانی) 106. دەخیل سەیدۆ حەمۆ (موسڵ) 107. عەتۆ سلێمان خدر (موسڵ) 108. ڤیان سدیق مستەفا 109. زادوق ئادەم باوید (هەولێر) 110. پۆلس مەلەك خۆشابا 111. لەیلا سلێمان حەمەسوور (سلێمانی) 112. عەبدوللا کەریم سەعید (هەولێر) 113. محەمەد سدیق عەبدولعەزیز (سلێمانی) 114. بەدریەتۆفیق عەبدولڕەحیم (سلێمانی) 115. بایزید عەبدوللا 116. جەواد وادی سەعید 117. هودا ئەحمەد سەبری (دهۆك) 118. سەردار ئەنوەر رەشید (سلێمانی) 119. عومەر خدر حەمەد (هەولێر) 120. لانەمحەمەمەد عەلی حافز (سلێمانی) 121. عەلی رەئوف غەفور رەئوف (سلێمانی) 122. شەریف عەزیز سۆفی شەریف (سلێمانی) 123. خەدیجەخەدیدی بەخش 124. عەبدول لەتیف عەبدولمەجید گوڵی (کەرکوك) 125. فەوزی عەزیز میرزا (دهۆك) 126. نەرمین قادر مەحمود 127. فاروق سابیر محەمەد 128. حەبیب محەمەد دەروێش 129. نەورۆز عیززەددین قەرەمحەمەد (کەرکوك) 130. عیماد جەمیل قاسم (دهۆك) 131. د.فوئاد حەمەخورشید (بەغدا) 132. زێڕین ئەحمەد تەحسین 133. عەلی ئەمین مزوری 134. مستەفا عەرەب حەمەد حەسۆ 135. حەیات ئەحمەد عەبدولرەحیم (موسڵ) 136. د.عەلی حوسێن بلۆ (دهۆك) 137. د.جەعفەر حوسێن خدر (هەولێر)

138. سروەیونس محەمەمد (هەولێر) 139. یوسف ئەحمەد مستەفا (هەولێر) 140. ساڵح عەبدوڵلا مەحمود (کەرکوك) 141. گولیزار شەفیق عەبدوڵلا (هەولێر) 142. عەبد جوبرەئیل رزوقی (موسڵ) 143. نەوزاد نافیز جەلال (هەولێر) 144. لەیلا محەمەد غەریب (کەرکوك) 145. خدر ئەکبەر حەسەن (کەرکوك) 146. کامیل عەبدولڵا کاکەحەمە(کەرکوك) 147. لەیلا بایز مەحمود (کەرکوك) 148. لەتیف عەبدولقادر نەجمەددین (کەرکوك) 149. محەمەد عەبدولرەحمان نەجمەددین (کەرکوك) 150. منیرەئەبوبەکر مستەفا 151. بەشار ئیسماعیل ئەحمەد 152. عیسمەت ئەمین ناسر (دهۆك) 153. غەزالەمحەمەد (سلێمانی) 154. یەحیا بابەرەسوڵ عەبدولعەزیز 155. مەلا رەشید کوردۆ رەشید (هەولێر) 156. شیلان خسرەو تۆفیق 157. عەبدولرەحمان ئەمین گۆمەشین (هەولێر) 158. سمکۆ ئەسعەد ئەدهەم (سلێمانی) 159. زانا حەمەد ئەمین (هەولێر) 160. ئیبراهیم میرانی 161. عەبدولڵا رەزا عەبدولڵا رەسوڵ 162. سەبریەبابەکر ئەحمەد (سلێمانی) 163. نەزیرەئیسماعیل کەریم 164. عەرەب محەمەد ئەمین (سلێمانی) 165. عەبدولڵا محەمەد سەعید (دهۆك)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-26 کاروان عەبدوڵڵا، ئەندامی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم ڕایگەیاند کەبزووتنەوەکەلەرۆژی هەڵبژاردنی ئێراقدا لە30-01-2005 ڕیفراندۆم لەناوچەکوردییەکاندا سازدەدات.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-26 لەیلا زانا لەشاری ئامەد پارتەنوێیەکەی خۆیی ڕاگەیاند، پارتەکەناوی بزووتنەوەی کۆمەڵگەی دیموکراتییەو ئەمانەش ئەندامانی سەرکردایەتیین: لەیلا زانا، خەتیب دیجلە، ئۆرهان دۆغان، سەلیم ساداك، موراد بوزلاق، ئەحەد تورك، محەمەد عەباس ئۆغلو، سەنانیك ئۆنەر، فەرەیدون یازار، تونجەر باکرهان، ئەحمەد توران دەمیر، جەبار لایگارا و ئایسەل تۆغلوك و دۆغان ئەرباشی پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-12-26 تا 28-12: لەشاری هەڵەبجەڤیستیڤاڵی کورتەفیلمی کوردی ئەنجام دەدرێت. لەم ڤیستیڤاڵەدا نزیکەی 20 کورتەفیلم بەشداری دەکات و فیلمەکانیش لەهۆڵی ئەحمەد موختار جافدا پێشکەش دەکرێت.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-26 نێچیرڤان بارزانی ڕایگەیاند کەبەهیچ جۆرێك رازی نابین لە20% کەمتری بودجەی ئێراقمان بدرێتێ، ئەگەرنا ئەوا ڕەنگ بێت بڕیاری تر بدەین.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-12-27 سەرۆك وەزیرانی داگیرکەری سووری ڕایگەیاند کەدامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بۆ ئێمەتێپەڕاندنی هێڵی سوورە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-12-27 سەدان شۆفێر لەهەولێر خۆپیشاندانێکیان لەدژی بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین سازکرد.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-28 هێنری کیسنجەری وەزیری دەرەوەی پێشووی ئامریکا ڕایگەیاند کەئامریکا نابێت بەدامەزراندنی دەوڵەتێکی شیعەلەباشووری ئێراقدا ڕازی ببێت، ئەوەشی ڕاگەیاند کەپاش دامەزراندنی ئەو دەوڵەتەدەبێت ئێراق بەش بکرێت بۆ 3 دەوڵەت ئەوانیش کورد، سوننەو شیعەن.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-12-28 کچێکی عەبدولسەلام عارف لەئوردونەوەڕایگەیاند کەئامریکا و پێشمەرگەی کورد بوونەتەهۆی تیرۆرکردنی خوشکەکەیی و مێردەکەیی و کوڕەکەیان.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-12-28 لوید مایڵزی سەرۆکی هێزەکانی ئامریکا لەکەرکوك ڕایگەیاند کەنابێت لەکەرکوك ئاڵای هیچ نەتەوەیەك لەشوێنەگشتی و فەرمانگەفەڕمییەکاندا هەڵبدرێت.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-28 یەکەمین ڤیستیڤاڵی هونەری و ئەدەبیی سەنتەری لاوانی کوردستان - ینك لەکەرکوك.
سەرچاوەی 1, تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی ینك Kurd Sat

2004-12-29 ئاژانسی دەنگوباسی ئێراقی ڕایگەیاند: کوردەکان هاوولاتیانی خۆیان لەحەویجەدەکوژن بۆ ئەوەی بەرەو کەرکوك ڕابکەن و لەوێ دەنگی زۆرتر بهێنن لەهەڵبژاردندا.
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-29 دادگایەکی داگیرکەری سووری 15 کوردی بەتاوانی بەشداریکردن لەڕاپەڕینەکەی ئەمساڵدا دادگایی کرد. دادگاکەبڕیارەکانی خۆیی بۆ مانگی 02-2005 دواخست و پارێزەرانی ئەو زیندانییانەش ئەوەیان ڕاگەیاند کەباری تەندروستیی زیندانییەکان زۆر خراپە.
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن